# کوردستان وکۆماری ئیسلامی

## باسێک لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئێستای کوردستانی ئێران



**سەلام عەزیزی**

# کوردستان و کۆماری ئیسلامی

# کوردستان و کۆماری ئیسلامی

باسێک لەسەر
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێستای کوردستانی ئێران

**سەلام عەزیزی**



کوردستان و کۆماری ئیسلامی

نووسەر: سەید سەلام عەزیزی

پیتچن: عەلی لالە

چاپی دووهەم هەولێر ٢٠٢٠

ئەژمار: ١٠٠٠ دانە

## نێوەرۆک


بەر لە پێشەکی ........................................ ٩

پێشەکیی نووسەر ...................................... ١٥

**فەسڵی یەکەم: خاڵە گشتییەکان ........................ ١٩**

١. وڵاتێک و چەند نەتەوە.................................. ٢١

٢. دینامیزمی بزووتنەوەی کوردستان – ستەمی نەتەوایەتی........... ٢٥

٣. بزووتنەوەی کوردستانی ئێران.............................. ٢٩

٤. نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان- خەباتی نەتەوایەتی ............ ٣٢

٥. شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران.......................... ٣٧

٦. خەڵکی کوردستان و شۆڕشی سەرانسەریی ئێران .................. ٤١

٧. کۆماری ئیسلامی ........................................ ٤٢

**فەسڵی دووهەم: شەڕی کوردستان............................ ٤٧**

١. زەمینەی شەڕ............................................ ٤٩

٢ فەرمانی جیهاد و قەدەغە کردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان... ٥٣

٣. قۆناخی یەکەم: شەڕی ٣ مانگە ............................. ٥٩

٤. دوو هەیئەت بۆ وتووێژ .................................. ٦٢

٥- قۆناخی دووهەم، دەست پێکردنەوەی شەڕ...................... ٦٨

٦- کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان................ ٧٢

**فەسڵی سێهەم: مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا................ ٧٥**

١. کۆماری ئیسلامی - سەرەتای قۆناغێکی تازەی دیکتاتۆری ......... ٧٧

٢. پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە ناوی قانوون ...................... ٨١

٣. ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی........................ ٨٧
٤. ئەشکەنجە ............................................ ٩٠
٥. کارەساتی وییەن ........................................ ٩٣
**فەسڵی چوارەم: دەوری "کەسایەتی" و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستان .١٠١**
١- کۆمەڵە.................................................١٠٤
٢- چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران...........................١١٥
٣- حیزبی توودەی ئێران ....................................١١٧
٤- ڕێکخروای موجاهیدینی خەڵکی ئێران ........................١٢٢
٥- مامۆستا ''شێخ عێزەدین حوسێنی''..........................١٢٧
٦ – ئەحمەد مفتی‌زادە .......................................١٣٠
**فەسڵی پێنجەم:.............................................١٣٥**
١- وتووێژ.................................................١٣٧
٢. دین و مەسەلەی نەتەوایەتی..................................١٤١
٣. لە کورتەباسەوە تا گلاسنۆست ................................١٤٦
٤- شەڕی ئێران و عێراق و بزووتنەوەی کوردستانی ئێران.............١٥٢
٥- ئاگربڕی ئێران و عێراق و بزووتنەوەی کوردستانی ئێران...........١٥٨
٦. ڕێککەوتنی ئەلجەزایر.......................................١٦٥
**فەسڵی شەشەم: مافی مرۆڤ و خەباتی ئێمە ..........................١٧٧**
مافی مرۆڤ ...............................................١٧٩
مافی مرۆڤ لە ''مدینة فاضله''ی کۆماری ئیسلامیدا..................١٨٣
ئێران و نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ .........................١٨٩
تەوەرە سەرەکییەکانی پێشێل‌کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا

...................................................................١٩٢
مافی مرۆڤ لە کوردستاندا.........................................٢١٣
**فەسڵی حەوتەم: پاشکۆ ...........................................٢١٧**
پاشکۆی ١: بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ...........................٢١٩
پاشکۆی ٢: بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب .......................٢٣١
بۆ مامە سەلام ...................................................٢٣٥
سەلامی عەزیزی لە چەند وێنەیەکدا...................................٢٣٩

## بەر لە پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز، پەڕتووکی "کوردستان و کۆماری ئیسلامی"، هێندێک تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیە کە خوێنەر پێویستە بەر لە خوێندنەوەی لێی ئاگادار بێ.

ئەم پەڕتووکە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٩ بۆ ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩٠-١٩٩١ی زایینی) لە لایەن "سەلام عەزیزی"یەوە نووسراوە و نووسەریش بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی سالی ١٣٧٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٥ی ژووئیەی ١٩٩٩ی زایینی، کۆچی دوایی کردووە.

شتێکی سروشتییە یەکەم پرسیار لە لای خوێنەر، هۆکاری چاپ نەبوونی پەڕتووکەکە لە کاتی خۆیدایە. بەداخەوە ساڵی ١٩٩١ی زایینی، چاپخانەی بەغدا بە هۆی باسی پەیوەندیدار بە ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر، مۆڵەتی چاپکردنیان پێ نەدا و مەرجی چاپکردنی ئەم پەڕتووکەیان گرێدابوو بە لابردنی ئەم بەشە کە پەیوەندیی بە ڕێککەوتنی ئەلجەزایرەوە هەیە، بەڵام نووسەری کتێبەکە ئەم داوایەی قەبووڵ نەکرد و کتێبەکە هەروا مایەوە. لە باشووری کوردستانیش، تا ئەو کاتەی چاپخانەی کەرتی تایبەت نەبوو، چاپی کتێب بە

نێوەرۆکی سیاسی، بۆ کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات زۆر دژوار و بگرە دەگمەنیش بوو.

لە دوای شەهید بوونی دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هاورێیانی لە شاری بێرلینی ئاڵمان لە ١٧ی سێپتامبەری ساڵی ١٩٩٢دا و دواتریش بە دەستپێکردنی پڕۆسەی دادگای میکۆنووس تا بڕیاری مێژوویی ئەم دادگایە، نووسەری ئەم کتێبە هەموو قورسایی کاری خۆی خستە سەر بەدواداچوونی کەیسی شەهید دوکتور شەڕەفکەندی و پڕۆسەی دادگایی کردنی قاتڵانی ئەم جەنایەتە سامناکە کە بەرهەمەکەی پەڕتووکی " سەفەری بێ گەرانەوە" بوو کە دیارە ئەو بەرهەمەش دوای چەند ساڵ و پاش کۆچی دوایی نووسەر چاپ کرا.

ئەم پەڕتووکەی لە بەردەستتانە، بەر لە ٣٠ سال و سەبارەت بە یەکێک لە ئاڵۆزترین سەردەمەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتا سەردەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نووسراوە. شتێکی زۆر ئاساییشە زۆر باسی هەستیاری تێدابێ کە بە دڵی کەس یا کەسانێک نەبێ و بەداخەوە نووسەریش لە ژیاندا نەماوە بۆ ئەوەی بتوانێ وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە کە ئاراستەی دەکرێن. بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی پەڕتووکێک کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر نووسرابێ، پێش هەموو شتێک دەبێ قۆناغی ئەوکاتی خەبات و هەلومەرجەکانیمان لەبەرچاو بێ. ئێستا گۆڕانکاریی زۆر بە سەر تێڕوانینی تاک و بە گشتی لایەنە سیاسییەکاندا هاتووە. نزیک بوونەوە و هەستی هاوکاری لە قاڵبی کاری گرووپی و دروست کردن و بەشداری لە پلاتفۆرمی سیاسیی هاوبەشدا، گۆشەنیگایەکی دڵخۆشکەرن بۆ هەرچی لێک نزیک بوونەوە و

دروست بوونی یەک وتاری نەتەوەیی لە دوارۆژدا؛ هەر بەم هۆیەش، مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە بە هیچ جۆرێک ورووژاندنی ڕووداوە نەخوازراوەکان یا کولاندنەوەی برینەکان نییە.

سەلام عەزیزی، دوابەدوای تەواو بوونی نووسینی "سەفەری بێ گەڕانەوە"، دەستی بە نووسینی پەرتووکێکی دیکە سەبارەت بە مافی مرۆڤ و خەباتی گەلی کورد لە گۆشەنیگایەکی حقووقییەوە کرد کە بەداخەوە کورتیی تەمەن دەرفەتی نەدا ئەم پەڕتووکە کۆتاییی بێ و تەنیا ٧٠ لاپەڕە و کۆمەڵێک دەسنووسی بەدەستەوەن. ئێمە لێرەدا لەبەر ئەوەی هەم نێوەڕۆکی هەر دوو پەرتووکەکە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و هەمیش بۆ ئەوەی ئەم نووسینانەش نەفەوتێن، وەک فەسڵێکی جیا (فەسلی شەشەم) گونجاندوومانە. هەر بۆیەشە لە فەسڵی شەشەمدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە باسی هێندێک ڕووداو دەکا کە لە فەسڵەکانی پێشووتر ئاماژەی پێ نەکراوە؛ هەروەها بەشێکیش لە باسەکان چونکە لە فەسڵەکانی پێشووتر ئاماژەیان پێ کراوە، بۆ ئەوەی باسەکە دووبارە نەبێتەوە ئێمە خۆمان لە بڵاو کردنەوەی بواردووە.

لە فەسڵی حەوتەمدا،جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە زمانی کوردی داندراوە.ئەم دەقە کاتی خۆی بەڕێز مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزادە بۆ نووسەری ناردووە و بە هۆی ئەوەی دڵنیا نەبووم کە ئەم دەقە مامۆستا وەریگێرابێتە سەر زمانی کوردی یا نا ، بۆیە بە ڕەزامەندیی هاوڕێی بەڕێز کاک قادر وریا،کەڵکم لەو دەقە وەرگرتووە کە بەڕێزیان، کاتی خۆی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لێرەوە دەستخۆشیی لێدەکەم.

سەلام عەزیزی، نزیکەی نیوەی تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە گەلەکەی تەرخان کرد و لەو سەردەمە دژوار و بێ ئیمکاناتییەدا هەموو کاتە ئازادەکانی

خۆی بە خوێندنەوە و نووسین تێپەڕدەکرد. وەک وەفایەک بەرانبەر بەو، بڕیارمان دا- ئەگەریش درەنگ بووە - ئەم پەڕتووکە چاپ بکەین. هیوادارم نەسڵی نوێ و داهاتوو، بۆ پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە بۆ ئەم قۆناخە هەستیارەی بزووتنەوەکەمان، وەک زۆر بەڵگە و دێکیۆمێنتی دیکە، کەڵک لە ئەم پەڕتووکەش وەربگرن و بتوانن بە شێوەیەکی ئاکادیمیک مێژووی ئەم سەردەمەش بنووسنەوە.

جێگای خۆیەتی دەستخۆشیی تایبەت لەم دۆستانەیش بکەم کە لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا هەموو هەوڵێکیان دا بۆ ئەوەی ئەم پەڕتووکە، سەرەنجام سی ساڵ پاش نووسینی، چاپ و بڵاو بکرێتەوە:

○ کاک عەلی لالە، کە ئەرکی سەرلەنوێ تایپ کردنەوەی کتێبەکەی وەئەستۆ گرت.

○ کاک جەعفەر شەریعەتی، خوشکە چنوور مێهرپەروەر و کاک محەممەد حەسەنزادە کە کاتی خۆی ئەرکی تایپ و ئامادەکرنی کتێبەکەیان لە ئەستۆ بووە.

○ کاک عەلی(ئاگری) ئیسماعیلنژاد، کە بە کتێبەکەدا چووەتەوە.

○ کاک کامیل نەجاڕی لە باری ڕێکخستنی زمانەوانییەوە زەحمەتێکی زۆری کێشا.

○ کاک ناسر موورادی بۆ هەماهەنگیی قۆناغەکانی ئامادەکردنی پەڕتووکەکە ڕۆڵی سەرەکیی وەئەستۆ گرت.
○ چەند هاوڕێ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە بەدڵ کاتێکی زۆریان بۆ نەخشاندن (لاپەڕەبەندی و دیزاین)ی پەڕتووکەکە تەرخان کرد.

**ئازاد عەزیزی**

**پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

## پێشەکیی نووسەر

تا ئێستا زۆر وتار و ناملیکە و کتێب لەسەر کوردستان بەگشتی و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەتایبەتی نووسراون و بڵاو کراونەتەوە. ئەو نووسراوانە بەگوێرەی جیاوازیی بیر و بۆچوون و ئامانجی نووسراوەکانیان لە زۆر بارەوە پێکەوە جیاوازییان هەیە. ئەو شتانەی کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و نووسەرانی بێگانەوە نووسراون، ئەگەر لەڕووی دڵپاکی و بە دوور لە تێبینی و ئامانجی سیاسییش نووسرابن، ناتوانن دوور لە هەڵەو پەڵە بن؛ هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر دوو مەسەلەی بنەڕەتی:

ئا- نەبوونی زانیاری و ناسیاویی دروست لەسەر دۆخی سیاسی و جوغرافیایی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و ئاگادار نەبوون لە نێوەرۆک و فەلسەفەی وجوودیی بزووتنەوەکانی کوردستان و ڕەوتی ڕووداوەکان.

بێ- کەڵک وەرگرتن لە بەڵگە و نووسراوەکانی ئەو حکوومەتانە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پرسی کورد دەرگیرن.

نەیاران و دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی گەلی کورد ئەگەر شتێکیان لەسەر مەسەلەی کورد و کوردستان نووسیبێ و بڵاویان کردبێتەوە بە مەیل و دڵخوازی خۆیان و بەو جۆرەی کە بە قازانجیان بووبێ، ڕاستییەکانیان گۆڕیوە و ڕووداوەکانیان دەستکاری کردووە و ئامار و ژمارەیان کەم و زیاد کردووە و تا

ئەو جێگایەی کە توانیویانە، سیمایەکی دزێویان لە بزووتنەوەکانی کوردستان و ڕێبەرەکانی ئەو بزووتنەوانە دروست کردووە.

هەلومەرجی سیاسیی کوردستان کەمتر ڕێگای داوە کە دڵسۆزانی کورد بۆخۆیان بێن و بە دەستێکی ئاواڵەوە و بێ ترس و خۆف، لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەی کورد و هەوراز و نشێوی خەباتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بکۆڵنەوە و بەڵگەو ئەسناد وەدەست خەن و لەسەر ڕووداوەکان و هۆیەکانی سەرکەوتن و تێکشکان و گیروگرفت و کەموکووڕییەکان نامیلکە و کتێب بنووسن و بڵاوی بکەنەوە. ئەو نووسەرە کوردانەش کە قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵیوە و زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە و لەسەر دۆزی کورد و کوردستان و هەلومەرجی ناوچە و سیاسەت و کردەوەی دەوڵەتەکانی دەرگیر لەگەڵ دۆزی کورد کتێبیان نووسیوە، تووشی گیروگرفتی نەبوون یان کەم بوونی سەرچاوەی بێلایەن و جێگای متمانە بوون.

ئەو وەزعە بە گشتی وەختێک بەرەو باشی دەڕوا و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بەسەردا دێت کە نووسەرانی کورد، ئەوانەی بۆخۆیان لە ڕیزی بزووتنەوەکانی کوردستاندان، یان لە نزیکەوە ئاگاداریی تەواویان لەسەر ڕووداوەکانی بزووتنەوە و تاکتیک و ستراتێژیی دەوڵەتەکانی ناوچەکە هەیە، لەسەر دۆزی کورد بە گشتی و بزووتنەوەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی شت بنووسن و ڕووداوەکان بەو جۆرەی کە هەن باس بکەن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەی کورد ڕوون بکەنەوە.

ئەو کارە لە لایەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەیدانی مانۆڕدان و تەبلیغاتی ژاراویی نەیارانی کورد بەرتەسک بێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە سەرچاوەی

جێگای متمانە بۆ نووسەران و ڕووناکبیران و مێژوونووسانی بەرەی ئێستا و داهاتووی گەلەکەمان دابین دەکرێ.

کتێبێکی کە ئێستا لەبەر دەستی خوێنەرە بەرێزەکاندایە، بەو بۆچوون و ڕاونگەیەوە نووسراوە. هیوادارم بتوانێ کەلێنێک، هەر چەندە بچووکیش بێ، لەو بۆشاییەی کە لە پێشدا باس کرا پڕ بکاتەوە. ئەو نووسراوەیە هەر وەک لە نێوەکەی را دەردەکەوێ، باسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێستای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و باسی کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەکات، بەڵام هێندێک مەسەلە و تایبەتمەندیی واشی تێدا باس کراوە کە بە گشتی دەگەڕێتەوە سەر دۆزی کورد.

باس و لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان یان لەسەر سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە دەرفەت و دەرەتانی زیاتر و هەلومەرجی لەبار و گونجاو و بەڵگە و ئەسنادی زۆر و کاری بە هەرەوەز هەیە، بۆیە من لەو نووسراوەیەدا، زیاتر تێکۆشاوم کە خاڵە بنەڕەتییەکان و لایەنە گشتییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و تەوەری بنەڕەتیی سیاسەت و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دۆزی کوردستان باس بکەم.

گومانم لەوەدا نییە کە ئەو نووسراوەیە بێ کەموکووڕی و بێ عەیب نییە، بەڵام بە گوێرەی مەسەلی مەشهوور کە دەڵێ «ما لا یدرک کله لایترک کله» لە هەلومەرجی سەختی خەباتدا هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە و کردوومە کە هیوادارم سوودێکی هەبێ.

**نووسەر**

**بانەمەڕی ١٣٧١**

# فەسڵی یەکەم:
# خاڵە گشتییەکان

## ١. وڵاتێک و چەند نەتەوە

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەیە کە چەند نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژی و بە تەعبیرێکی دیکە ئێران وڵاتێکی "فرەنەتەوە"یە. بەڵام حکوومەتە مەزنیخواز و دیکتاتۆرەکانی ئێران لە قەدیمەوە تا ئێستا هەمیشە تێکۆشاون و تێدەکۆشن کە بە گەلانی ئێران و جیهان بسەلمێنن کە لە ئێراندا تەنیا یەک نەتەوە دەژی ئەویش نەتەوەی ئێرانە کە لە ئەقوامی جۆراوجۆر پێک هاتووە.

شۆڤێنیستە ئێرانییەکان چ ئەوانەی حکوومەتیان بەدەستەوەیە و چ ئەوانەی لە دەرەوەی حکوومەتدان، سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییان، بە گشتی لە یەک شتدا پێکەوە هاوبیر و هاوبڕوان؛ ئەویش بریتییە لە ئینکار و دژایەتی کردن لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلانی ژێردەستەی ئێران و پاراستنی ئیمتیازات و دەسەلاتی خۆیان.

لە سەردەمی نیزامی پاشایەتیدا، کاربەدەستانی ئێرانی دەیانگوت کورد ئارياییيە و لە ڕیشەدا فارسە و زمانی کوردی لەهجەیەکە لە زمانی فارسی و بەو شێوەیە نکۆڵییان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتیی کورد دەکرد و بە بیانووی

پاراستنی "یەکپارچەییی خاک" (تمامیت ارضی) و بەرگری کردن لە پیلانی بێگانەکان، خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیان سەرکوت دەکرد.

ئێستا لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، شۆڤێنیزم لە لیباسی دیندا خۆ دەنوێنێ. دروشمەکانی ئێستا ئەوانەن: هەموومان موسوڵمانین، موسوڵمان پێکەوە بران، لە ئیسلامدا فەرقی عەرەب و عەجەم و ڕەش و سپی نییە، ئیسلام سنوور ناناسێ، ناسیۆنالیزم لەگەڵ ئیسلام یەک ناگرێتەوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ لە ڕێگای زەق کردنەوە و گەورە نیشاندانی هەستی مەزهەبی و کەمڕەنگ کردنەوەی بیری نەتەوایەتی، مافی ئینسانی و ئازادیی گەلانی ژێردەستەی ئێران پێشێل بکەن. بیانووی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە کە شەڕی دژی خەڵکی کوردستان وەڕێخست ئەوە بوو کە ئیسلام لە کوردستاندا لە مەترسی کەوتووە و غەریب ماوەتەوە.

"عەلی ئەسغەر حاج سەید جەوادی"، کە نووسەرێکی ئێرانییە و ئێستا لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدایە و لە دەرەوەی ئێرانە لە "راه آزادی"[١]دا، بە شێوەیەکی دیکە نێوەرۆکی شۆڤێنیزم نیشان دەدا و بەو جۆرە باسی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەکات:

"ئەگەر ئێمە کەسایەتیی هاوبەشی نەتەوایەتی و مێژووییمان قەبووڵە و ئەگەر پێمان وایە کە ئەو کەسایەتییە هاوبەشە نەتەوایەتی و مێژووییە لە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییدا بە نێوی ئێران "وێنایی و کەسایەتی" پەیدا دەکات. کە وا بوو ئێمە خەڵکی ئێران سەرەڕای جۆراوجۆر بوونی مەزهەب،

---

١. "راه آزادی" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران – ژمارە ١١/ بانەمەڕی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی.

نەژاد، زمان و داب و نەریت، دەتوانین لە کەسایەتیی یەک نەتەوە و سەر بە یەک وڵاتدا مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی وەک یەکمان هەبێ و پێکەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی دێموکڕاتیک کە پارێزەری ئەو مافانە بێت ڕێک بکەوین".

پاشان نووسەر لە پاراگرافی دواتردا درێژە بە باسەکەی خۆی دەدا و دەڵێ":

"ئەگەر ئێمە خەڵکی ئێران لەسەر بنەمای پێوانەی نەژاد، زمان و مەزهەب بە نەتەوە و ئەقوامی جۆراوجۆر دابەش کەین، ئەو کات قسە کردن لە ئێران و "میللەت"ی ئێران " گوێز لە هەنبانەی خەڵکدا بژاردن" دەبێت. چونکە ئەزموونی یەکیەتیی سۆڤیەت دەری خستووە کە دوو نەتەوە و سێ نەتەوە، ناتوانن لە یەک سنووری هاوبەشی جوغرافیای سیاسی و لە ژێر یەک ئاڵادا بژین".

کاکڵ و نێوەرۆکی قسەکانی حاج سەید جەوادی بە کورتی ئەوەیە کە:

١. لە ئێراندا تەنیا یەک نەتەوە هەیە کە لە ئەقوامی جۆراوجۆر پێک هاتووە.

٢. ئەگەر قەبووڵ بکرێ کە لە ئێراندا چەند نەتەوە هەیە، ئەو کات ئێرانیش وەک یەکیەتیی سۆڤیەت لێک هەڵدەوەشێ، چونکە چەند نەتەوە ناتوانن لە یەک وڵاتدا و لە ژێر یەک ئاڵادا پێکەوە بژین. ئەو شێوە بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەیە بە تەواوی نادروستە و لەگەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرێتەوە. چونکە ئێستا لە جیهاندا زۆر وڵاتی وا هەیە کە چەندین نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژی بێجگە لەوەش ڕێگای لێک هەڵنەوەشان و پاراستنی یەکیەتیی ئێران، جێگیربوونی حکوومەتێکی دێموکڕات و نیشتمانپەروەرە کە ڕێز بۆ ئازادی و مافی نەتەوایەتیی هەموو گەلانی ئێران دابنێ و دەستەبەر کردنی ئەو ماف و ئازادییانە بە گرینگترین ئەرکی خۆی بزانێ نەک ئینکارکردنی فرەگەل بوونی

ئێران و پێشێل کردنی مافی نەتەوایەتیی ئەو گەلانە. هەڵوەشان و لێک بڵاوبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت زۆر هۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی هەبوو بەڵام بێگومان گرینگترین هۆی ئەو وەزعە، نەبوونی ئازادی و چارەسەرنەکرانی مەسەلەی نەتەوایەتی بوو.

تا ئێستا "نەتەوە" بە زۆر شێوە و ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە تەعریف کراوە و پێوانە و دانگەی تایبەتی بۆ پێکهاتنی نەتەوە دیاری کراوە کە لە هەموویان گرینگتر پیوانەی "زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و فەرهەنگی هاوبەشە". چاوخشانێک بەسەر دۆخی جوغرافیایی و زمان و داب و نەریت و مێژووی گەلانی ئێراندا، بە تەواوی دەریدەخات کە ئەو پێوانە و دانگەی کە لە سەرەوە باس کران بە تەواوی لە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێراندا هەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە، لە ئێراندا چەندین نەتەوەی جیاوازی وەک فارس، ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکەمەن و عەرەب دەژین کە هەر کامەیان تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. بەکارهێنانی "نەتەوەی ئێران" یان "نەتەوەی ئیسلامیی ئێران"، بە هەر مەبەستێک و لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ، ناتوانێ ڕاستییەکانی زەق و بەرچاوی نێو کۆمەڵگا بگۆڕێ.

## ٢. دینامیزمی بزووتنەوەی کوردستان - ستەمی نەتەوایەتی

مێژوو نیشانی داوە کە تا ئەو کاتەی لە جیهاندا زوڵم و زۆر و چەوسانەوە هەبێ، خەبات و بەربەرەکانییش بۆ ڕزگار بوون لەو دیاردە دزیوانە هەر دەبێت.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردیش بێگومان هەر لەو هۆکارە گرینگەوە سەرچاوەی گرتووە و لە ڕاستیدا خەباتی گەلی کورد، نەتیجە و دژکردەوەی سروشتی و " لۆژیکی"ی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە بە درێژاییی مێژوو لێی کراوە. کەم گەلی ژێردەستە هەیە کە بە ئەندازەی گەلی کورد مەزلووم و بەشخوراو بێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەم گەلی مەزلووم هەیە کە بەقەت گەلی کورد بۆ ئازادی و سەربەستی و دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی خۆی خەباتی کردبێت.

گەلی کورد باش دەزانێ کە هیچ نەتەوەیەکی بندەست، بێ خەبات و تێکۆشان و فیداکاری بە ئازادی ناگات. دان بەخۆداگرتن و بێدەنگی، ملڕاکێشان بۆ زوڵم، تەسلیمی "ئەمری واقیع" بوون، لە ئەسڵی زوڵم کردن ناحەزترە و زاڵم زۆرتر هان دەدات کە هەروا درێژە بە کاری خۆی بدات.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە چەندین لاوە کەوتۆتە ژێر باری زوڵم و چەوسانەوە. لە لایەک وەک هەموو گەلانی دیکەی ئێران، لە دەست حکوومەتە زۆردار و دیکتاتۆرەکانی ئێران دەناڵێنێ و تووشی چەرمەسەری و گیروگرفتێکی زۆر هاتووە و لە لایەکی دیکەشەوە مافی نەتەوایەتیی پێشێل کراوە و لەبەر کورد بوون و هێنانەگۆڕێی داخوازە ڕەواکانی، بە توندی سەرکوت دەکرێ.

نێوەرۆکی داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕاستیدا هەر ئەو ویست و ئامانجە پیرۆزانەن کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا ڕاگەیەندراون و لەگەڵ هەموو پێوەر و بنەمایەکی ئینسانی و دینی یەک دەگرنەوە، ماددەی ٢ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەو جۆرە باسی مافی ئینسان دەکا:

"هەموو مرۆڤێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی شەخسیی هەیە".

شتێکی سروشتییە وەختێک ئینسان وەک تاک ئەو مافانەی هەیە و دەبێ ڕێزی بۆ دابندرێ، کۆمەڵێک ئینسانیش کە لەبەر تایبەتمەندیی هاوبەش بە یەک نەتەوە دەژمێردرێن، هەر ئەو مافانەیان هەیە و هەقی خۆیانە کە بە ئازادی بژین.

ستەمی نەتەوایەتی کە لە گەلی کورد دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ وەک:

١. بێبەش کردنی کورد لە بەڕێوەبردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.

٢. قەدەغە کردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستاندا.

٣. ڕەسمی نەبوونی زمانی کوردی لە کوردستاندا.

٤. میلیتاریزە کردنی کوردستان.

٥. پێشگرتن لە گەشە کردن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی.

٦. ڕاگرتنی کوردستان لە دواکەوتوویيدا لە باری فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە.

٧. دیاریکردنی بەرپرسی ئیداراتی کوردستان و پۆستە گرینگە نیزامی و غەیرەنیزامییەکان، لە کەسانی غەیرە کورد.

٨. بەڕێوەبردنی زەبروزەنگ و ڕەفتار لەگەڵ خەڵک بە شێوەیەکی دوژمنانە.

بێجگە لە ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی گشتی، نەوعێک فشار و ستەمی مەزهەبییش لەگۆڕێدا هەیە کە بە کورتی ئیشارەیان پێ دەکەم.

بەشێک لە خەڵکی کوردستانی ئێران سوننی مەزهەبن و لەو کاتەوە کە "تشیع" بووە بە مەزهەبی ڕەسمیی ئێران، هەمیشە بە کردەوە نەوعێک فشار و فەرق و جیاوازی دانان دژی سوننی مەزهەبەکان بە گشتی بەڕێوە چووە. ئەو وەزعە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا کە دین و دەوڵەت بە ڕەسمی لێک دراوە، زیاتر بووەتە سەرچاوەی گیروگرفت بۆ سوننی مەزهەبەکان. دوو نموونە باس دەکەم:

ئا- بە گوێرەی ماددەی ١١٥ی دەستووری کۆماری ئیسلامی، کەسانێک دەتوانن بینە سەرکۆمار کە باوەڕیان بە مەزهەبی ڕەسمیی ئێران هەبێ و شیعە بن. کە وا بوو کوردێکی سوننی مەزهەب، هەرچەند کارلێهاتوو و جێگای متمانەی خەڵک بێت، ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار. مەبەست ئەوە نییە کە کورد بە تەمای بەدەستەوە گرتنی قودرەتی مەرکەزییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لە بنەڕەتدا دژی ئازادیی و دێموکڕاسییە و نموونەیەکی بەرچاو لە هەڵاواردن و چەوساندوەی مەزهەبییە.

بێ- زۆر جار بیندراوە کەسانێک کە ناویان ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، یان ئایشە بووە، لە ترسی بێڕێزی پێ کردن یان بۆ ڕزگاربوون لە گیروگرفتی ئیداراتی دەوڵەتی، ناو و شناسنامەی خۆیان گۆڕیوە و بوون بە امیر، علی و فاطمە.

لێرەدا بە تەواوی دەردەکەوێ کە هۆکاری سەرەکیی خەباتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان ئەو ستەمی چەند قاتەیە کە ئیشارەی پێ کرا.

ئەو کەسانەی کە لە ئاست ئەو مەسەلەیە چاو دەقووچێنن و هەزار تۆمەت و

بەرچەسپ وەپاڵ خەباتی گەلی کورد دەدەن، یان دەیانهەوێ بزووتنەوەی کوردستان بە پیلان و دەستکردی ئەم و ئەو لە قەڵەم بدەن، یان لە ڕوانگەی شۆڤێنیستیی خۆیانەوە لێکدانەوەیان لەسەر مەسەلەی کوردستان هەیە، یان لە ڕەوتی حەرەکەتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستە و پێشکەوتنی کۆمەڵی ئینسانی بێ خەبەرن.

## ٣. بزووتنەوەی کوردستانی ئێران

خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە درێژاییی حکوومەتی ڕەشی "محەممەد ڕەزا پەهلەوی"، بە شێوەی جۆراوجۆر و گونجاو هەر درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا ئەو خەباتە بە زۆر قۆناغی دژواردا تێپەڕی و زۆر هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە دیت، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە ڕەوڕەوەی ئەو خەباتە قەت لە حەرەکەت نەوەستا. پێکهاتنی کۆمەڵەی "ژ-ک"، پێکهاتنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، پێک هاتنی کۆماری خودموختار لەسەر بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران، خەباتی سیاسیی سەردەمی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور "محەممەد موسەددیق"، خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکڕات لە ساڵەکانی ٤٧-٤٦ هەموو بەڵگەی خەبات و تێکۆشان و ئازادیخوازیی گەلی کوردن.

**ڕێبەرانی بزووتنەوە:**

ڕێبەری کردنی بزووتنەوی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ئەستۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە کە نزیک بە نیو سەدەیە بێ وچان و لە هەموو هەلومەرجێکی سەخت و نالەباردا، بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد تێدەکۆشێ و ئاڵای خەباتی بەرز و شەکاوە ڕاگرتووە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسیی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕە لە کوردستانی ئێران کە لەسەر بنەما و بناغەی خەباتی ڕزگاریخوازانە و نەتەوایەتی دامەزراوە و تێکۆشانی هەیە و توانیویەتی

کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان لە دەوری بەرنامە و دروشمەکانی خۆی کۆ بکاتەوە.

هۆی پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکڕات دەگەڕێتەوە سەر دوو مەسەلەی ئەساسی:

**ئا- بەرنامە.**

بەرنامەیەکی کە بۆ حیزبی دێموکڕات داندراوە لە ڕاستیدا بەرنامەیەکی واقیعبینانە و بە دوور لە خەیاڵپەردازییە و شتێکی "ممکن‌الحصول"ە. ئەو بەرنامەیە ڕەنگدانەوەیەکە لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان. لەو بەرنامەیەدا هەلومەرجی عەینی و زەینی، بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان و ئێران لەبەرچاو گیراوە.

**بێ- مانەوە لە مەیدانی خەبات**

زۆر کەس هەیە کە تەنیا بە قسە شۆڕشگێڕە و لە هەلومەرجی خۆش و لەباردا هەستی ئازادیخوازیی خۆی دەردەبڕێ، بەڵام ئەگەر کار گەیشتە مەیدانی کردەوە، خۆ دەکێشێتەوە و مات دەبێ و خۆی بە قەزا و قەدەرە دەسپێرێ. زۆر ڕێکخراوی سیاسی هەبوون کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و دەست پێ کرانی شەڕی کوردستاندا زۆر توندو تیژ بوون و دروشمی زلەزلەیان دەدا و خودموختارییان بە شتێکی کەم دادەنا بۆ گەلی کورد و باسی "حق تعیین سرنوشت" (مافی دیاری کردنی چارەنووس)یان دەکرد، بەڵام هەر کە شەڕی کوردستان گەرم داهات و ژێر پێیان گەرم بوو، مەیدانی خەباتیان چۆڵ کرد و بەرەو ئۆرووپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ڕۆیشتن و بوون بە پەنابەری سیاسی.

بە پێچەوانەوە، حیزبی دێموکڕات کە لە مەیدانی خەباتدا قاڵ بووە، هیچ کات کوردستانی بەجێ نەهێشت و بە کردەوە سابیتی کرد کە شیاوی پشتیوانی لێ کردنی خەڵکی کوردستانە.

ڕادەی خۆشەویستی و پێگەی سیاسیی حیزب لەنێو خەڵکی کوردستاندا لە یەکەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شووڕادا کە پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئسلامی لە ساڵی ١٣٥٨دا ئەنجام درا و ئەو هەڵبژاردنەش بە نەزەری من یەکەمین و ئاخرین هەڵبژاردنی ئازاد لە کۆماری ئیسلامیدا بوو، بە ڕوونی دەرکەوت. لەو شارانەی ئاکامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا حیزبی دیمۆکرات بە تەنیایی زیاتر لە ٨٠%ی دەنگی خەڵکی کوردستانی وەدەست هێنا[١].

---

١ کومەڵە را بهتر بشناسیم _ انتشارات کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران- شهریور ١٣٦٥.

## ٤. نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان- خەباتی نەتەوایەتی

هەروەک لە پێشدا باس کرا، خەباتی خەڵکی کوردستان خەباتێکی ڕزگاریخوازانە و نەتەوایەتییە. خەباتە بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات و لە چەوسانەوەو کۆیلەتی ڕزگاری بێت.

گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، بە تێکڕایی کەوتۆتە ژێر باری ستەمی چەند قات و بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوت دەکرێ. کرێکاری کورد لە لایەک وەک هەموو کرێکارێکی ئێرانی دەچەوسێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەی کە کوردە زیاتر لە کرێکاری ئیسفەهانی (بۆ نموونە) دەچەوسێتەوە. چونکە مەجبوورە بۆ پەیدا کردنی قوتی "لایموت"، ماڵ و منداڵ و کەسوکاری خۆی بەجێ بهێڵێ و پەرەوازەی شوێنەکانی دیکەی ئێران بێت کە کارگا و کارخانەی لێ دامەزراوە، تا ئەگەر کارێکی دەست کەوت بە هەر منەت کێشانێک بێت بیکا. ئەو کەسانەی کە دەیانگوت یان ڕەنگە ئێستاش هەر بڵێن کە "کرێکاری کوردستان لەگەڵ کرێکاری ئیسفەهان فەرقی نییە و هەروەک یەک دەچەوسێنەوە" لە هەڵەدا بوون و هەن.

خەباتی نەتەوایەتی لە خەباتی چینایەتی جودا ناکرێتەوە و ئەو دوو شێوە خەباتە دژی یەکتر نین؛ بەڵکوو بەشێک لە نێوەرۆکی خەباتی نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە سەر خەباتی چینایەتی. خەباتی نەتەوایەتی لە بنەڕەتدا دژی هەر چەشنە زوڵم و نابەرابەری و بێعەداڵەتیی نێو کۆمەڵ و دژی هەموو نیزامێکە کە لەودا ئینسان بە دەستی ئینسان بچەوسێتەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا دوو نموونە باس دەکەم کە هەردووکیان بەڵگەی زیندوون لەسەر ئەوەی کە بەشێک لە خەباتی نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە سەر خەباتی چینایەتی:

ئەلف: لە ڕەوتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا، ژمارەیەکی زۆر چەکوچۆڵ کەوتە دەستی خەڵکی کوردستان. بەدوای ئەو وەزعەدا لە سەرەتای ساڵی ٥٨دا، ژمارەیەک لە کۆنە ئاغاکانی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مهاباد، بە مەبەستی زیندوو کردنەوەی نیزامی دەرەبەگایەتی کە لە سەردەمی شادا لێک هەڵوەشابوو، لە دەوری یەک کۆبوونەوە و کۆمیتەیەکیان پێک هێنا و تەنانەت لە دەراوی گوندی "ئامێد" لەسەر ڕێگای مهاباد-سەردەشت پۆستێکی کۆنترۆڵیان دانا. ئەو کۆنە ئاغایانە، بێجگە لەو چەکوچۆڵەی کە لە ڕەوتی سەرکەوتنی شۆڕشدا بەدەستیان هینابوو، لەبنەوە لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییش پەیوەندییان دامەزراندبوو و ژمارەیەکی بەرچاویان چەک وەرگرتبوو. حیزبی دێموکڕات لە پێشدا بە شێوەیەکی هێمنانە، زۆر خەریک بوو کە ئەو کۆنەئاغایانە دەست لەو کارە هەڵبگرن و ڕایگەیاند کە ئەو کارە دژی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە و بە هیچ جۆر ڕێگا نادات کە ژمارەیەک کەسی هەلپەرست، بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان، نیزامی دەرەبەگایەتی زیندوو بکەنەوە. دوای ئەوەی کە تێکۆشانی هێمنانەی حیزب نەیتوانی پێشی ئەو پیلانە بگرێ، هێزی پێشمەرگەی حیزب لە هەموو لایەکەوە هێرشی کردە سەر ئەو تاقمە و لە ماوەی چەند ڕۆژدا سەرکوتی کردن. ژمارەیەک لەو تاقمە کوژران و ژمارەیەکیش بە دیل گیران. بەو جۆرە ئەو پیلانە کۆنەپەرەستانەیە، کە لەلایەن ڕێژیمەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، پووچەڵ کرایەوە. گومان لەوەدا نەبوو کە ئەگەر حیزب هەنگاوی بۆ

تێکەوەپێچانی ئەو پیلانە هەڵنەگرتبایە، لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش نموونەی ئەو پیلانە دەهاتە گۆڕێ و دووپات دەکرایەوە.

ب. یاسای دابەش کردنی زەوی‌وزار لە سەردەمی محەممەدڕەزا شادا، ئەگەرچی توانی پیوەندییەکانی پێکهاتەی دەرەبەگایەتی تێک بشکینی، بەڵام بە کردەوە زەوی‌وزارێکی زۆری لە دەست خاوەن مڵکەکاندا هێشتەوە و بەشێکی زۆر لە خەڵکی گوندەکان هەروا بێ زەوی مانەوە. ساڵی ٦٠ حیزبی دێمۆکرات کەوتە سەر داڕشتنی بەرنامەیەکی باش و گونجاو بۆ دابەش کردنی زەویی زیادیی خاوەن مڵکەکان بەسەر ڕەشایی و بێ‌زەویی گوندەکاندا. بەو کارە، پاش تەنزیم و پەسند کردنی گەڵاڵەی زەوی‌وزار لە بەشێکی زۆر لە کوردستان ئەنجام درا و لە ئاکامدا بەشێکی بەرچاو لە ڕەشاییەکان بوون بە خاوەن زەوی.

دابەش‌کردنی زەوی‌وزار ئەگەرچی بە هۆی شەڕی کوردستان و میلیتاریزەکرانی ناوچەکان، دەستەبەربوونی تەواوی بێجگە لە وشیاری و یەکگرتوویی ڕەشایی و بێ زەوییەکان بەدواوە نەبوو، بەڵام دیسان هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە و بەکەڵک بوو لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا.

هەستی ئازادیخوازی و نەتەوایەتی ئەوەندە گرینگ و بەهێزە کە بووەتە هۆی وێک کەوتنەوەی بەشێک لە نەتەوە لێکدابڕاوەکان وەک: یەمەنی شیمالی و یەمەنی جنووبی، ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتی و ئاڵمانی ڕۆژئاوا، هەروەک بووەتە هۆی لێپچڕان و جودابوونەوەی بەشێک لەو نەتەوە جیاوازانەی کە بە زۆر و فشار پێکەوە چەسپێندرابوون وەک: نەتەوەکانی یوگسلاوی و یەکیەتیی

سۆڤیەتی پێشوو.

ئەو بەنێو ڕووناکبیرە کوردانەی کە باوەڕیان بە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد نییە و هەستی نەتەوایەتی بە دیاردەیەکی دواکەوتووانە و بۆرژوایی دادەنێن و بە نێوی گرنگیی خەباتی چینایەتی دەیانەوێ مافی نەتەوایەتیی گەلەکەیان بەکەم بگرن یان پێشێل بکەن، لە ڕاستیدا تووشی تەڵە و داوێک بوون کە شۆڤێنیستەکان بە نێوەی زانست و تیئۆریی زانستی بۆیان ناونەتەوە. کەسێک کە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری لە چەوسانەوەی نەتەوەکەی خۆی بەلاوە گرینگ نەبێ، بە هیچ پێوانە و پیوەرێک ناتوانێ بۆ ئازادی و ڕزگاریی خەڵکی دیکە خەبات بکات. بە مانای دیکە کەسێک "ناسیۆنالیست" نەبێ ناتوانێ ببێتە "ئینترناسیۆنالیست".

بەگوێرەی بنەمای مارکسیزم، خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا لە قۆناغێکی تایبەتی لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵدا دێتە گۆڕێ کە لە لایەک پیشە و پەیوەندیی سەرمایەداری پەرەی ئەستاندبێ و لە لایەکی دیکەشەوە چینەکان و ناتەباییی چینایەتی پێکهاتبێ و ئاگاهیی چینایەتیی پرۆلیتاریا پەیدا بووبێ. لە حاڵێکدا هیچ کام لەوانە ئێستا لە کوردستاندا بە تەواوی و بەو شێوەیەی کە پێویستە گەشەیان نەکردووە. ستەمی نەتەوایەتی بووەتە هۆی ئەوە کە کوردستان لە دواکەوتووییدا ڕابگیرێ. لە کوردستاندا کارگە و کارخانەیەکی ئەوتۆی لێ دانەمەزراوە تا کرێکاری پیشەییی زۆری هەبێ و هاودژایەتیی چینایەتی پەیدا بووبێ.

ساڵی ٦٢ کاتێک کە کۆمەڵە و "اتحاد مبارزان کمونیست" دەیانهەویست پێکەوە حیزبی کمونیستی ئێران پێک بێنن، لە شوێنێکی ناوچەی ئالانی سەردەشت بە نێوی "مێسکەپە" کۆبوونەوە کە هیچ کارگە و کارخانە و

ئاسەواری پێشکەوتنی لێ نییە و لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوە بوو کە لەبەر نەبوونی پرۆلیتاریای ڕێکخراو، بەشی هەرە زۆری بەشدارانی کۆبوونەوەکە کوڕە دەرەبەگ و دەوڵەمەندی شارەکان بوون کە خۆیان کردبوو بە نوێنەری چینی کرێکار و حیزبی چینی کرێکاریان پێک هێنا.

به بڕوای من دەرەبەگ و بەگشتی ئەو کەسانەی کە قەت دەردی هەژاری و چارەڕەشییان نەچێشتووە دەتوانن ببنە زانا و پسپۆڕ و تەنانەت لە بواری مارکسیزم و خەباتی چینایەتیدا ببنە خاوەن نەزەر و "تیۆریسیەن" بەڵام قەت ناتوانن ببن بە نوێنەری ڕاستەقینەی چینی کرێکار.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەیە کە بنچینە و نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان لەسەر خەباتی نەتەوایەتی دامەزراوە. ستەمی نەتەوایەتی، عامیلی ئەسڵیی تەواوی هەژاری و چەوسانەوەی گەلی کوردە و تا ئەو ستەمە لەبەین نەچێ چەوسانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر هەر دەمێنێ.

## ٥. شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران

هۆی ڕاپەڕینی خەڵک و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی:

ڕووخانی نیزامی سەڵتەنەت لە ئێران ئاکامی ڕاستەوخۆی دوو هۆکاری پێکەوە گرێدراوی نێوخۆ و دەرەوە بوو کە بە کورتی باسیان دەکەم.

**ئا- هۆکاری نێوخۆیی.**

مەشهوورە کە دەڵێن: "هیچ دیکتاتۆرێک عاقڵ نییە چونکە ئەگەر عاقڵ بێت دیکتاتۆر نابێ". لەبەر ئەوەی گەورەترین هۆی لەبەینچوونی دیکتاتۆر یان نیزامێکی دیکتاتۆر خودی دیکتاتورییە. هەر لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین سیستەم و کردەوەی شا وەک هۆکاری نێوخۆیی، بە گرینگترین هۆی ڕاپەڕینی یەکپارچەی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دابنێین.

دیکتاتۆری و پێشێل کردنی ئازادییە دیمۆکراتییەکان، فەسادی دەربار و بنەماڵەی سەڵتەنەت، فەسادی ئیداری، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات، هەژاری و بێکاری و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە بوونە هۆی نەفرەت و بیزاریی هەرچی زیاتری خەڵک لە نیزامی پاشایەتی. ئەو نەفرەت و بێزارییە، لە ماوەی ٣٧ ساڵ پاشایەتیی "محەممەدڕەزا شا"دا کەوتە سەر یەک، پەنگی خواردەوە و گەیشتە حاڵەتی تەقینەوە و بوو بە هۆی ڕاپەڕینی گشتیی گەلانی ئێران.

**ب- هۆکاری دەرەوە.**

ڕێژیمی شا بەتەواوی پێمل بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو و شا وەک مۆرەیەکی ناوچەییی ئەمریکا چاوی لێ دەکرا. هەروەک ئەزموون نیشانی داوە لە جەرەیانی "هاودژی و لەبەریەک ڕاوەستان" یان نیزیک بوونەوەی تاکتیک و

سیاسەتی نێونەتەوەییی دەوڵەتە گەورەکان، نەخشی ئەو مۆرە ناوچەیییانە زیاد و کەم دەکات و جاری وایە تام و بۆنی خۆیان وەک مۆرە یان پێگەی ناوچەیی لەدەست دەدەن. لەو سەروبەندەدا "کارتێر" سەرۆک کۆماری ئەمریکا بوو و سیاسەتی دیفاع لە مافی مرۆڤ، یەکێک لە بەرنامە نێونەتەوەیییەکانی کارتێر بوو کە لەگەڵ نێوەرۆکی ڕێژیمی دیکتاتۆریی شا یەکی نەدەگرتەوە و ڕێژیمی شا نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ ئەو سیاستە ڕێکبخات.

ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی بەهێزبوونی دژبەرانی ڕێژیمی شا و وەلەرزە خستنی ئەو ڕێژیمە و لە کۆتاییدا سەرکەوتنی ڕاپەڕین.

ئەرتەشبودی پێشووی ئێران "حسێن فەردووست" لە کتێبی "ظهور و سقوط سلطنت پهلوی"، جڵدی یەکەم، لاپەڕەی ٥٧٣دا، بەم شێوەیە ئاماژە بە هەڵەی شا دەکا: "پاییزی سالی ١٣٥٥ لە ئامریکا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری هاتە گۆڕێ. کاندیدی کۆماریخوازان جێرارت فۆرد و کاندیدی حیزبی دێموکڕات جیمی کارتێر بوو. شا پێی خۆش بوو کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردندا سەرکەون و لەو ڕێگایەدا پووڵێکی زۆری بە هۆی ئەردەشیر زاهیدی، سەفیری ئەوکاتی ئێران لە ئامریکا، بۆ سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان خەرج کرد؛ بەڵام حیزبی دێموکڕات سەر کەوت و جیمی کارتێر بوو بە سەرۆک کۆمار.

هەر لە هەمان کتێب و لە لاپەڕەی ٥٧٥دا دەڵێ: "ڕۆژی ١٧ی بەفرانباری ١٣٥٦ مەقالەیەک دژی خومەینی لە ڕۆژنامەی "اطلاعات"دا چاپ بوو و ئەو مەسەلەیە بوو بە هۆی نارەزایەتیی خەڵک و ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٥٦، ڕێپێوان لە شاری قوم دەستی پێ کرد و ئەو ڕێپێوانانە بوو بە سەرەتای ڕاپەرینی خەڵک و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە".

ڕاپەڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەر کەوت و نیزامی پاشایەتی تێکرووخا. گەلانی ئێران کە تامەزرۆی ئازادی و دێموکڕاسی بوون، بە ڕاپەڕینی کەم وێنە و خوێناویی خۆیان، توانیان حکوومەتێک بە چۆکدا بێنن کە گەورەترین ئەرتەشی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەبەر دەستیدا بوو.

لێرەدا پێویستە ئیشارە بە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی بکرێ کە وەک خاڵێکی لاواز لە ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێراندا خۆی نواند ئەویش ئەوەیە کە لە جەرەیانی ڕاپەڕینەکەدا، ڕێکخراو یان بەرەیەکی سیاسیی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو کە بتوانێ ئەو شۆڕشە جەماوەرییە بەرفراوانە، ڕێبەری بکا و خاڵە بنەڕەتییەکانی ئامانجی شۆڕش دەستنیشان بکا و بیانخاتە ڕوو و لە ئاکامدا پێشی بەلاڕێداچوونی شۆڕش بگرێ. بەشێکی زۆر لە خەڵک، تەنیا لە بیری ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوون و کەمتر بیریان لەوە دەکردەوە کە پاشان کێ دێ و چی دەبێ.

خەڵک دەیانزانی کە دەبێ نیزامێک بڕووخێنن، بەڵام نەیاندەزانی کە دەبێ چی لە جێگای ئەو نیزامە دابنێن. بۆچوونی زۆربەی خەڵک ئەو کاتە ئەوە بوو کە هەر ڕێژیمێک بێتە سەر کار لەوەی پێشوو باشتر دەبێ. هۆی ئەو مەسەلەیە بە گشتی دەگەڕاوە سەر دوو خاڵی ئەساسی:

ئا- لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا، دیکتاتۆری و حکوومەتی ساواک و پۆلیس باڵی بەسەر تەواوی ئێراندا کێشابوو و هەرچەشنە هەستێکی ئازادیخوازانە یان تێکۆشانێکی سیاسیی دژ بە ڕێژیم، زۆر بەتوندی سەرکوت دەکرا و لە ئاکامی ئەو وەزعەدا هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشە کردن یان پێکهاتنی ڕێکخراوێکی سیاسی لەگۆڕێدا نەبوو.

بێ- ماوەی دەست پێ کرانی شۆڕش تا ڕووخانی نیزامی پاشایەتی زۆر کورت بوو و دەرفەتی ئەوە نەبوو کە ڕێکخراوە سیاسییەکان ببووژێنەوە یان ڕێکخراوی سیاسیی تازە پێک بێت بەجۆرێک کە ئەو ڕێکخراوانە بتوانن دەوری ڕێبەری و ڕێکخستنی ڕاپەڕین وەئەستۆ بگرن. بەو جۆرە هەر لە جەرەیانی شۆڕشەکەدا، زەمینەی شکست و بەلاڕێداچوونی شۆڕش پێک هات.

## ٦. خەڵکی کوردستان و شۆڕشی سەرانسەریی ئێران

هەروەک لە پێشدا باس کرا خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە درێژاییی سەڵتەنەتی محەممەدڕەزا شا هەر درێژەی هەبوو. گەلی کورد باش ئەوەی دەزانی کە تا ئەو کاتەی حکوومەتێکی دیکتاتۆر لە ئێراندا لەسەر کاربێت، نە ئازادی و دێموکڕاسی دێتە دی و نە گەلانی ئێران بە مافی نەتەوایەتیی خۆیان دەگەن.

بۆیە هەر کات چکۆلەترین دەرفەت پەیدا بووبێ، دژی دیکتاتۆری خەباتی کردووە. لە سەرەتای دەست پێ کرانی ڕاپەڕینی سەرانسەریدا، گەلی کورد شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران هاتە مەیدان و لە سەرکەوتنی ڕاپەڕین و ڕووخانی پاشایەتیدا دەورێکی کاریگەری گێڕا. گەلی کورد هیوادار بوو کە حکوومەتێکی نیشتمانی و دێموکڕاتیک بێتە سەر کار کە لە ئێراندا ئازادی و دێموکڕاسی جێگیر بکا و بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ژێردەستەی ئێران هەنگاو هەڵێنێتەوە. ساواک لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا کە ڕێکەوتی ٥٧/٦/١٢ بۆ شای ناردووە و ئەو ڕاپۆرتە لە نێو پەروەندەکانی ساواکدا وەدەست کەوتووە، سەبارەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ئاوا باس دەکات:

"هەر ئێستا لە شارستانەکان ڕێپێوان بە کەڵک وەرگرتن لە ئەسڵەحە دەستی پێ کردووە، بەتایبەت لە کوردستان. هەروەها دروشمی جوداییخوازییش دەدرێ"[١].

---

١ انقلاب ایران در دو حرکت – نووسینی مهندس مهدی بازرگان – چاپی پێنجەم – ساڵی ٦٢ – لاپەڕەی ٦٠ پاراگرافی ٢.

## ٧. کۆماری ئیسلامی

لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی بەدواوە "محەممەدڕەزا شا" لەبەر زۆر هۆی سیاسی و ئابووری، دەستی کرد بە ڕیفۆرم و بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی بە ڕواڵەت پێشکەوتوو، وەک بەرنامەی دابەش کردنی زەوی‌وزار و ئازادیی ژنان و بەشداری کردنییان لە هەڵبژاردندا.

ئەو کارە لەگەڵ دژایەتی کردنی "مەلاکانی قوم" و بەتایبەت ڕووحوڵلا خومەینی ڕووبەڕوو بووەوە و بوو بە هۆی خۆپیشاندانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ لە شاری تاران و کوژران و بریندار‌بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و لە ئاکامدا خومەینی لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٤٣، بۆ تورکیا دوورخرایەوە و پاشان لەوێ را نێردرا بۆ عێراق و لە شاری "نەجەف" نیشتەجێ بوو.

خومەینی لەو ماوەیەدا کە لە "نەجەف" بوو بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ لایەنگرەکانی خۆی لە ژوورەوەی وڵات پەیوەندیی خۆی پاراست و پاش تەقینەوەی ڕق و بێزاریی خەڵک و دەست پێ کرانی ڕاپەڕین، خومەینی زیاتر وەگەڕ کەوت و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دژی شا زیاتر پەرە پێ دا.

لە جەرەیانی ڕاپەڕیندا ڕێکخراو یان هێزێکی سیاسیی ئەوتۆ لەگۆڕێدا نەبوو کە ڕاپەڕین ڕێبەری بکا و لایەنی دروستی پێ بدا بۆیە زەمینەیەکی زۆر لەبار و پان و بەرین بۆ خومەینی و ئاخوندەکان پەیدا بوو و توانیان بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک و ئامادەبوونی هەلومەرجی عەینی، ڕێبەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینە گەورەیە بەدەستەوە بگرن.

لە گەرمەی ڕاپەڕیندا شا فشاری بۆ دەوڵەتی عێراق هێنا کە خومەینی لە

عێراق دەر بکات. دەوڵەتی عێراق پێملی زەختی ئێران بوو و دەستووری دا کە خومەینی عێراق بەجێ بێڵێت.

له پێشدا قەرار بوو برِوا بۆ "کوەیت" بەڵام ئیجازەی پێ نەدرا و بە دوای ئەو وەزعەدا، دەوڵەتی فەرِانسا ئیجازەی دا خومەینی بچێ بۆ ئەو وڵاتە. رِۆژی ١٣٥٧/٧/١٣ خومەینی گەیشتە پاریس و لەوێ رِا دەستی کرد بە تێکۆشان و رِێبەری کردنی رِاپەرِین. هاتنی خومەینی بۆ فەرِانسا لە رِاستیدا بە زەرەری شا و قازانجی خومەینی تەواو بوو؛ چونکە دەرەتانێکی زۆر گەورە بۆ خومەینی هاتە پێش بۆ تەبلیغات و پەیوەندی گرتنی لەگەڵ وڵات و رِاگەیەنە گشتییەکانی دەرەوە.

شا لە ژێر تەوژمی رِاپەرِینی خەڵکدا رِۆژی ٥٧/١٠/٢٦ی هەتاوی بە بیانووی چارەسەری و ئیسترِاحەت کردن ئێرانی بەجێ هێشت و پازدە رِۆژ دواتر یانی رِۆژی ٥٧/١١/١٢ خومەینی سەرکەوتووانە گەرِایەوە بۆ تاران و بە شێوەیەکی زۆر گەرم لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێ کرا.

دە رِۆژ پاش گەرِانەوەی خومەینی بۆ ئێران یانی ١٣٥٧/١١/٢٢ حکوومەتی دوکتور "شاپوور بەختیار"، دوایین سەرۆکوەزیری دیاریکراوی "شا"، تێک رِووخا و بەختیار هەڵات بۆ دەرەوە و شۆرِشی خوێناویی گەلانی ئێران سەر کەوت. دە رِۆژەی نێوان گەرِانەوەی خومەینی و تێکرِووخانی حکوومەتی "بەختیار" لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا بە "دهەی فجر" نێودێر کراوە.

بەو جۆرە خومەینی قودرەتی بەدەستەوە گرت و بناغەی حکوومەتێکی بە نێوی کۆماری ئیسلامی دارِشت کە زۆر لەمێژ بوو ناو و نێوەرۆکی ئەو شێوە حکوومەتەی لە "رسالەی ولایت فقیە"دا دیاری کردبوو. بنچینەی کۆماری ئیسلامی لەسەر "ولایت مطلقە فقیە" دامەزراوە و "ولی فقیە" بە نوێنەری

ئیمامی زەمان و "قیم" و سەرپەرستی موسوڵمانان حیساب دەکرێ و دەستووراتی "ولی فقیە" بە "حکم الهی" لە قەڵەم دەدرێ و پێویستە بە شێوەیەکی "تعهدی" و بێ بیرکردنەوە و ڕازی بوون یان ناڕازی بوون بەڕێوە بچێت.

مانای ڕاستەوخۆی ئەو تێزە ئەوەیە کە موسوڵمانان "محجور" و ناتەواو و کەمعەقڵن و ناتوانن کاروباری خۆیان ئیدارە کەن، بۆیە دەبێ "قیم" و سەرپەرستیان بۆ دیاری بکرێ. لە ڕاستیدا هەمان "سناریۆ"ی ڕێژیمی پاشایەتی کە بریتی بوو لە "شا سێبەری خودایە لەسەر زەوی" لە کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی دیکە دووپات بووەتەوە.

بنەمای ئەو شێوە حکوومەتە بەتەواوی لەگەڵ دێموکراسی و ئازادی و ڕێزدانان بۆ ئینسان و بەشداری کردنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا ناتەباییی هەیە و لە ڕاستیدا "ولی مطلقە فقیە" تەعبیرێکی مەزهەبییە لە "دیکتاتۆریی موتڵەق" و ئەو دووانە لە باری نێوەرۆکەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە بێجگە لەوە کە دیکتاتۆریی سیاسی مەترسیی کەمترە لە دیکتاتۆریی مەزهەبی.

ڕێفراندۆمی ڕۆژی ١٢ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، کە بە ڕواڵەت بۆ ڕاپرسیی خەڵک و دیاری کردنی نەوع و شکڵی ڕێژیمی تازە ئەنجام درا، تەنیا کردەوەیەکی تەبلیغاتی و خەڵک هەڵخەڵەتێنە بوو چونکە هەر وەک باس کرا خومەینی لەمێژ بوو خەت و سنووری بۆ ڕێژیمی دڵخوازی خۆی کێشابوو. بێجگە لەوەش هێنانەگۆڕی پرسیاری ڕیفراندۆم بە شێوەی بەڵێ یا نەخێر بۆ کۆماری ئیسلامی، لە بنەڕەتدا کارێکی نادروست بوو، چونکە شۆڕشی

بەرینی گەلانی ئێران گەورەترین بەڵگەی بێزاریی خەڵک لە ڕێژیمی پاشایەتی بوو و هێنانەگۆڕێی پرسیاری ڕیفراندوم بەو شێوەیەی بە مانای بێبەش کردنی گەلانی ئێران لە هەقی ئازادانەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی نەوع و چوارچێوەی نیزامی تازە بوو.

بێجگە لەو مەسەلانەی کە باس کران خومەینی پێش بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم، زۆر بە توووڕەیی ڕایگەیاند کە "کۆماری ئیسلامی نە وشەیەک زیاد و نە وشەیەک کەم". مانای ئەو قسەیەی خومەینی ئەوە بوو کە ڕیفراندۆم شتێکی تەشریفاتییە و بوون و نەبوونەکەی هەروەک یەک وایە و ئەوەی لێرەدا بڕیاردەری سەرەکییە را و قسەی خومەینییە.

# فەسڵی دووهەم:
# شەڕی کوردستان

## ١. زەمینەی شەڕ

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ماوەیەک پێش سەرکەوتنی شۆڕش، لە دەرەوەی وڵات را گەڕایەوە بۆ کوردستان و دەستی کردەوە بە تێکۆشانی سیاسی.

ڕۆژی ٥٧/١٢/١١ لە خۆپێشاندانێکی جەماوەریی گەورەدا، کە لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری مهاباد بەڕێوە چوو، حیزب پاش ٣٤ ساڵ تێکۆشانی نهێنی، بە ڕەسەمی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند.

ڕێبەرایەتیی حیزب ئەگەرچی درەنگ گەڕایەوە بۆ کوردستان بەڵام لەبەر ئەوەی حیزب خاوەنی ڕابردوویەکی پڕ لە تێکۆشان و بەرنامەیەکی زانستی و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان بوو، زۆر خێرا لە کوردستان پەرەی گرت و دروشمی بنەماییی حیزب، "دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"، بوو بە دروشم و داخوازیی خەڵکی کوردستان.

گەلی کورد چاوەڕوان بوو کە کۆماری ئیسلامی، بۆ دابین کردنی ئازادی و مافی نەتەوایەتیی گەلانی ژێردەستە و نەهێشتنی چەوسانەوە، هەنگاو هەڵێنێتەوە و بە کردەوە گیر و گرفتەکانی نێو کۆمەڵ چارەسەر بکات. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە، زۆر زوو دەمامکی تەبلیغاتیی سەردەمی ڕاپەڕینیان

له سەروچاوی خۆیان هەڵگرت و ئەو جۆرەی هەبوون خۆیانیان نیشاندا و دەستیان کرد بە دژایەتی کردن لەگەڵ ئازادیخوزان و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و بە مەبەستی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لێرولەوێ دەستیان کرد بە ئاژاوەنانەوە و شەڕ فرۆشتن.

نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨، یانی تەنیا نیزیک بە چل ڕۆژ پاش سەرەکەوتنی شۆڕش، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی ئەوە کە شاری سنە لە مەترسی کەوتووە، لەشکرکێشیان بۆ ئەو شارە کرد و شەڕێکی خوێناوی و نەخوازراویان لە سنە وەڕێ خست.

میهدی بازرگان کە ئەو کات سەرۆکی دەوڵەتی کاتی بوو، لە کتێبێکی خۆیدا بە نێوی "انقلاب ایران در دو حرکت" سەبارەت بە شەڕی نەورۆزی ٥٨ی شاری سنە دەنووسێ کە ئاخوندەکان بێ ئەوەی لە سەرۆکوەزیر یان ستادی ئەرتەش پرسیار بکەن و ئاگاداری لەسەر وەزعی شاری سنە وەدەست بێنن، لە ڕووی هەواڵێکی ئاژاوەگێڕانە و درۆ و تەلەفونێکی "گوماناوی"یەوە کە بۆ نووسینگەی "ئیمام" کرابوو، خەڵکی وڵاتیان بە بیانووی ڕزگاریی سنە لە دژەشۆڕش، بۆ کوردستان ڕێکخست[١].

ڕۆژی ٥٨/١/٢١ی هەتاوی، حیزب کۆبوونەوەیەکی گەورەی جەماوەریی لە شاری نەغەدە پێکهێنا. لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا، لە نەکاو دەست و پەیوەندییەکانی ڕێژیم تەقەیان لە کۆبوونەوەکە کرد و لە ئاکامدا کۆبوونەوەکە تێکچوو و شەڕێکی خوێناوی ساز بوو کە حاڵەتی شەڕی کورد و

١. انقلاب ایران در دو حرکت – نووسینی مهندس بازرگان – چاپی تاران – ساڵی ٦٣ لاپەڕی ٢٠١ پاراگرافی ١.

ئازەریی پەیدا کرد، ئەو شەڕە بەتەواوی بەپێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کورد و گەلی ئازەری بوو و تەنیا ڕێژیم لەو شەڕە بە قازانجی خۆی و بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کوردستان کەڵکی وەرگرت.

حیزبی دێموکڕات هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بە هەموو هێزو ئیمکاناتی خۆیەوەی تێکۆشا کە لە ڕێگای بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی واقیع‌بینانە و ئاشتیخوازانە و ڕوونکردنەوەی خەڵکی کوردستان و فۆرمۆلەکردنیان، خومەینی و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ڕێبازی چارەسەر کردنی هێمنانە و عادڵانەی دۆزی کورد و پێشگرتن لە شەڕ وماڵوێرانی. چەندین جار هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب چوو بۆ لای خومەینی و کاربەدەستانی دیکە. چەندین جار نامەی سەرئاواڵە و پەیام نێردرا بۆ خومەینی و سەرۆکوەزیری دەوڵەتی کاتی. بەشێک لەو نامە و پەیامانە لە دوو بەرگ نامیلکەدا بە ناوی "تلاش در راه تفاهم" لەلایەن حیزبەوە بڵاو کراوەتەوە کە بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەرە بەڕێزەکان لیرەدا بە کورتی ئیشارەیان پێ دەکەم:

١. نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ خومەینی بەبۆنەی پیرۆزباییی سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕۆژی ٥٧/١١/١٩دا.

لەو نامەیەدا داوا لە خومەینی کرابوو کە بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان هەنگاو هەڵبێنێتەوە.

٢. چوونی هەیئەتێکی حیزبی بۆ تاران بە مەبەستی وتوویژ کردن لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان لە ڕۆژی ٥٨/١/١١دا. ئەندامانی هەیئەت بریتی بوون لە دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری حیزب، غەنی بلووریان، محەممەدئەمین سیراجی و ئەمیر

قازی، ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب. لەو سەفەرەدا ئەندامانی هەیئەت چاویان بە خومەینی و بازرگان و چەند کەسی دیکە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کەوت.

٣. نامەی کومیتەی ناوەندیی حیزب بۆ مهەندیس بازرگان سەرۆکی دەوڵەتی کاتی لە ڕۆژی ٥٨/٣/٢٧دا.

لەو نامەیەدا جارێکی دیکە دۆخی کوردستان و داخوازییەکانی خەڵکی کورد بە تەواوی ڕوون کرابۆوە و داوا کرابوو کە پێشی ئاژاوەگێڕیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بگیرێ و دۆزی کورد چارەسەر بکرێ.

٤. نامەی سەرئاوەڵای حیزب بۆ خومەینی لە ڕۆژی ٥٨/٥/١٤. لەو نامەیەدا وا لە خومەینی کرابوو کە پێشی تەبلیغاتی دوژمناکارانەی ڕادیو و تلویزیون و ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکەی سەر بە دەوڵەت لە دژی خەڵکی کوردستان بگرێ.

### ٢ فەرمانی جیهاد و قەدەغە کردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان

تێکۆشانی حیزب بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد بێئاکام مایەوە و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە سەرمەستی سەرکەوتن و بەدەسەڵات گەیشتن بوون و لەبەر غروور و لەخۆبایی بوون، بەر لاقی خۆیانیان نەدەدی، درێژەیان بە سیاسەتی شەڕخوزانەی خۆیان لە کوردستان دا و سەرەنجام ڕۆژی ٢٧ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، خومەینی لە پەیامێکدا کە لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا بڵاو کرایەوە، لە لایەک بەپێچەوانەی بنەمای ئیسلام فتوای جیهادی دژی خەڵکی موسوڵمانی کوردستان دا و لە لایەکی دیکەشەوە بێ لەبەرچاوگرتنی بەڵێنەکانی پێشووی خۆی سەبارەت بە دابین کردنی ئازادییە دێموکڕاتییەکان، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی "منحل" و غەیرە قانوونی ڕاگەیاند.

مانای ڕاستەوخۆی فتوای جیهاد ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان موسوڵمان نین چونکە بەگوێرەی یاسای ئیسلام، فتوای جیهاد تەنیا دژی کافر دەدرێ، ئەویش بە مەبەستی پەرەپێدانی دینی ئیسلام و لە هەلومەرجی تایبەتیی خۆیدا. ئاکامی فتوای خومەینی ئەوە بوو کە هێزێکی یەکجار زۆری تێکەڵاو لە بەسیجی، سپای پاسداران، ئەرتەش، شارەبانی و ژاندارمەری، ڕژانە کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی "سەر بۆ من و ماڵ بۆ تۆ" و "شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم" دەستیان کرد بە کوشتار و تاڵان و بڕۆ و سووتاندنی مووچە و خەلە و خەرمانی خەڵکی کوردستان.

ئازادیی پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە لایەک نیشانەی

شارستانییەت و سوباتی سیاسی و قانوونمەندیی جامیعەیە و لە لایەکی دیکەشەوە شەرتی زەرووری و گرینگی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر وڵاتێکە. بەبێ بوونی ئەحزابی سیاسی و ئازادییە بنەڕەتییەکان و بەرخوردی هێمنانەی بیروڕای جۆراوجۆر، کۆمەڵگا ناتوانێ لە بواری فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گەشە بکا و بەرەو پێش بچێ.

ماددەی ٢٠ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەم چەشنە باسی ئازادیی حیزبەکان دەکات:

١- ئازادیی ئەو کۆڕ و ڕێکخراوانەی کە ئامانجی ئاشتیخوازانەیان هەیە دەستەبەر دەکرێ. هەموو کەس حەقی هەیە تێکەڵ بە هەر کۆڕ و ڕێکخراوەیەک بێ کە پێی باشە.

٢- نابێ هیچ کەس مەجبوور بکرێ کە بچێتە پاڵ ڕێکخراوەیەک.

پاش هاتنەسەرکاری خومەینی، زۆر زوو بۆ گەلانی ئێران دەرکەوت کە خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن هیچ بیروبۆچوونێکی جیاواز لە بیروبۆچوونی خۆیان قەبووڵ بکەن و لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە ئازادی و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و مافی مرۆڤ و ئەو جۆرە بابەتانە نییە و ئەو شتانە بە دەستکرد و شوێنەواری وڵاتانی ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدەن. بۆیە زۆر زوو دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی دروشمی بێ نێوەرۆکی وەک "حزب فقط حزب الله، رهبر فقط روح الله". ئەو کارە نیشانەی ئەوە بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ بەرە بەرە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان قەدەغە و سەرکوت بکەن.

ئەسڵی ٢٦ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەک باسی

ئازادیی ڕێکخراو و حیزبی سیاسی دەکات کە بە تەواوی مەنع و قەدەغە بوونی ئەحزابی پێوە دیارە. بەگوێرەی ئەو خاڵە حیزب، کۆمەڵە و ڕێکخراوەی سیاسی و هاوپیشە و ئیسلامی یان هی کەمایەتییە دینییەکان کە بە ڕەسمی ناسراون، ئازادن بەو مەرجە کە بنەمای سەربەخۆیی، ئازادی، یەکێتیی نەتەوەی، مەوازینی ئیسلامی و ئەساسی کۆماری ئیسلامی پێشێل نەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە:

یەکەم: ئەو بنەمایانەی کە لەو خاڵەدا باس کراون نێوەرۆک و چوارچێوەی ڕوون و دیاریکراویان نییە و زۆر شرۆڤەهەڵگرن.

دووهەم: شرۆڤە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایانە و نەزەر دان لەسەر ئەوە کە چ حیزبێک لەگەڵ ئەو بنەمایانە دێتەوە یان نایەتەوە بە هۆی کاربەدەستانی حاکم ئەنجام دەدرێ و ئەو کاربەدەستانەش هەموو شتێک بە قازانج و پێوانەی خۆیان هەڵدەسەنگێنن و وەک دەگوترێ زۆر بە هاسانی دەتوانن "حەڵاڵ حەرام و حەرام حەڵاڵ" بکەن.

زۆر بەڕوونی دەتوانین بڵێین کە لە کۆماری ئیسلامیدا ئازادیی حیزب بە مانای واقیعیی ئەو بابەتانە لە گۆڕێدا نییە و تەنیا حیزبگەلێک دەتوانن هەبن کە بە داردەستی کۆماری ئیسلامی بەحیساب بێن. عەینی ئەو سیناریۆیە لە زەمانی ''شا''شدا هەبوو و تەنیا حیزبی دەستکرد و گوێ لە مست ئیجازەیان پێ دەدرا و ئەوانیش بە قازانجی پاشایەتی کاریان دەکرد.

## یەکەم قوربانی

یەکەم قوربانیی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بوو. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی

هەتاوی (ساڵرۆژی کوودەتای شوومی شا لە دژی دوکتور موسەدیق) خومەینی هاوکات لەگەڵ فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتیشی غەیرە قانوونی و هەڵوەشاوە (منحل) ڕاگەیاند.

حیزبی دێموکرات هەر چەند حیزبێکی سەرتاسەری نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی گەورەترین و پڕنفووزترین حیزبی کوردستان بوو کە زیاتر لە ٨٠% لە خەڵکی کوردستانی ئێران پشتیوانییان لێ دەکرد و ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بوو، لە پێش هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێراندا کەوتە بەر پەلامار و غەیرە قانوونی ڕاگەیەندرا.

قەدەغە کرانی حیزبی دێموکرات بە تەواوی لەگەڵ ئازادی و ئاشتیخوازی و مافی مرۆڤ و ماددەی ٢٠ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دژایەتیی هەیە چونکە:

یەکەم: حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی سەربەخۆییی ئێران و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیمۆکرات لە ئێراندا و بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

دووهەم: حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاندووە کە خوازیاری چارەسەریی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردە لە کوردستانی ئێران و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامیی نییە.

سێهەم: ئامانجی ئێستا و دوارۆژی حیزبی دێموکرات ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤە. کە وا بوو هیچ دەلیلێکی مەنتیقی و قانوونی، بۆ قەدەغە کردنی حیزبێکی ئاشتیخوازی وەک حیزبی دێموکرات، لە گۆڕێدا نەبوو. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی لە ڕاستیدا دژایەتیی

خۆی لەگەڵ ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دێموکڕات کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێ کرا ئاشکرا کرد.

بە دوای دەست پێکردنی شەڕی کوردستاندا ڕێکخرای کۆمەڵە و خەباتیش لە کوردستان بە کردەوە قەدەغە کران بێ ئەوەی بە شێوەی ڕەسمی ''منحل'' بوونیان ڕابگەیەندرێ. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک ماوەیەک دواتر یانی ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ کەوەتە بەر هێرش و پەلاماری سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و قەدەغە کرا.

حیزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوی فیداییەکانی خەڵکی ئێران شاخەی ''اکثریت''، سەرەڕای ئەوەی زۆر بنەمای سیاسی و ئەخلاقی و تەنانەت بیرو باوەڕی خۆشیان لەبەر خاتری ڕەزایەت و پێ خۆش بوونی کۆماری ئیسلامی ژێر پێ نا و بە بیانووی ئەوەی کە گۆیا کۆماری ئیسلامی نیزامێکی دژی ئیمپریالیزمە زۆر جینایەتی ئەو ڕێژیمەیان دەرحەق بە گەلانی ئێران بە گشتی و بە گەلی کورد بە تایبەتی سواغ دا و تەنانەت لە زۆر بواریشدا هاوکاریی کۆماری ئیسلامییان دەکرد؛ بەو حاڵەش لە ساڵی ٦٢دا کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەشێکی زۆری ئەندامان و کادرەکانی ئەو دوو ڕێکخراوەیە گیران و زیندان کران و بەو جۆرە پاداشی هەڵوێستی نادروستی خۆیان وەرگرتەوە و قەدەغە کران. ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی دیکە وەک ''راه کارگر'' و ''اقلیت''، ماوەیەک پێشتر لە حیزبی توودە بە کردەوە قەدەغە کرابوون.

لەو نێوەدا ''نهضت آزادی'' و ''حزب ملت ایران'' بە قەبووڵ کردنی دەستووری کۆماری ئیسلامی تا ئێستا دەستیان بەسەر کڵاوی خۆیانەوە گرتووە کە با نەیبا. لە ڕاستیدا ڕێژیم ئەو دوو ڕێکخراوەیەی بە خەتەری گەورە

بۆ سەر خۆی نەدەزانین بۆیە ڕێگای پێ داون کە بە شێوەیەکی نەمر نەژی بمێننەوە و جاروبار نووزەیەکیان لێ بێ تا خەڵک وا بیر نەکەنەوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا ئیجازەی تێکۆشان بە ئەحزابی موخالیف نادرێ.

کانوونی فەرهەنگیی خەڵکی تورکمەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەلووچستان و ئازەربایجان و خوزستان، هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەو گەلە بەشخوراوانە و سەرکوت کردنی ئازادیخوازانی ئەو ناوچانە، قەدەغە کران.

### ٣. قۆناخی یەکەم: شەڕی ٣ مانگە

دەرچوونی فتوای جیهاد حاڵەتێکی ڕەسمی و ئاشکرای بە شەڕی کوردستان دا و بەدوای ئەوەدا سێڵاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە چەک و چوڵێکی ڕووخێنەر بەرەو کوردستان وەڕێکەوتن و شەڕێکی زاڵمانە و خوێناوییان دژی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وەڕێ‌خست. پشتیوانیی "مەعنەوی"ی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، فتوای خومەینی بوو کە ئەگەر بکووژن غەزایان کردووە و ئەگەر بشکووژرێن شەهید دەبن و دەچنە بەهەشت.

لە هەلومەرجێکی ئاوا سەختدا دوو ڕێگا لە پێش گەلی کورددا هەبوو:

ئا. بێدەنگی و وازهێنان لە ئازادیخوازی و مافی نەتەوایەتی و ڕازی بوون بە ملشۆڕی و درێژەی چەوسانەوە و ژینی ژێردەستەیی.

بێ. درێژەدان بە خەبات و بایەخ دانان بۆ ئازادی و سوور بوون لەسەر دابین کردنی مافی نەتەوایەتی و دیفاعێکی شەرافەتمەندانە.

گەلی کورد ڕێگای دووهەمی هەڵبژارد. ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان، هەر وەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە هەموو ئیمکاناتێکی خۆی کەڵکی وەرگرت، بۆ دیفاع کردن و پاراستنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان زۆر چالاکانە هاتە مەیدان و دەستی کرد بە خۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی پێویستییەکانی خۆپاراستن. شەڕ لە سەرتاسەری کوردستان دەستی پێ کرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵک شارەکانی بەجێ‌هێشت و لە دەرەوەی شارەکان دەستی کرد بە

دیفاعێکی قارەمانانە. هاوکات لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنی شارەکان، ڕاونان و گرتن و موحاکەمەی سەحرایی و ئیعدامی ئازادیخوازان و لاوەکان لە شار و گوندەکانی کوردستان دەستی پێ کرد.

ئاخوند سادق خەڵخاڵی کە یەکێک لە حاکمە خوێنڕێژەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، لە تەواوی شارەکانی کوردستان حەمامی خوێنی وەڕێخست و دەیەویست بە پێکهێنانی حاڵەتی ترس و خۆف، گەلی کورد بەچۆکدابێنی.

بەرەبەرە لە مەیدانەکانی شەڕدا هێزی پێشمەرگە لە حاڵەتی دیفاعی هاتە دەر و دەستی کرد بە هێرش کردن و زەربەی قورس و کاریگەری لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەشاند. زۆری نەخایاند کە لەشکری زۆر و بۆری کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان تووشی شکستێکی زۆر گەورە بوو و هێزی پێشمەرگە بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی لە هێزەکانی دەوڵەتی پاک کردەوە و سەرکەوتووانە گەڕایەوە بۆ شارەکانی کوردستان و کۆنترۆڵی ئەو شارانەی بەدەستەوە گرت.

شەڕی قارەمانانەی "دارساوێن" لەسەر جاددەی سەردەشت – بانە، لە ڕۆژی ٥٨/٧/١٥ و زنجیرە شەڕی دەوروبەری "تەنگەی گرژاڵ" لەسەر جاددەی سەردەشت – پیرانشار لە ڕۆژی ٥٨/١/١٨ وەک دوو نموونەی بەرچاوی شەڕی کوردستان لەو قۆناغەدا دەتوانین نێو بەرین.

بەدوای شکستی هێزکانی ڕێژیم لە کوردستان، ڕۆژی ١٣٥٨/٨/٢٦ خومەینی لە پەیامێکدا کە لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە، ڕایگەیاند کە "بدخواهان" نەزەری ئەویان سەبارەت بە خەڵکی کوردستان و داخوازە ڕەواکانی ئاڵۆز کردبوو. لەو

پەیامەدا خومەینی وەعدەی دا کە دۆزی کوردستان بە هێمنی چارەسەر دەکا و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دێنە دی. بەو جۆرە قۆناغی یەکەمی شەڕی کوردستان بە شکستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆتاییی پێ هات. ئەو قۆناغە لە خەباتی کوردستان بە شەڕی ٣ مانگە نێوبانگی دەرکردووە.

### ٤. دوو هەیئەت بۆ وتوویژ

هەیئەتی وتوویژی دەوڵەت – هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد.

بە دوای شکستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی پەیامی خومەینی، دەوڵەتی کاتی بۆ وتوویژ کردن و دوزینەوەی ڕێگا چارە بۆ دۆزی کوردستان، هەیئەتێکی بە ناوی هەیئەتی وتووێژی دەوڵەتی کاتی بۆ کوردستان، دیاری کرد. ئەندامانی ئەو هەیئەتە بریتی بوون لە:

١. داریووش فرووهەر، وەزیری موشاویر- سەرۆکی هەیئەت.

٢. دوکتور عیززەتوڵڵا سەحابی وەزیری بەرنامە و بودجە- ئەندامی هەیئەت.

٣. مهەندیس هاشم سەباغیان، وەزیری نێوخۆ- ئەندامی هەیئەت.

لەو لایەشەوە بەدوای ئەوەدا کە هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی کوردستاندا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێنا و چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا کە حکوومەتی کاتی یان باشتر بڵێم ئاخوندە کاربەدەستەکان لە ڕووی ناچاری مل بۆ وتووێژ کردن شۆڕ بکەن، لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، ماوەیەک پێش پەیامی خومەینی کەوتنە ڕاوێژ کردن، بۆ پێکهێنانی هەیئەتێکی هاوبەش کە لە داهاتوودا لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم وتووێژ بکات.

ڕۆژی ١٣٥٨/٨/١٢، ڕێککەوتننامەیەک بە ئیمزای حیزبی دێموکڕات، کۆمەڵە، چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران- لقی کوردستان و مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی بڵاو کرایەوە کە لەو ڕێککەوتننامەیەدا، پێکهاتنی هەیئەتی

نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان ڕاگەیەندرابوو[١].

پێکهاتەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد بە شێوەی خوارەوە بوو:

١. شیخ عێزەدین حوسێنی، سەرۆکی هەیئەتی نوێنەرایەتی.

٢. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، وتەبێژ(سخنگو)ی هەیئەت.

٣. کۆمەڵە، ئەندامی هەیئەت.

٤. چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران ـ لقی کوردستان، ئەندامی هەیئەت، مامۆستا شیخ عێزەدین حوسێنی وەک "کەسایەتی" لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورددا بەشداریی کردبوو.

لە ڕێککەوتننامەدا دیاری کرابوو کە لە کاتی وتوویژ کردن لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتدا، هەر کام لە ئەندامانی هەیئەت دەتوانێ هەر مەسەلەیەک کە بە پێویست بزانێ بە نووسراوە بیدا بە وتەبێژی هەیئەت کە لە کۆبوونەوەدا بیهێنێتە بەرباس.

پاش پەیامی خومەینی، ئاگربەس لەلایەن هەردووک لاوە ڕاگەیەندرا. ئەندامانی هەیئەتی وتوویژی دەوڵەت، چەندین جار هاتوچۆی کوردستانیان کرد. چاویان بە سکرتێری گشتیی حیزب و هێندێک کەسایەتیی دیکە کەوت. جاری وابوو لەگەڵ خەڵکی کۆڵان و بازاڕیش قسەیان دەکرد. لە کاتی ئەو هاتوچۆیانەدا بە ئاشکرا دەرکەوت کە مەبەستی هەیئەتی وتوویژ، خۆگنخاندن و خۆپاراستن لە وتوویژ کردنی جیددییە. سەرەنجام ڕۆژی ١٣٥٨/٩/١٩ سەعات سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ یەکەم کۆبوونەوەی هەیئەتی وتوویژ لەگەڵ

---

١. هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد ـ کار ـ ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لە فەرمانداریی شاری مهاباد پێکهات.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا داریوش فرووهەر سەرۆکی هەیئەتی ویژە(تایبەت)، پاش باسێکی کورت لەسەر وتووێژ و دۆزی کوردستان، ئەندامانی هەیئەتی ویژەی بە کۆبوونەوە ناساند. پاشان سەرۆکی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد هیواداریی دەربڕی کە وتووێژ بەئاکام بگات و بە دوای ئەوەدا ئەندامانی نوێنەرایەتیی، بە شێوەی جودا جودا و نێوبردنی ڕێکخراوی هەرکامەیان، بە کۆبوونەوەکە ناساند. هاشم سەباغیان زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە پێکهاتەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد گرت و ڕایگەیاند کە ئێمە هاتووین کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان قسە بکەین، نەک لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتایبەت ڕێکخراوە مارکسیستییەکان.

بە دوای ئەو قسانەدا وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دوکتور قاسملوو بە دوورودرێژی و زۆر بەڵگەمەند لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دۆزی کورد قسەی کرد و لە وڵامی ڕەخنەی هاشم سەباغیاندا ڕایگەیاند کە دیاریکردنی پێکهاتەی نوێنەرایەتیی کوردستان لە ئەستۆی خەڵکی کوردە هەروەک دیاریکردنی پێکهاتەی هەیئەتی وتووێژ لە ئەستۆی دەوڵەتی ناوەندییە.

بەدوای ئەو باسانەدا داریووش فرووهەر وەک پشوودان کۆبوونەوەکەی ڕاگرت[٢].

٢ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد - کار- ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران.

هەرچەند قەرار دانرابوو کە ڕۆژی دوایی کۆبوونەوەی دیکە دەست پێ بکاتەوە، بەڵام هەیئەتی وتووێژ، ڕۆژی دوایی نەهاتن بۆ کۆبوونەوە و دوو ڕۆژ دواتر گەڕانەوە بۆ تاران.

بەو جۆرە یەکەم کۆبوونەوەی دوو هەیئەت بوو بە ئاخرین کۆبوونەوە. هەروەک لە پێشدا ئاماژەی پێ کرا، مەبەست لە هاتوچۆی هەیئەتی وتووێژ، تەنیا جێگیر کردنی ئاگربەس و وەدەست هێنانی کات بوو بۆ ئەوەی ڕێژیم بتوانێ هێزە تێکشکاوەکەی خۆی جارێکی دیکە بۆ هێرشی دووبارە بۆ سەر کوردستان ڕێکبخاتەوە.

سەرەڕای سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و شەڕخوازانەی ڕێژیم، ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردستان وازی لە تێکۆشان بۆ چارەسەر کردنی هێمنانەی پرسی کوردستان نەهێنا و چەند جاری دیکەش بە نووسینی نامە و ناردنی هەیئەت بۆ لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، نیازپاکی و عەلاقەی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد دەربڕی.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەی دیکە دەکەم:

١. نامەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ خومەینی لە ڕۆژی ١٣٥٨/١٠/٢٥ دا. لەو نامەیەدا، داوا لە خومەینی کرابوو کە ڕێگا نەدا جارێکی دیکە شەڕ لە کوردستان دەست پێ بکاتەوە.

٢. نامەی کومیتەی ناوەندیی حیزب بۆ "بەنیسەدر" کە تازە بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردرابوو لە ڕۆژی ٥٨/١١/٢ دا. لەو نامەیەدا داوا کرابوو کە ئیجازە بدرێ هەیئەتێک لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بۆ ڕوونکردنەووی داخوازییەکانی

خەڵکی کوردستان بچێت بۆ تاران[1].

٣. کۆنگرەی چوارەمی حیزب لە ڕۆژی ٥٨/١١/٢٨ دەستی بە کار کرد. پاش تەواو بوونی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندیی تازە بڕیاری دا هەیئەتێک بنێرێ بۆ تاران.

ئەو هەیئەتە لە ڕۆژی ٥٨/١٢/٨دا گەیشتە تاران و چاوی بە سەرکۆمار "حەسەن بەنی‌سەدر" کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا قەرار درا کە هەیئەتی حیزب لەو ماوەیەدا کە لە تاران دەمێنێتەوە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان فۆرمۆلە بکا و لە ڕێگای داریوش فرووهەر و هاشم سەباغیان را بدرێ بە بەنی‌سەدر.

ڕۆژی ٥٨/١٢/١١، هەیئەتی حیزب تەرحێکی فورمولە کراوی ٦ ماددەیی لە ڕێگای ئەو دوو کەسەی سەرەوە نارد بۆ بەنی‌سەدر[2].

پوختەی تەرحی ٦ ماددەیی:

١. دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و "تمامیت ارضی" ئێراندا. ئەو مەسەلەیە دەبێ لە "متمم قانون اساسی"دا بگونجێ.

٢. دیاری کردنی سنووری جوغرافیایی کوردستان بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی مێژوویی، جوغرافیایی، ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر ناوچە.

٣. هەڵبژاردنی شووڕایەکی سەرانسەری بۆ کوردستانی خودموختار بە هەڵبژاردنێکی نهێنی، ڕاستەوخۆ، گشتی.

---

١. نامیلکەی "تلاش در راه تفاهم" حیزبی دیموکرات، ڕەشەمەی ٥٩

٢. نامیلکەی "تلاش در راه تفاهم" حیزبی دیموکرات، ڕەشەمەی ٥٩

٤. دیاری کردنی هەیئەتێکی ئیجرایی بۆ ئیدارە کردنی کاروباری ئابووری و فەرهەنگی و ئیداری و ئینتیزامیی کوردستان لەلایەن شووڕای سەرانسەریی کوردستانەوە.

٥. بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەی خودموختاری کوردستان بۆ پەروەردە و نامەنووسینی ئیدارات لە پەنا زمانی فارسیدا.

٦. سپاردنی تەواوی کاروباری ئیداری، ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیتیزامی کوردستان بە ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار.

## ٥- قۆناخی دووهەم، دەست پێکردنەوەی شەڕ

هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات بۆ پێشگیری کردن لە دەستپێکردنەوەی شەڕ بە ئاکام نەگەیشت و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو تێکۆشانەیان بە حیسابی بەهێزیی خۆیان و بێ‌هێزیی بزووتنەوەی کوردستان لەقەڵەم دا.

لە سەرەتای بەهاری ساڵی ٥٩دا کۆماری ئیسلامی پاش ڕێکخستنەوەی هێزەکانی خۆی، لە هەموو لایەکەوە بە هێزێکی زۆر و پەرداخەوە جارێکی دیکە هێرشی هێنایەوە، سەر کوردستان و شەڕێکی خوێناوی و زۆردارانەی بەسەر خەڵکی کورددا سەپاند کە هەتا ئێستا هەر درێژەی هەیە و ئاگری ئەو شەڕە سەرانسەری ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو جاریش لەو باوەڕەدا بوون کە زۆر خێرا دەتوانن بەربەرەکانێی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان تێک بشکێنن. بۆیە بەنی‌سەدر سەرکۆماری ڕێژیم دەستووری بە هێزە چەکدارەکانی دا کە تا سەرکوت کردنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و نەهێشتنی دژە شۆڕش، قەیتانی پۆتینەکانیان نەکەنەوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی شەڕی کوردستاندا هیچ پیلان و تاکتیکێکی دژی گەلییانە نەماوە کە بەکاری نەهێنن و لەو بارەیەوە هەموو هێزی "ماددی و مەعنەوی"ی خۆیان، بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان خەڵک و هێزی پێشمەرگە، بەکار هێناوە و سەرانسەری ناوچەکانی کوردستانیان بە پێگەی نیزامی تەنیوە. کەم تەپۆڵکە و شاخ و دۆڵ سەرچاوەی ئاو هەیە کە

مۆڵگەی هێزەکانی ڕێژیمی لێ نەبێ.

له زۆربەی گوندەکان پێگەی نیزامی دامەزراوە. وەزعی شارەکانیش هەر بەو جۆرەیە و له زۆربەی شەقام و کۆڵانەکان، بنکەی نیزامیی ڕێژیم بەرچاو دەکەوێ. گەرچی ئاماری ورد و دەقیقم له ڕادەی بنکە و ژمارەی چەکداری ڕێژیم له کورستان بە دەستەوە نییە، بەڵام بێگومان بە هەزاران بنکەی نیزامیی گەورە و بچووک و بە سەدان هەزار کەس هێزی نیزامی له کوردستان جێگیر بوون و هەزاران کەسی دیکەش له پشت جەبهەڕا خەریکی تەداروک کردنی ئەو هێزانەن. کوردستان بەتەواوی حاڵەتی ناوچەی شەڕی هەیە و تەواوی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی له کوردستان له مووچە و "فوق‌العاده"ی تایبەتی شەڕ کەڵک وەردەگرن و بەو جۆرە بەشێکی زۆر له بوودجەی گشتیی ئێران خەرجی شەڕو وێران کردنی کوردستان دەکرێ.

له پەیوەندی لەگەڵ شەڕی کوردستاندا ڕوونکردنەوەی دوو خاڵی گرینگ بە پێویست دەزانم:

ئا- سەرەڕای میلیتاریزە بوونی کوردستان، کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە پێشی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامیی بزووتنەوەی کوردستان بگرێ و پەیوەندیی پتەوی نێوان خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە بپچڕێنێ.

بێ- پێگەی زۆری نیزامی له کوردستان بەهیچ جۆر نیشانەی سەقامگیر بوونی کۆماری ئیسلامی له کوردستان نییە. بە پێچەوانەوە نیشانەی بەرفراوانی و بەهێزبوونی خەباتی کوردە و نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوتۆی له نێو خەڵکی کوردستاندا نییە و تەنیا بە زۆری سەرنێزە و زەبروزەنگ دەتوانێ له کوردستان خۆی ڕاگرێ.

شەڕی کوردستان وەک تابلۆیەک وایە کە پڕە له وێنەی ناحەز و جوان.

لەلایەک پەژارە، ماڵوێرانی، پیلان گێڕان، کوشتاری خەڵک، دڵڕەقی و دڕندەیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و لە لایەکی دیکەشەوە ئازایەتی، حەماسە و قارەمانەتی و فیداکاریی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و جێگای خۆیەتی هەر کام لەوانە، بۆ ئاگاداریی بەرەی داهاتووی گەلەکەمان، لە مێژوودا تۆمار بکرێ.

لە جەرەیانی شەڕی کوردستاندا تا ئێستا نیزیک بە چوارهەزار کەس کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات شەهید کراون کە یازدەکەس لەو شەهیدە بەنرخانە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب بوون کە نێوەکانیان بریتین لە:

١. شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری گشتیی حیزب.

٢. شەهید عەبدوڵلا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٣. شەهدی سەرگورد حەبیبوڵلا عەباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٤. شەهید سەرگورد کەریم عەلیار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٥. شەهید سەروان ئەحمەد جاویدفەر(هەژار)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٦. شەهید عەبدوڵلا بەهرامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٧. شەهید حەکیم ڕەزایی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٨. شەهید کەماڵ دەباغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٩. شەهید سەدیق فەروخیان، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی.

١٠. شەهید سەدیق فیرووزیان، ئەندامی جێگری کۆمیتە ناوەندی.

١١. شەهید تەها حەقتەڵەب، ئەندامی موشاویری کۆمیتە ناوەندی.

پێویستە بگوترێ کە شەهید کەماڵ دەباغی و شەهید تەها حەق تەڵەب لە

زیندانی کۆماری ئیسلامیدا ئیعدام کراون.

بێجگە لەو شەهیدانەی حیزب کە باس کران، زۆر کەس لە ئەندام و پێشمەرگەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە کە زۆروکەم لە شەڕی کوردستاندا بەشدارییان کردووە شەهید کراون کە بە داخەوە ئامارەکانیان نازانم.

هەروەها لە جەرەیانی شەڕی کوردستاندا تا ئێستا بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان شەهید و خەڵکی دەیان گوند قەتڵوعام کراون و بە هەزاران کەس لە ئازادیخوازانی کوردستان زیندانی کراون و ئەشکەنجە دراون و ژمارەیەکی یەکجار زۆریش ئیعدام کراون.

هەڵسوکەوتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان وەک هەڵسوکەوتی سەربازانی دەوڵەتێکی "سەرکەوتوو" وایە لەگەڵ خەڵکی وڵاتێکی شکستخواردوو.

لە شەڕی کوردستاندا تا ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بوون بە قوربانیی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیم و کوژراون و هەروەها هەزاران کەس لەو هێزانە لە بەرەکانی شەڕی کوردستاندا بەدەستی هێزی پێشمەرگە بە دیل گیراون و پاش ماوەیەکی کورت ئازاد کراون.

ناو و نازناوی نزیک بە دوو هەزار و پێنجسەد کەس لەو دیلانە کە ئازاد کراون لە نامیلکەیەکدا بە نێوی "اسرای آزاد شده جنگ تحمیلی کردستان" کە لەلایەن حیزبەوە بڵاوە کراوەتەوە، ڕاگەیەندراوە.

### ٦- کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ دابین کردنی قازانج و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان هەموو کارێک بە ڕەوا دەزانن و دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزن. لە ڕوانگەی ئەو کاربەدەستانەوە، "ئامانج وەسیلە تەوجیە دەکا" و بە تەعبیرێکی سیاسی، خەسڵەتی ماکیاوێلیستییان هەیە، ئەویش بریتییە لە گەیشتن بە ئامانج بە هەر شێوەیەک و لە هەر ڕێگایەکەوە.

ئەگەر لە سەردەمی پاشایەتیدا سەرکوت کردنی ئازادیخوازان تەنیا ڕەنگی سیاسیی هەبوو، ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا ئەو کارە ڕەنگی مەزهەبیشی پێ دراوە. لە مێژوودا نموونە زۆرە کە شا و حاکم و زۆردارەکان، جینایەتیان ئەنجام داوە و دەستیان بە خوێنی ئینسانە بێ تاوانەکان سوور بووە، بەڵام کەمتر بیندراوە کە بە شێوەی کۆماری ئیسلامی، جینایەت بە عیبادەت لە قەڵەم بدرێ.

ئەگەر لە فەلەستین خەڵکی سڤیلی گوندی "دیریاسین" بە دەستی هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل قەتڵوعام کران، لە کوردستان خەڵکی دەیان گوند بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەتر بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی قەتڵوعام و قەڵاچۆ کراون. چەند نموونە باس دەکەم:

١- گوندی قاڕنێ، (نەغەدە)، زیاتر لە ٥٠ شەهید، ڕیکەوتی ٥٨/٦/١١.

٢- گوندی قەڵاتان، (نەغەدە)، ٢٠ شەهید، ڕێکەوتی ٥٩/١/٦

٣- گوندی ئیندرقاش، (مهاباد)، ٥٠ شەهید، ڕێکەوتی ٥٩/٨/١٣.

٤- گوندی سۆفیان، (پیرانشار)، ١٢ شەهید، ڕێکەوتی ٥٩/٨/٢٧.

٥- کوورەخانەی ساروقامیش، (بۆکان)، ١٨ شەهید، ڕێکەوتی ٦٠/٦/٢٣.
٦- گوندی بایزاوێ، (نەغەدە)، ٩ شەهید، ڕێکەوتی ٦٠/٨/١٨.
٧- گوندی قەرەگۆل، (مهاباد)، ٩ شەهید، ڕێکەوتی ٦١/١١/٦.
٨- گوندی سەوزی، (مهاباد)، ٩ شەهید، ڕێکەوتی ٦١/١١/٦.
٩- گوندی هەلەقوش-گیجە، (ورمێ)، ١٣ شەهید، ڕێکەوتی ٦٢/١/٣.
١٠- گوندی چەقەڵ مستەفا، (نەغەدە)، ١٣ شەهید، ڕێکەوتی ٦٢/١/٥.
١١- گوندی خەلیفەلیان، (نەغەدە)، ٦ شەهید ڕێکەوتی ٦٢/١/٥.
١٢- گوندی گوندەویلە ـ دووئاو، (نەغەدە)، ٦ شەهید، ڕێکەوتی ٦٢/٦/٢٣.

ناو و زانیاریی قوربانیانی ئەو کوشتارە بەکۆمەڵانە لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "گوشەای از جنایات جمهوری اسلامی در کوردستان" بە زمانی فارسی لە گەلاوێژی ١٣٦٩دا لەلایەن حیزبەوە بڵاوە کراوەتەوە.

ئەنجامدانی ئەو جینایەتە سامناکە ئینسان وەبیر ئەو جینایەتانە دەخاتەوە کە لە ڕابردوودا، هێزەکانی ئاڵمانی نازی و سپای چەنگیز و تەیمووری لەنگ دەرحەق بە خەڵکی سڤیل ئەنجامیان داوە.

لە نێو قوربانیانی ئەو کوشتارانەدا ژن، پیاو، پیر، لاو، منداڵ و مامۆستای ئایینی دەبیندرێ و هێزەکانی ڕێژیم کاتێک ڕژاونەتە نێو ئەو گوندانە، دەستیان لە کەس نەپاراستووە. تاوانی ئەو خەڵکە تەنیا ئەوە بووە کە کوردن یان کەسوکاری پێشمەرگەن.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، هەر کات لە بەرەکانی شەڕی کوردستاندا لە هێزی پێشمەرگە شکست بخۆن، ڕق و کینەی خۆیان بەسەر خەڵکی بێ دیفاعدا دەڕێژن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە کورد هەر کوردەو دژی شۆڕشە.

پاش ڕوودانی جینایەتی گوندی قاڕنێ کە لە سەرتاسەری ئێراندا دەنگی

داوه، خومەینی نوێنەرێکی خۆی بە نێوی "میهدی بەهادۆران" نارد بۆ کوردستان تا لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە. نوێنەری خومەینی ماوەی مانگێک لە کوردستان مایەوە و پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد گەڕایەوە بۆ تاران و خومەینیی لە چلۆنایەتیی ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە.

ڕۆژنامەی "تهران تایمز" ڕۆژی ٥شەممۆ ڕێکەوتی ٥٨/٧/١٠ لەو بارەیەوە نووسیویەتی: "میهدی بەهادۆران، نوێنەری خومەینی، کە ماوەی مانگێک لە کوردستان بووە، لە ڕاپۆرتی خۆیدا کە داویە بە خومەینی ڕایگەیاندووە کە مەسایلی کوردستان خەتای پیلانگێڕانی ئاخوندە ساواکییەکانی دژی کورد و فەرماندە نیزامییەکان و ژاندارمەری و شەخسی چەمران، وەزیری دیفاعە[١].

١ اسناد لانەی جاسوسی – کردستان (١) شمارە (٣١) دانشجویان پیرو خط امام – لاپەڕەی ٢١٢.

# فەسڵی سێهەم:
# مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا

## ١. کۆماری ئیسلامی - سەرەتای قۆناغێکی تازەی دیکتاتۆری

ڕۆژی ١٣٥٧/١٠/٢٦ی هەتاوی شای ئێران ''محەممەدڕەزا پەهلەوی'' لە ژێر تەوژمی خۆپێشاندان و ڕاپەڕێنی بەرینی گەلانی ئێراندا، مەجبوور بوو بە بیانووی چارەسەری و ئیستراحەت کردن ئێران بەجێ بێڵێ. ئەوە دووهەم جار بوو کە شا مەجبوور بوو هەڵبێ. جاری یەکەم لە سەردەمی حکوومەتی دوکتور ''محەممەد موسەدیق''دا ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ شا بە فڕۆکە هەڵات بۆ بەغدا و لەوێ را ڕۆیشتە وڵاتی ئیتالیا. شیعری مەشهووری شاعیری گەورەی کورد مامۆستا هێمن ''دەبڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ'' لەو سەروبەندەدا گوتراوە.

پازدە ڕۆژ دوای هەڵاتنی دووهەمی شا، یانی ڕۆژی ٥٧/١١/١٢ خومەینی لە فەڕانسە را سەرکەوتووانە گەڕایەوە بۆ ئێران.

کاتێک خومەینی لە پاریس را بە فڕۆکەیەکی "ئێرفڕانس" بەرەو تاران فڕی و گەیشتە فڕۆکەخانەی "میهراباد" وەک قارەمانێکی میللی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە پێشوازیی لێ کرا. ئەو کات خەڵک ئەو فڕینەیان بە ''فڕینی ئازادی'' یان ''فڕینی ئینقلاب'' ناو دەبرد و زۆربەی خەڵک لەو باوەڕەدا بوون کە خومەینی لەگەڵ خۆی ئازادی و بەختیاریی بۆ هێناون. ئەو فڕۆکەیەی کە

''فڕینی ئازادی''ی ئەنجام دا بە پووڵی کابرایەکی لایەنگری خومەینی بە ناوی حاج کەریم دەستماڵچی دەربەست بەکرێ گیرابوو. ئەو کات دەستماڵچی ئەو کارەی خۆی بە ئەنجام دانی ئەرکی مەزهەبی و نیشتمانیی خۆی دەزانی و لەو باوەڕەدا نەبوو کە بە دەستی خۆی قەبری خۆی هەڵکەندووە. چونکە نزیکەی ٢ ساڵ دواتر، دەستماڵچی بە دەستووری خومەینی ئیعدام کرا و پاداشی خزمەتی خۆی وەرگرتەوە. لە کاتی گەڕانەوەی خومەینی لە نێو فڕۆکەدا، هەواڵنێرێک پرسیاری لێ کرد کە پاش ١٥ ساڵ تەبعید، سەرکەوتوانە دەگەڕێیەوە بۆ نێو نەتەوە و وڵاتی خۆت، چ هەستێکت هەیە.

خومەینی لە وڵامدا گوتی: ''هیچ''. وڵامی خومەینی ئەو کات بۆ ئینسانە وردبین و دووربینەکان مەفهوومی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام دووبارە کۆمەڵانی خەڵک ئەو وڵامەیان بە حیسابی دڵڕەقی و بێتەفاوەتیی خومەینی دانەنا.

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ (١٠ ڕۆژ پاش گەڕانەوەی خومەینی)، دوکتور شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیری دیاریکراوی شا، هەڵات. بەو جۆرە شۆڕشی خوێناوی و سەرتاسەریی گەلانی ئێران سەر کەوت و خومەینی قودرەتی بەدەستەوە گرت و بناغەی حکوومەتێکی دامەزراند کە زۆر لەمێژ بوو خەونی پێوە دەدی و چوارچێوە و خەت و سنووری بۆ دیاری دەکرد. ئەو حکوومەتە بریتییە لە ''کۆماری ئیسلامی'' کە لە سەر ئەساسی ''ویلایەتی فەقیهـ'' دامەزراوە.

دە ڕۆژی نێوان گەڕانەوەی خومەینی و ڕۆیشتنی بەختیار لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بە ''دهە فجر'' (دەیەی سەرکەوتن)

ناودێر کراوە.

ئەو زەمان کۆمەڵانی خەڵک کە تینووی ئازادی و دێموکڕاسی بوون، نەیاندەزانی کە "فڕینی ئازادی" سەرەتای دەست پێ کرانی دەورانێکی پڕ لە ڕۆژڕەشی و ملهوڕی و دیکتاتۆرییەکی بێوێنە دەبێ و لە دەورانی حکوومەتی خومەینی و جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا، ژیان، ئازادی، مافی مرۆڤ، شادی و دڵخۆشی هیچ نرخێکیان بۆ دانانرێ. تا ڕادەیەکی زۆریش دوور لە عەقڵ دەهاتە بەرچاو کە پیرە پیاوێکی ڕدێن سپی و ڕۆحانیی وەک خومەینی دواتر دەبێتە دیکتاتۆرێکی دڵڕەش و دڵڕەقی یەکدەندە کە تەنانەت ڕەحم بە نزیکان و خزم و کەس و کاری خۆی و نزیکترین دڵسۆزو لایەنگرانی خۆشی ناکات.

خەڵک ئەو کات سەرمەستی سەرکەوتنی شۆڕش و تێکڕووخانی نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی بوون و بە هەڵە لەو باوەڕەدا بوون کە دوای ڕێژیمی پاشایەتی هەر نیزام و حکوومەتێک بێتە سەر کار لەوەی پێشووتر باشتر دەبێ. بەتایبەت کە خومەینی تا ئەو کاتەی لە "نوفل لو شاتو"ی پاریس بوو، وەک ئینسانێکی ئازادیخواز قسەی دەکرد و بەڵێنی دوارۆژێکی باشتری بە خەڵک دەدا.

خومەینی پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لە یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی خەڵک لە گۆڕستانی "بەهەشتی زەهرا" لە نێو قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە ئەو باب و کوڕە (ڕەزا شا و محەممەدڕەزا شا) ئێرانیان وێران و قەبرستانەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە. دواتر بەرەبەرە بۆ خەڵک دەرکەوت کە قەبرستانەکان لە سەردەمی خومەینیدا زۆر زیاتر لە ڕابردوو ئاوەدانتر و بەرفرەوانتر بوونەوە.

کۆماری ئیسلامی دامەزرا و پێی گرت. بەڵێنی و قسە جوانەکان پێ بە پێی

قایم بوون و بەهێزتر بوونی کۆماری ئیسلامی لە ڕەنگ و ڕوو کەوتن. بۆچوون و سیاسەت و هەڵسوکەوتی چەوت و نادروستی خومەینی و کاربەدەستانی، زۆر زوو شۆڕشی گەلانی ئێرانیان لە کاناڵی ئەسڵیی خۆی لادا. پەردەی ڕیا و تەزویر، وردەوردە و یەک بە دوای یەکدا وەلا کەوتن و ڕاستییەکان کە بەداخەوە زۆریش تاڵن وەدەر کەوتن و زەق بوونەوە. لە ئاکامدا قۆناغێکی دیکەی دیکتاتۆری و زەبروزەنگ، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و سەرکوت کردنی ئازادیخوازان، زۆر بەرفرەوانتر و دڕندانەتر لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی دەستی پێ کرد.

## ٢. پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە ناوی قانوون

هەموو وڵاتێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاکی کۆمەڵگا پێکەوە و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و تاک و دیاریکردنی سنووری ئەو پێوەندییانە، پێویستیی بە تەکووزی و قانوون و سیستەمی قەزاییی ڕێکوپێک هەیە.

هەر وڵاتێک کە قانوونی باش و نیزامی قەزاییی پێشکەوتووی هەبێ، مافی مرۆڤ و ئەمنییەتی تاکەکانی کۆمەڵ باشتر دەپارێزێ.

ئەو شتەی کە ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا بە ناوی قانوون بەڕێوە دەچێ، لە باری شکڵ و شێوەی داڕشتنی و فورمولە کردنەوە، کەموکووڕیی زۆری تێدایە و لە باری نێوەرۆکیشەوە لە زۆر مەسەلەدا لەگەڵ بنەمای حقووقیی وڵاتانی پێشکەوتوو و بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ یەک ناگرێتەوە.

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا خەریکی کاری قەزاوەتن، ئاگادارییەکی زۆر کەمیان لەسەر بابەتی حقووقی و شێوەی قەزاوەت کردن هەیە و لە زۆر مەسەلەدا بە شێوەی سەدەکانی نێوەڕاست بە گیروگرفتی نێو کۆمەڵ ڕادەگەن. هۆی ئەو وەزعە دەگەڕێتەوە سەر دوو خاڵ:

ئا- کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان کە دەبێ "فیقهی ئیسلام" بنەمای قەزاوەت و کاری دادگا و بنەمای چارەسەر کردنی گیروگرفتی نێو کۆمەڵ بێ و کەڵک وەرگرتن لە بنەماکانی حقووقی "مۆدێرن"، بە شێوەیەک لە پەیڕەوی کردنی ڕۆژئاوا و لاسایی کردنەوە و تەنانەت "بیدعەت" دەزانن.

ب- بەشێکی زۆر لە حقووقزانەکان لەبەر نەبوونی ئازادی و پێشێل کردنی

مافی مرۆڤ له ئێراندا، وڵاتیان بەجێ هێشتووه و پەڕەوازەی هەندەران بوون و له جێگەی ئەوان ئاخوندەکان خەریکی کاری قەزاوەتن.

هەموو ئەو شتانەی که باس کران بوون به سەرچاوەی سەرەکیی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ له کۆماری ئیسلامیدا.

مەبەست له هێنانه گۆڕی ئەو باسه تەنیا ئیشاره کردن بەو حاڵەتانەیه که مافی مرۆڤ به ناوی قانوونەوه پێشێل دەکرێ، بۆ ئەوەی خوێنەره بەڕێزەکان بزانن که له وڵاتێکدا که نیزامی قەزایی و قانوونەکەی سەرچاوەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بێ، دەبێ قانوون شکێنی یان بێ قانوونییەکەی چ بەڵایەک بەسەر خەڵکی ئەو وڵاته بێنێ.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی له ڕاپۆرتی ساڵانەی (١٩٩٠-١٩٨٧)ی خۆیدا ئاوا باسی مافی مرۆڤ له ئێران دەکات:

". . . له ئێراندا پێشێل کردنی بەردەوام و بێڕەحمانەی مافی مرۆڤ به شێوەی گرتن و بازداشتی سەرەڕۆیانه و موحاکەماتی ناعادڵانه و ئەشکەنجه و ئیعدامی بەکۆمەڵ درێژەی هەیه"[١].

ئێستا له کۆماری ئیسلامیدا چەندین دامودەزگای قەزاییی جیاواز دامەزراوه که هەر کامه به شێوەی تایبەتی خۆی کار دەکات. بوونی ئەو هەمووه دامودەزگای جیاوازه یەکێک له گرینگترین گیروگرفتەکانی نیزامی قەزاییی ئێستای ئێرانه. له خوارەوه ئاماژه بەو دەزگا قەزاییيه جۆراوجۆرانه دەکەم:

١. دادگای حقووقیی عام و خاس.

---

١ اطلاعات عفو بین‌الملل – ایران – نقض حقوق بشر – ١٩٩٠ – ١٩٨٧- دسامبر ١٩٩٠.

٢. دادگای جەزاییی ١ و ٢.
٣. دادگای "نیزامی".
٤. دادگای ئینقلابی ئیسلامی.
٥. دادگای تایبەتی ڕۆحانییەت.
٦. کۆمیتەی قەزاییی تایبەت.

بێجگە لە دادگای حقووقی و دادگای جەزاییی ژمارە ٢، ماباقی هەموویان دەتوانن حوکمی ئیعدام بدەن. ئیعدامە سیاسییەکان بە گشتی کاری دادگای شۆڕشی ئیسلامی و کۆمیتەی قەزاییی تایبەتە کە بە کەیفی خۆیان و بێ لەبەرچاوگرتنی بنەمای حقووقی و نەزمی موحاکەماتی عادڵانە، پەیتا پەیتا و بە شێوەی زۆر بەربڵاو حوکمی ئیعدام دەدەن.

لەبەر ئەوەی ئیعدامە سیاسییەکان زیاتر بە شێوەی نهێنی بەڕێوە دەچن و ڕێژیم زۆر تێدەکۆشێ کە سەرپۆشیان لەسەر دابنێ، بۆیە ئاماری دەقیق و دروستی ئیعدام کراوەکان بەدەستەوە نییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدایە کە بەرهەڵستانی سیاسی و ئازادیخوازان ئیعدام دەکەن.

ئیعدامە غەیرە سیاسییەکان زیاتر بە شیوەی ئاشکراو لە مەیدان و چوارڕێیانی شارەکان و بەشێوەی جۆراوجۆر وەک لە سێدارەدان، بەردەباران و جاروباریش سەرپەڕاندن بەڕێوە دەچێت.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە گوێرەی خوارەوە باسی کاری دادگای شۆڕشی ئیسلامی دەکات:

". . . موحاکەمە کردن لە دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامیدا (زیاتر) بە شێوەی نهێنی و لەنێو زیندانەکاندا بەڕێوە دەچێت. گومان لێکراوەکان نازانن کە دەچن

بۆ جەلەسەی بازجوویی و لێپرسین یان بۆ جەلەسەی داداگا و موحاکەمە کردن. پێش موحاکەمە کردن، زیندانییە سیاسییەکان بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو لە بازداشتدا ڕادەگرن. دەیان کەس لە زیندانییە سیاسییەکان باسی ئەو مەسەلەیەیان کردووە کە موحاکەمە، بە پەلە و خێرا بەڕێوە دەچێت و تەواوی کاری دادگا لە چەند دەقیقەدا تەواو دەبێت.

شێوەی کاری دادگاکانی شۆڕش بەکورتی ئەوەیە کە بە شێوەی سەرەڕۆیانە بەڕێوە دەچێ. کاری ئەو دادگایانە نە لەگەڵ بنەما و قانوونی وڵات یەک دەگرێتەوە نە کەمترین نەزمی نێونەتەوەیی کە بۆ دادگای عادڵانە پێویستە، لەواندا لەبەرچاو دەگیرێ.

زیندانییە سیاسییەکان لە ماوەی بازداشتدا ئەشکەنجە دەدرێن، بۆ ئەوەی دان بە تاوانێکدا بنێن کە وەپاڵیان دراوە. موحاکەمات بێ حازر بوونی وەکیل و بێ "لێپرسینەوە"و خێرا، بەڕێوە دەچێت. ئەحکامی دادگاکانی شۆڕش یەکلاکەرەوەن"[١].

**ئەسڵی "بەرائەت":**

بە گوێرەی بنەمای حقووقی، ئەسڵی "بەرائەت" وەک قانوونێکی پیرۆز چاوی لێ دەکرێ و لە نیزامی حقووقیی جیهانیدا بەڕەسمی ناسراوە. مانای ئەو ئەسڵە ئەوەیە کە هەموو ئینسانێک بە بێ تاوان دادەندرێ تا ئەو کاتەی تاوانێکی لەسەر دەسەلمێندرێ.

بەندی یەکی ماددەی ١١ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەو چەشنە

---

١ اطلاعات عفو بین‌الملل – ایران – نقض حقوق بشر – ۱۹۹۰ – ۱۹۸۷- دسامبر ۱۹۹۰.

باسی ئەسڵی "بەرائەت" دەکا:

"هەر مرۆڤێک تاوانی کردەوەیەکی شیاوی سزادانی درابێتە پاڵ، تا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەرەتانێکی پێویستی بۆ دیفاع کردن لە خۆی تێدا بێ، تاوانەکەی لەسەر نەسەلماوە، بە بێتاوان دەژمێردرێ".

ئەو ئەسڵە هەرچەند لە نیزامی حقووقیی کۆماری ئیسلامیدا بەناو هەیە، بەڵام بە کردەوە کەمتر لەبەرچاو دەگیرێ.

ئاخوند سادق خەڵخالی کە لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا حاکمی شەرع بوو و لەبەر دڵرەقی و ئیعدام کردنی بەلێشاوی ئازادیخوازان، وەک مۆرەیەکی خوێنرێژ و بێزراو نێوبانگی دەرکردووە، دەیگوت: "ئەوانەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا ئیعدام دەکرێن دوو حاڵەتیان هەیە یان تاوانبارن و سزای خۆیان وەرگرتووە یان بێتاوانن و دەچنە بەهەشت".

زۆر جاری وا هەبووە کە ئاخوندێک بەو شێوەی حاکمی شەرع لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چەندین حوکمی ئیعدامی داوە کە فەوری ئیجرا کراون بێ ئەوەی چکۆڵەترین دەرفەتی داکۆکی کردن یان داوای پێداچوونەوە بە زیندانی درابێ.

بەندی ٣ی ماددەی ١٤ی "هاووپەیمانیی نێونەتەوەییی حقووقی مەدەنی و سیاسی" دەڵێ: "دەبێ هەموو زیندانییەک کات و دەرەتانی پێویستی بۆ داکۆکی کردن لە خۆی هەبێ".

هەروەک لە پێشدا ئاماژەی پێ کرا ئەحکامی دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامی قەتعی و "لازم‌الاجرا"ن و ئەو مەسەلەیە بە پێچەوانەی هەموو ئوسوولێکی حقووقی و ئینسانییە.

بەندی ٥ی ماددەی ١٤ی " هاوپەیمانیی نێونەتەوەییی حقووقی مەدەنی و سیاسی" لەو بارەیەوە دەڵێ:

"هەر کەس کە بە ئەنجامدانی گوناهێک تاوانبار کرابێ، هەقی هەیە کە تاوان و مەحکووم بوونەکەی لە دادگایەکی سەرووتردا بەگوێرەی قانوون، پێداچوونەوەی بۆ بکرێ. "

نهێنی بوونی موحاکەمات، مافی زیندانی پێشێل دەکات و لەگەڵ سەرەتاییترین مافی مرۆڤ دژایەتیی هەیە. بەگوێرەی ماددەی ١١ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، دەبێ موحاکەمات بەشێوەی ئاشکرا و بە گوێرەی قانوون ئەنجام بدرێ.

## ٣. ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی

ئیعدام گەورەترین سزایە کە دەربارەی تاوانبار یان زیندانیی سیاسی بەڕێوە دەچێت. زۆر کەس لە حقووقزانەکان و لەو کەسانەی کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن، لەسەر ئەو باوەڕەن کە سزای ئیعدام لەگەڵ مافی سروشتیی ئینسان (مافی ژیان) دژایەتیی هەیە. ئێستا ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان سزای ئیعدامیان لە نیزامی قەزاییی خۆیاندا هەڵگرتووە. لە کۆماری ئیسلامیدا وەزع بە پێچەوانەیە و ئیعدام بە گشتی و ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی بەتایبەت، وەک گەورەترین تایبەتمەندیی کۆماری ئیسلامی دێتە ئەژمار و تا ئێستا دەیان هەزار کەس لە کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەی فەردی و بەکۆمەڵ ئیعدام کراون.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا (١٩٩٠-١٩٨٧) باسی ئەوە دەکا کە لە ساڵەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا هەزاران کەس لە موخالیفانی ڕێژیم ئیعدام کراون و ئەو وەزعە لە ساڵانی دواتریشدا هەر بەردەوام بووە. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٨٨ی زایینی بەدواوە ئیعدامی "جۆراوجۆر" جێگای خۆی داوە بە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی.

لە چەند شوێنی ڕاپۆرتی لێبوردنی نێونەتەوەییدا کوشتاری بەکۆمەڵ و ئیعدامی نهێنیی زیندانیانی سیاسیی کورد بە چەشنی خوارەوە باس کراوە:

". . . لەنێو ئەو ڕاپۆرتانەدا کە بەدەست لێبوردنی نێونەتەوەیی گەیشتوون، هەواڵی پەیوەندیدار بە ئیعدامی سەدان کەس لە زیندانیانی کوردی موخالیفی

دەوڵەت لە زیندانی ورمێ و ٥٠ کەس لە زیندانی سنە مەوجوودە".

". . . چەند ڕاپۆرتێک لەسەر ئیعدامی نهێنیی زیندانیانی سیاسی گەیشتووە. پاش تیرۆری عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە مانگی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩دا ڕوویدا و بە جۆرێک بوو کە نیشاندەری دەست هەبوونی ئێران لە تیرۆرەکەدا بوو، بەربەرکانێی چەکدارانە لە بەرانبەر دەوڵەتدا لە کوردستان توندوتیژ بووە.

دژکردەوەی (عکس‌العمل) دەوڵەت ئەوە بووە کە ئیعدامی زیندانیانی کورد لە زیندانەکانی ورمێ بەدرێژاییی ساڵی ١٩٩٠ هەر بەردەوام بووە"١.

ئەو شتەی کە لە ڕاپۆرتی لێبوردنی نێونەتەوەییدا سەبارەت بە کوردستان باس کراوە، تەنیا ئاماژە بە بەشێکی بچووکە لە ئیعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد ئەویش لە ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە، دەنا لە سەرەتای دەستپێکرانی شەڕ و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان تا ئێستا ئیعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد هەر بەردەوام بووە.

لێرەدا چەند نموونە ئیعدامی بەکۆمەڵ باس دەکەم کە پەیوەندیی بە ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٢ی هەتاوییەوە هەیە:

١. لە ڕێکەوتی ٦٠/٤/٣، هەشت کەس لە خەڵکی مهاباد لە زیندانی ورمێ ئیعدام کراون.

٢. لە ڕێکەوتی ٦٠/٩/٢٦، سێزدە کەس لە خەڵکی مهاباد لە زیندانی ورمێ ئیعدام کراون.

---

١ . اطلاعات عفو بین‌الملل – ایران – نقض حقوق بشر – ١٩٩٠ – ١٩٨٧ – دسامبر ٩٠ لاپەڕی ١٨ و ١٩.

٣. لە ڕێکەوتی ٦٠/١٠/١، پێنج کەس لە خەڵکی سنە لە زیندانی ئەو شارە ئیعدام کراون.

٤. لە ڕێکەوتی ٦٠/١٠/١٠، پازدە کەس لە خەڵکی مهاباد لە زیندانی ورمێ ئیعدام کراون.

٥. لە ڕێکەوتی ٦٠/١١/١٥، نۆ کەس لە سەڵکی سنە لە زیندانی ئەو شارەدا ئیعدام کراون.

٦. لە ڕێکەوتی ٦١/١١/١٦، نۆ کەس لە خەڵکی ناوچەی کرماشان ئیعدام کراون.

٧. لە ڕێکەوتی ٦١/١٢/٩، دوازدە کەس لە خەڵکی سەقز هەر لەو شارە ئیعدام کراون.

٨. لە ڕێکەوتی ٦١/١٢/٢٢، هەشت کەس لە خەڵکی سنە لەم شارە ئیعدام کراون.

٩. لە ڕێکەوتی ٦٢/١/١٦، شەش کەس لە خەڵکی سەردەشت لە ورمێ ئیعدام کراون.

١٠. لە ڕێکەوتی ٦٢/٣/١٢، پەنجا و نۆ کەس لە خەڵکی مهاباد لە تەورێز ئیعدام کراون.

لەنێو ئیعدام کراوەکاندا هەموو توێژ و چینەکانی کوردستان بەرچاو دەکەون و تاوانی هەموویان کورد بوون و ئازادیخوازییە.

## ٤. ئەشکەنجە

لە کۆماری ئیسلامیدا ئەشکەنجە و جەزرەبەی زیندانیانی سیاسی بە شێوەیەکی ئاسایی و بەردەوام بەڕێوە دەچێت. ئەو کارە زیاتر بە مەبەستی ئیقرار لێ وەرگرتن لە زیندانی ئەنجام دەدرێ. سەبارەت بە زیندانییە غەیرە سیاسییەکان، ئەشکەنجە بە شێوەی بەڕێوەبەردنی حوکم و حدوودی ئیسلامی، وەک قامچی لێدان و "قەساس" و سەنگەسار کردن بەڕێوە دەچێت و شێوەی قانوونیی بەخۆیەوە گرتووە و بەشێکی زۆر لە بەڕێوەبردنی ئەو حوکمانە لەبەر چاوی خەڵک و لە مەیدانی گشتیی شارەکاندا ئەنجام دەدرێن.

بەگوێرەی ئامارێک کە لە ڕۆژنامەی "جمهوری اسلامی" ڕێکەوتی ١٧ی مارسی ساڵی ١٩٨٧دا بڵاو کراوەتەوە، لە ساڵی ١٣٦٥دا تەنیا لە ناوچەی تاران ٢٢٦٤ فەقەرە حوکمی "قەمچی" لێدان ئەنجام دراوە[١].

ئەو نەوعە سزایانە هەر ناوێکیان لەسەر داندرێ بە کردەوەیەکی غەیرە ئینسانی و ئەشکەنجە دەژمێردرێن و دژی هەموو یاسا و بنەمایەکی نێونەتەوەیی و دژی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەحیساب دێن.

ماددەی ٥ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەو شێوەیە باسی ئەشکەنجە دەکات:

". . . نابێ هیچ ئینسانێک ئەشکەنجە بدرێ. لە بارەی هیچ کەسەوە نابێ ڕەفتار یان سزایەکی زاڵمانە و نامرۆڤانە یان تێکەڵاو بە سووکایەتی بەڕێوە

---

١. اطلاعات عفو بین‌الملل – ایران – نقض حقوق بشر – ١٩٩٠ – ١٩٨٧ – دسامبر ٩٠ لاپەری ٥٣.

بچێ."

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە شێوەی خوارەوە باسی ئەشکەنجە و ڕەفتاری غەیرە ئینسانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکات:

". . . بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە وەدەست کەوتوون، ئەشکەنجە و لێدان و ترساندنی زیندانییان، پێش موحاکەمە و دوای موحاکەمە زۆر بە بەربڵاوی ڕەواجی هەیە. بە گوێرەی زانیاریی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ئاساییترین شێوەی ئەشکەنجە، قامچی (شلاق) لێدانە کە لە کابڵ یان چەرم دروست دەکرێ. بۆ ئەو کارە، زیندانی بەرەو ڕوو بە تەختێکەوە دەبەستنەوە و بە قامچی لە بەری پێی و پشتی دەدەن یان زیندانی بە جومگەی دەست هەڵدەواسن. شێوەی دیکەی ئەشکەنجە، ئازاری ڕۆحی و ڕەوانی و ساز کردنی سەحنەی بەدرۆی ئیعدامە"١.

بێجگە لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کە لەسەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەکۆڵێتەوە، تا ئێستا چەندین جار نوێنەری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاغای گالیندوپول، بە مەبەستی ئاگاداری و لێکۆڵینەوە لەسەر وەزعی مافی مرۆڤ هاتۆتە ئێران و سەرەڕای ئەوەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە گیروگرفتیان بۆ هێناوەتە پێش و ئیجازەی پێ نەدراوە سەر لە تەواوی ناوچەکانی ئێران و بەتایبەت کوردستان بدات و سەرەڕای ئەوەی کە پێش هاتنی گالیندوپول، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە تێکۆشاون بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی

---

١ اطلاعات عفو بین‌الملل – ایران – نقض حقوق بشر – ١٩٩٠ – ١٩٨٧ – دسامبر ٩٠ لاپەڕی ٥٣.

شوێنەواری تاوانەکانیان، بەڵام دیسانیش نوێنەری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، توانیویەتی لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا کە بڵاوی کردوونەتەوە، پەردە لەسەر بەشێکی زۆر لە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵداتەوە.

## ٥. کارەساتی ڤییەن

ئێوارەی ڕۆژی ١٣٦٨/٤/٢٢ی هەتاوی بەرانبەری ١٣ی مانگی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، زانا و خەباتگێڕی ناوداری کورد سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور "عەبدولڕەحمان قاسملوو"، لەگەڵ عبدوڵلا قادریئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەرووپا و دوکتور فازڵ ڕەسول، خەڵکی کوردستانی عێراق و دۆستی دوکتور قاسملوو، لە شاری ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، کەوتنە بەر پەلامار و شەهید کران.

ئەو جینایەتە سامناکە لە حاڵێکدا ئەنجام درا کە سکرتێری گشتی و نوێنەری حیزب لە ئۆرووپا چووبوونە ڤییەن و بە مەبەستی وتووێژ کردن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەر کردنی عادڵانەی مەسەلەی کوردستانی ئێران، کۆ ببوونەوە.

ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە، پەردەی ڕیا و تەزویری لەسەر ڕووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لادا و بۆ گەلانی جیهان بە ئاشکرا دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی چەندە لەگەڵ بنەمای ئەخلاقی و سیاسی و دیپلۆماسی و یاسای نێونەتەوەیی بێگانەیە.

کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە دارشتن و ئەنجامدانی ئەو پیلانە ناجوانمێرانەیە، دەریانخست کە هەتا چەندە لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتیی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و پێگەی نێودەوڵەتیی سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە ڕاچڵەکیون.

مەبەستی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە خولْقاندنی ئەو تاوانە، تێکشکانی بزووتنەوەی کوردستان و چۆک داهێنان بە خەباتگێڕانی کورد بوو. لەڕاستیدا ئەو پیلانە لەسەر لێکدانەوە کۆنەکان سەبارەت بە بزووتنەوەکانی کوردستان کە زیاتر بە شەهید کردنی سەرکردەکان تێکشاون داڕێژرابوو. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کۆماری ئیسلامی، شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بووە هۆکاری نەفرەتی هەرچی زیاتری خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی و ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کە هێز و گوڕی نوێ بێتە نێو بزوتنەوەی کوردستانەوە.

ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی (١٩٨٧_١٩٩٠) لەسەر باسی تێرۆری وییەن بەو شێوەیە باس دەکات:

"دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ١٣ی ژوئییەی ١٩٨٩، لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە ئاپارتمانێک لە شاری وییەن کەوتنە بەر دەسڕێژ وکوژران.

قاسملوو لە ئوتریش سەرقاڵی وتووێژ لەگەڵ "نێردراوانی" کۆماری ئیسلامی بوو. کاربەدەستانی ئوتریشی لە مانگی نوامبری ١٩٨٩دا ڕایانگەیاند کە حوکمی دەستبەسەرکردنی سێ کەس لە گومانلێکراوانی ئەو قەتڵەیان داوە. ئەو سێ کەسە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە پاش بەرێوەبردنی قەتڵەکە، یان لە ئوتریش هەڵاتبوون و یان لە باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە وییەن خۆیان حاشار دابوو"١.

---

١. اطلاعات عفو بین‌الملل – ایران – نقض حقوق بشر – ١٩٩٠ – ١٩٨٧ – دسامبر ٩٠ لاپەری ٢٠.

پاش ئەنجامدانی ئەو جینایەتە دڵتەزێنە، کۆماری ئیسلامی دەستی کرد بە مانۆڕ دانی سیاسی و تێدەکۆشا کە تاوانی جینایەتەکە بخاتە سەر شانی ئەم و ئەو و خۆی بێ تاوان نیشان بدا.

مەبەستی ڕێژیم ئەوە بوو کە لە لایەک خۆی لە ژێر باری ڕەخنە و بێزاریی بیروڕای گشتی و ئاسەواری سیاسیی ئەو تیرۆرە ڕزگار بکا و لە لایەکی دیکەشەوە نەزەری حیزب لە حەقیقەتی ڕووداوەکە دوور بخاتەوە و دڕدۆنگی و دژایەتی لە نێوان حیزب و ئەو لایەنانەدا پێک بێنێ کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست تاوانەکە بخاتە سەر شانیان کە ئەوەش بۆخۆی سەرکەوتنێکی دیکە دەبوو بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام بەڵگە و دەلیلی زیندوو لەسەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ جینایەتەکەی ئەنجام داوە ئەوەندە زۆرە کە هیچ جێگایەک بۆ شک و گومان یان مانۆڕدان ناهێڵێتەوە.

لەسەر ئەو مەسەلەیە کە تیرۆریستەکان چەند کەس بوون، لە دەرەوەی دیوی کۆبوونەوەکەڕا هاتوونە ژوور یان هەر ئەو کەسانە بوون کە وەک نوێنەری کۆماری ئیسلامی بەشداری وتووێژ بوون و بە گشتی لەسەر چلۆنایەتیی ڕووداوەکە زۆر شت لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکاندا نووسراوە و گوتراوە بەڵام زۆرتر وێ دەچێ کە هەر ئەو کەسانە کە خەریکی وتووێژ کردن بوون جینایەتەکەیان ئەنجام داوە.

ناو و زانیاریی پەیوەندیدار بە تیرۆریستەکان بەو جۆرەی کە زاندراوە و ڕاگەیەندراوە بریتییە لە:

١- محەممەد جەعفەری سەحراروودی (نێوی دیکەی ڕەحیمی)، بەرپرسی کاروباری ئەمنیەتی و جاسووسیی قەرارگای ڕەمەزان و بەرپرسی دۆزی کوردستان.

٢- ئەمیر مەنسووری بۆزۆرگیان (یان بزرگ‌نیا)، بەرپرسی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە شاری وییەن. ناوبراو تا ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا کاری کردووە. [١]

٣- مستەفا مستەفەوی(ئاجودی). ڕۆژنامەکان نووسیویانە کە ناوی ئەسڵیی "مستەفا ڕەزەوی"یە. ناوبراو بەرپرسی "ئیتلاعاتی"ی سپای پاسداران لە شاری ورمێ بووە و پاشان لە "ئیتلاعات"ی سپای پاسداران لە تاران کاری کردووە.

پێویستە بگوترێ کە هەرسێک تیرۆریست، پاسپۆرتی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامییان پێ‌بووە و لە ڕواڵەتدا دیپلۆمات بوون.

## هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆتریش:

سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگە و سەنەدێکی زۆر ئاشکرا لە گۆڕێدا بوو کە نیشانی دەدا ئەو جینایەتە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرنامەڕێژیی بۆکراوە و ڕاستەوخۆ دیپلۆماتە تیرۆریستەکان یان تیرۆریستە بەڕواڵەت دیپلۆماتەکانی ئەو ڕێژیمە ئەنجامیان داوە، بەڵام دەوڵەتی ئۆتریش زۆر زوو لە بەرانبەر فشار و

---

[١] "پەرویز دەستماڵچی" کە یەکێک لە شاهیدەکانی تیرۆری میکۆنووسە و لە کاتی تیرۆرەکەدا لە شوێنەکە بووە و لە مردن ڕزگاری بووە، لە کتێبی "تیرۆر بە ناوی خودا"دا ئاشکرای کردووە کە ئەو کەسەی بە ناوی "ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان ئەسڵ" لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا بەشدار بووە، ناوی ڕاستەقینەی "غەفوور دەرجەزی"یە.
چەند ساڵ لەمەوبەریش عەلی دایی، وەرزشکاری ناسراوی ئێرانی کە ڕاهێنەری یانەی فووتباڵی سایپا بوو پاش ئەوەی بە بڕیاری سەرۆکی یانەکە لەسەرکار لادرا، لە ڕێکەوتی ١٣ی بانەمەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، لە کۆنفڕانسێکی میدیاییدا، ناسنامەی سەرۆکی یانەی سایپای ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند: ئەو کەسەی بە ناوی "مستەفا مودەبیر" سەرۆکی یانەی سایپایە، ناوی ڕاستەقینەی، "غەفوور دەرجەزی دوولەق"ـە و خەڵکی ئەردەبیلە و لە سەردارانی پێشووی سپای پاسدارانە و پێشتریش وەک "سەردار غەفوور" بەرپرسی حیراسەتی رادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی بووە. ئازاد.

هەڕەشە و بەڵێنی کۆماری ئیسلامیدا بەچۆکداهات و نەک هیچ هەنگاوێکی جیددی بۆ لێپرسینەوە و گرتن و سزادانی تیرۆریستەکان هەڵنەگرت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، زەمینەی دەربازبوونیشی بۆ پێک هێنان.

محەممەد جەعفەری سەحراروودی کە لە جەرەیانی تیرۆرەکەدا بە هەڵە گوللـەی لێ درابوو و تۆزێک بریندار ببوو، پاش ماوەیەک موعالەجە لە نەخۆشخانەیەکی ڤییەن، ئیجازەی پێ درا کە بگەڕێتەوە بۆ تاران.

ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان کە لە سەرەتاوە لەلایەن پۆلیسەوە بازداشت کرابوو، بە بیانووی ئەوەی کە دیپلۆماتە و پارێزراویی سیاسیی هەیە ئازاد کرا و گەڕایەوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە ئۆتریش و پاشان بۆی دەرباز بوو.

تیرۆریستی سێهەم کە پاش ئەنجامدانی جینایەتەکە خۆی حەشار دابوو، بە دزی خۆی گەیاندەوە ئێران بێ ئەوەی دەوڵەتی ئۆتریش هەنگاوێک بۆ پێشگری لەو کارە هەڵگرێ یان تەنانەت ناڕەزایەتییەک دەرببڕێ. بەو جۆرە دەوڵەتی ئوتریش هەموو ئوسوول و پرەنسیپێکی نێوخۆیی و نێونەتەوەییی کردە فیدای قازانج و بەرژەوەندیی ئابووریی خۆی و بە کردەوە مۆری پشتیوانیی لەسەر تیرۆریزم و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دانا کە لەسەر خاکی ئۆتریش کردەوەی تیرۆریستیی ئاشکرایان ئەنجام دابوو.

تیرۆرو تیرۆریست پەروەری، لە ئەساسدا لە جەوهەر و نێوەرۆکی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ و "فەلسەفەی بوونی" کۆماری ئیسلامی هەڵدەقوڵێ کە بریتییە لە دیکتاتۆری و دژایەتی کردن لەگەڵ هەرچەشنە بیروبۆچوونێکی ئازادیخوازانە.

بۆیە تا ئەو ڕێژیمە لەسەر کار بمێنێ، تیرۆر و تیرۆریست هەر دەمێنێ. ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا سەرەڕای ئەو هەمووە هەژاری و بێکاری و گرانی و

نەبوونی مەسکەن و جێگا و ڕێگای ژیان کە لە گۆڕێدایە و ژیانی ئاساییی لە خەڵک تاڵ کردووە، بەشێکی زۆر لە بودجەی وڵات خەرجی تیرۆر و تاقمە تیرۆریستەکانی دەرەوەی ئێران دەکرێ.

تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید عەبدوڵلا قادریئازەر، نە هەوەڵین تیرۆر بووە و نە ئاخرین تیرۆریش دەبێ و کردەوەی ڕەشەکوژی و تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی دەبێ.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی چەندین تیرۆری دیکەی لە دەرەوەی ئێران ئەنجام داوە کە چەند نموونەی لێرەدا باس دەکەم:

١- تیرۆری شاپوور بەختیار بەرپرسی "نێهزەتی مەقاومەتی میللیی ئێران" ٦ی مانگی ئووتی ساڵی ١٩٩١ (١٣٧٠/٥/١٥) لە پاریس.

٢- تیرۆری دوکتور کازم ڕەجەوی نوێنەری ڕێکخراوی موجاهدین لە سویس، مانگی ئاوریلی ١٩٩٠ لە ژێنێف.

٣- تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمان بروومەند ئەندامی ڕێبەرایەتیی "نێهزەتی مەقاومەتی میللیی ئێران" ساڵی ١٩٩٠ لە پاریس.

٤- تیرۆری بەهمەن جەوادی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، مانگی ئووتی ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییرێس.

لە کۆتاییی ئەو باسەدا بە پێویست دەزانم کە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بخەمە بەرچاو ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە لە شکڵ و شێوەی وتووێژ کردن و کۆبوونەوەی وییەندا، کەموکووڕی و کەمتەرخەمییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت. نەبوونی بەرنامەیەکی ئەمنییەتی، نەبوونی جێگایەکی ئەمین و کۆنترۆڵ کراو بۆ وتووێژ، لەبەرچاونەگرتنی پلەی بەرپرسایەتی و هاوتەراز نەبوونی دوو لایەنی

وتووێژ، زەمینەیەکی زۆر لەباریان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە پێک هێنابوو. گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر ئەو خاڵانە لەبەرچاو گیرابایەن، تیرۆریستەکان نەیاندەتوانی ئاوا بە هاسانی و بێ دەردیسەر ئەو جینایەتە بخولقێنن.

# فەسڵی چوارەم:

## دەوری "کەسایەتی" و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستان

له ڕەوتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا، هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک لەبار بۆ کار و تێکۆشانی سیاسی و بووژانەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی قەدیم و پێکهاتنی تاقم و ڕێکخراوی تازە لە ئێراندا هاتە گۆڕێ.

ئەو هەلومەرجە تا ماوەیەک دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەر بەردەوام بوو. کوردستان لەو بارەیەوە بەهۆی ڕابردووی خەباتی سیاسی و ئامادەبوونی هەلومەرجی عەینی و زەینی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران پێشڕەوتر بوو و تەنانەت دوای ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە دەستیان کرد بە پێشێل کردنی ئازادییە دیمۆکراتییەکان و شان بە شانی خۆگرتنی زیاتری ڕێژیم، دیکتاتۆرییش ڕیشەی دادەکوتا.

کوردستان وەک سەنگەری ئازادی باوەشی بۆ تێکۆشانی ڕێکخراوە سیاسییەکان هەر ئاواڵە بوو.

بۆیە کاتێک باسی مەسەلەی کوردستانی ئێران بەگشتی و شەڕی داسەپاوی کوردستان بەتایبەتی بێتە گۆڕێ، ئیشارە کردن بە سیاسەت و کردەوەی ئەو لایەن و ڕێکخراوانە پێویستە چونکە هەر کام لەوان بە شێوەیەک دەورێکیان لە کوردستاندا هەبووە و شوێنیان بە باش یان بە خراپ لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان داناوە.

من لێرەدا نامهەوێ باسی هەڵسوکەوت و مێژووی پێکهاتن و تێکۆشانی ئەو

ڕێکخراوانە بکەم یان لە باری تیئۆرییەوە، هەڵیانسەنگێنم. هەروەها نامهەوێ باسی تەواوی ئەو ڕێکخراوانە بکەم کە لە پێشدا هەبوون یان ئێستا هەن؛ بەڵکوو بە کورتی باسی تێکۆشانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەو لایەن و ڕێکخراوانە دەکەم کە جێگاپەنجە و شوێنیان لەسەر بزووتنەوەی کوردستان بەرچاو دەکەوێ.

لەو باسەدا تێدەکۆشم بە لەربەچاوگرتنی قازانج و مەسڵەحەتی گەلی کورد و بەدوور لە قازانجی شەخسی یان ڕێکخراوەیی، ڕووداوەکان بەو جۆرەی کە هەبوون بگێڕمەوە و هەڵیانسەنگێنم.

## ١- کۆمەڵە

تا ماوەیەک دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی کۆمەڵە لەگۆڕێدا نەبوو و تەنیا شتێکی بەو ناوە لە بیری خەڵکدا مابۆوە کۆمەڵەی ژ-ک بوو کە لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەی کە ئێستا دەمانهەوێ باسی بکەین جیاوازیی تەواوی هەبوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، هێندێک تاقمی بچووک بە نێوی "جمعیت"، لە شارەکانی کوردستان پێکهاتن کە هەرچەند بەرنامەیەکی نووسراویان نەبوو، بەڵام کەم و زۆر شێوەی بۆچوونیان وەک یەک وابوو. پاش ماوەیەک ئەو تاقمە بچووکانە وێککەوتن کۆمەڵەیان پێکهێنا.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپی مائۆیستی دەستی بە تێکۆشان کرد کە بەردی بناغەی لەسەر ڕەتکردنەوەی خەباتی نەتەوایەتی دامەزرابوو. کۆمەڵە لە

سەرەتاوە دروشمی خودموختاریی بە دیاردەیەکی بورژوازی دادەنا بەڵام پاشان کە دیتی ئەو دروشمە ڕەنگدانەوەیەکە لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و ناتوانێ ململانێی لەگەڵ بکات، بە ناچار ئەو دروشمەی قەبووڵ کرد و تەنانەت بەرنامەیەکیشی بۆ خودموختاری تەنزیم کرد.

لە جەرەیانی پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورددا، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی کوردستانی، بوو بە ئەندامی ئەو هەیئەتە.

ماوەی تێکۆشانی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی کوردستانی زۆر کەم بوو، چونکە لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا، کۆمەڵە و "اتحاد مبارزان کمونیست"، لە شوێنێکی دووره شاری ناوچەی ئالانی سەردەشت بەنێوی "مێشکەپە" کۆبوونەوە و لە کۆنفرانسێکی یەکگرتندا، ئەو دوو ڕێکخراوەیە بوون بە یەک و تێکەڵ بوون و پێکەوە "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"یان پێکهێنا. بەو جۆرە کۆمەڵە لە حاڵەتی ڕێکخراوێکی کوردستانی هاتە دەر و بوو بە بەشێکی بێ دەسەڵات لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و خەسڵەتی کوردستانی بوونی خۆی لەدەست دا.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵە لە هەموو بارێکەوە زۆر لە "اتحاد مبارزان کۆمۆنیست" بەهێزتر بوو و زیاتر لە ٩٥% لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست کەسانی سەر بە کۆمەڵە بوون، بەڵام نیوەی ئەندامانی دفتەری سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ٥%ی ماباقی دیاری کرابوون١.

---

١ کومله را بهتر بشناسیم- انتشارات کمیته مرکزی حزب دمکرات کوردستان ایران- لاپەری ٤٣ شهریور ٦٥.

## شەڕی حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە

پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە زۆر دۆستانە نەبوو و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر نێوەڕۆک و "فەلسەفەی بوون"ی هەردووک ڕێکخراو.

کۆمەڵە لەسەر ئەساسی خەباتی چینایەتی و ڕەدکردنەوەی خەباتی نەتەوایەتی دامەزراوە؛ لە حاڵێکدا بەردی بناغەی حیزبی دێموکڕات لەسەر ئەساسی خەباتی نەتەوایەتی و دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد داندراوە. کۆمەڵە باوەڕی بە دێموکڕاسی و بیروڕای گشتیی خەڵک نییە و دێموکڕاسی بە دیاردەیەکی بۆرژوازی دەزانێ لە حاڵێکدا ناو و نێوەڕۆکی حیزبی دێموکڕات، لەسەر دێموکڕاسی دامەزراوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە باشترین دێموکڕاسی بریتییە لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.

پاش ئەوەی کە کۆمەڵە بوو بە لقی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست، پەیوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و مەترسیی تێکهەڵچوونی چەکداری لە نێوانیاندا زیاتر بوو و سەرەنجام ئەو شتەی کە نەدەبوو ڕوو بدا ڕووی دا.

شەوی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٦٣ هێزەکانی کۆمەڵە بە کەڵک وەرگرتن لە "نێوی شەو" کە لە لیباسی دۆستایەتیدا لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتیان وەرگرتبوو، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە ناوچەی هەورامان و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب و خەڵکی ئاساییی گوندەکان شەهید و بریندار بوون.

پێش ئەو هێرشە زۆر جار لێرەو لەوێ تێکهەڵچوونی ناوچەیی لە نێوان

پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵەدا ڕووی دەدا، بەڵام هەموو جارێک پێشی پێ دەگیرا و ڕێگا نەدەرا کە ئەو تێکهەڵچوونانە پەرە بستێنن.

هێرشی ٦ی ڕێبەندان لەلایەن ڕێبەرایەتەیی کۆمەڵەوە دارێژرابوو و لەو بارەیەوە لەگەڵ تێکهەڵچوونەکانی پێشووتر جیاوازیی هەبوو، بۆیە ئەو هێرشە بوو بەهۆی دەست پێ کرانی شەڕێکی سەرانسەری لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا، کە ماوەی چەند ساڵ درێژەی کێشا و سەرەنجام ڕۆژی ١٣٦٩/٢/١٧ بەشێوەی ڕەسمی دوایی پێ هات.

شەڕی حیزب و کۆمەڵە کە بێ شک تاڵترین ڕووداوی نێوخۆی کوردستانی ئێران بوو، ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەت و تیئۆریی غەڵەت و کردەوەی ئاژاوەگێڕانەی کۆمەڵە بوو. لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا بەشێکی زۆر لە هێز و ئیمکاناتی هەردووک لا کە دەبوایە لە ڕێگای دابین کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا خەرج کرابایە، بە فیڕۆ ڕۆیشت و بە سەدان ڕۆڵەی کورد بوون بە قوربانی و گیانیان بەخت کرد.

بەشێک لە سەرخەتی سیاسەت و بناغەی فیکریی کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبدا ئەو خاڵانەی خوارەوە بوون:

- حیزبی دێموکرات حیزبێکی بۆرژوازییە.
- حیزبی دێموکڕات نوێنەری بۆرژاوزیی کوردستانە.
- حیزبی دێموکڕات بەشێک لە ژئۆئیمپریالیزمی جیهانییە.
- حیزبی دێموکڕات خاڵی لاوازی جووڵانەوەیە.
- حیزبی دێموکڕات دوژمنی چینایەتیی کۆمەڵەیە.
- حیزبی دێموکڕات بە عینوانی حیزبێکی بۆرژوازی دژی شۆڕشە.

ئەو خاڵانەی کە باس کران پاش دەست پێ کرانی شەڕ لە ڕۆژی ٦ی

ڕێبەندانی ساڵی ٦٣دا نەهاتوونە نێو "وێژە" و نووسراوەکانی کۆمەڵەوە تا ئینسان وا بیر بکاتەوە کە ئەو شتانە ئاکامی حاڵەتی شەڕی نێوان دوو ڕێکخراون، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە بناغەی تێکۆشانی کۆمەڵە لەسەر ئەو خاڵانە و شتی لەو بابەتە دامەزراوە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو مەسەلە مەشهوورە کە دەڵێن "شەڕ درێژەی سیاسەتە"، شەڕی حیزب و کۆمەڵەش ئاکامی سروشتی و ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەت و تێزە نادروستانەن.

## تێزی سێ گۆشە

عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ژمارە ١٥ی "کمونیست" ئۆرگانی ئەو حیزبەدا، ماوەیەک پێش هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب لە هەورامان بەو شێوەیە باسی ئەو تێزە دەکا:

". . . در کردستان با یک مثلث سیاسی- طبقاتی مواجه هستید، مثلثی که دو ضلع آن را بورژوازی و یک ضلع دیگر را پرولتاریا تشکیل میدهد". واتا لە کوردستان لەگەڵ سێگۆشەیەکی سیاسی-چینایەتی بەرەوڕوون. سێگۆشەیەک کە دوو گۆشەی ئەو لە بورژوازی و گۆشەیەکی لە پڕۆلیتاریا پێکهاتووە.

بە قسەی عەبدوڵڵا موهتەدی، کۆماری ئیسلامی نوێنەری بۆرژوازیی ئێران و حیزبی دێموکڕات نوێنەری بۆرژوازیی کوردستان و کۆمەڵە نوێنەری پڕۆلیتاریای کوردستانە. ئەگەر ئەو تێزە سێ گۆشەیە لە پەنا ئەسڵە مەشهوورەکەی خەباتی چینایەتی دابنێین کە دەڵێ "ناتەبایی نێوان پڕۆلیتاریا و بۆرژوازی ئاشتی هەڵنەگرە" ئەو کات باشتر دەردەکەوێ کە مانا و نێوەرۆکی تێزی سێ گۆشە

شتێک نییە غەیری ڕێگا خۆش کردن بۆ شەڕی نێوخۆیی.

ئەگەر لە ڕووی "بەڵگەی لۆژیکی"یەوە بڕوانینە ئەو مەسەلەیە، دەبینین کە "سوغرای و کوبرای"ی غەڵەت، نەتیجەی غەڵەتی لێ پەیدا دەبێ. نە کۆمەڵە نوێنەری پرۆلیتاریا و نە حیزبی دێموکڕات نوێنەری بۆرژوازیی کوردستانە تا لە نێوانیاندا "هاودژایەتی" پەیدا بێ و ئاشتی هەڵنەگریش بێت.

من لێرەدا نامهەوێ بە درێژی باسی پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵە بکەم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە بەشێکی هەرە زۆری پێکهێنەر و ڕێبەرانی کۆمەڵە، کوڕە دەرەبەگ و دەوڵەمەندی شارەکانن کە لە ڕێگای چەوساندنەوەی هەژار و کرێکار و جووتیارانی کوردستان دەرەتانی خوێندنیان بۆ پێکهاتووە و ئێستا خۆیان کردووە بە نوێنەری هەژار و کرێکار و دەستقەڵشیوی کوردستان.

نزیک بە مانگێک پاش دەست پێ کرانی شەڕ، عەبدوڵڵا موهتەدی لە ژمارە ١٧ی "کمونیست" ڕێکەوتی ڕەشەمەی ساڵی ٦٣دا بەشێوەی خوارەوە ئیقرار دەکات کە کۆمەڵە شەڕی دەست پێ کردووە:

". . . برای مجازات عاملین این جنایت و برای دادن درسی به حزب دمکرات در ڕوز ششم بهمن ماه در اورامان به اقدام مسلحانه دست زدیم و علنا و بدون پرده پوشیهای ڕیاکارانه مسئولیت این اقدام را هم بعهده گرفتیم". واتا ".... بۆ سزادانی بکەرانی ئەم تاوانە و بۆ ئەوەی بیکەینە وانەیەک بۆ حیزبی دیموکڕات، لە ڕۆژی شەشی ڕێبەنداندا لە هەورامان دەستمان دایە کردەوەی چەکداری و بە ئاشکرا و بە بێ شاردنەوەی ڕیاکارانە، بەرپرسیارێتیی ئەو کردەوەیەشمان وەئەستۆ گرت.

## دیکتاتوریی پرۆلیتاریا

کۆمەڵە دەیهەوێ پرۆلیتاریا (مەنزوور ڕێبەرانی کۆمەڵەیە) لە کوردستان "حاکمییەت" بەدەستەوە بگرێ. تا ئێرە هیچ ئیشکالێک لەگۆڕێدا نییە، چونکە هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی هەقی هەیە بۆ سەرکەوتنی خۆی تێبکۆشێ. بەڵام عەیبی کار لێرەدایە کە کۆمەڵە دەیهەوێ بێ لەبەرچاو گرتنی ویست و داخوازیی خەڵک و لە ڕووی "قەهری ئینقلابی"یەوە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا داسەپێنێ.

ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە، لە کلاسی دەرسی سیاسیی کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵەدا ئاوا باسی ئەو مەسەلەیە دەکات:

". . . مبارزه طبقاتی، تنها در عرصه‌ی حاکمیت، مبارزه سیاسی و ایدئولوژیکی نیست بلکه نظامی هم هست"١. واتا: "…. خەباتی چینایەتی، تەنیا لە بواری حاکمییەتدا، خەباتی سیاسی و ئیدیۆلۆژیکی نییە بەڵکوو چەکدارییشە."

لە هەڵبژاردنی مەجلیسدا کە ساڵی ١٣٥٨ ئەنجام درا و حیزب و کۆمەڵە و چریک و حیزبی توودە بەشدار بوون، لەو شارانەی کە ئاکامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا، حیزبی دێموکڕات بە تەنیا زیاتر لە ٨٠% دەنگی خەڵکی کوردستانی وەدەست هێنا، بەڵام کۆمەڵە نە باوەڕی بە هەڵبژاردن و نە باوەڕی بە دەنگی خەڵک هەیە و نە ڕێز بۆ بیروڕای خەڵک و پلۆرالیزمی سیاسی دادەنێ.

کۆمەڵە شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکڕات بە بەشێک لە بەربەرەکانیی نێوان

---

١. کومله را بهتر بشناسیم، ل ١٥، انتشارات کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران، شهریور ١٣٦٥.

پرۆلیتاریا و بۆرژوازی دەزانێ و ئەو بۆچوونە بەشێوەی خوارەوە دەردەبڕێ:

''جنگ حاضر را جزئی از مبارزه میان پرۆلیتاریا و بورژوازی در جنبش کردستان دانستن کاملا" امری صحیح است''١. واتا: "ئەوەی کە ئەم شەڕەی لە ئارادایە بە بەشێک لە خەباتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی لە بزووتنەوەی کوردستان بزانین شتێکی زۆر ڕاست و دروستە".

پاش هەڵگیرسانی ئاوری شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە، زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان سەبارەت بەو شەڕە هەڵوێستیان گرت و نەزەری خۆیانیان ڕاگەیاند. بۆ ئەوەی خوێنەرە بەڕێزەکان باشتر هۆیەکانی هەڵگیرسانی شەڕ و لایەنی شەڕهەڵایسێن بزانن و بناسن لێرەدا باسی هەڵوێستی چوار ڕێکخراوی چەپی مارکسیستیی ئێران دەکەم و عەینی نەزەری ئەو ڕێکخراوانە کە بە زمانی فارسییە دەگێڕمەوە.

١- آیا جنگ خانگی بس نیست؟ "راه کارگر'' شماره ١٦ ئۆرگانی "ڕاه کارگەر".

'' تردیدی نیست که هر آزادی در چهارچوب معینی می‌تواند، معنی پیدا کند و هیچکس نباید آزادی تبلیغ و ترویج نظرات مختلف را با آزادی تبلیغ و جنگ افروزی میان نیروهای مقاومت خلق کرد، یکی بگیرد. کومله باید از تبلغات دشمنانه علیه حزب دمکرات (یعنی تبلیغاتی که حزب دمکرات را ضد انقلاب و دشمن آشتی ناپذیر زحمتکشان کرد و. . . قلمداد میکند و زمینه درگیریهای نظامی میان دو سازمان را فراهم می‌آورد) اجتناب کند. ''٢

١. جنگ داخلی کردستان – لاپەڕەی ١٣٢ – شهریور ١٣٦٦ – انتشارات مرکزی کومله.

[2] ئاخۆ شەڕی ناوخۆ بەس نییە؟ "راه کارگر" ژماره ١٦، ئۆرگانی "راه کارگر":

٢- نشریه اکثریت – مورخه فروردین ماه ٦٤ – ارگان چریکهای فدایی خلق ایران ''اکثریت''.

''سازمان ما علیرغم اختلاف نظرهایی که بین ما و حزب دمکرات وجود دارد، توطئه‌ها و تحریکات کومله در کردستان را محکوم میکند. برنامه اعلام شده‌ی کومله، دشمنی کینه‌توزانه و مذبوحانه با کمونیستهای ایران و تفرقه در جنبش ملت خلق کرد است. ''[٣]

٣- راه خلق - شماره ٢٥- دی ماه ٦٣ – اقلیت.

''کومله با استفاده از فاجعه اورامان، عنان گسیخته آنچنان پیش تاخته است که درگیری با حزب دمکرات را تا حد یک قضیه مبرم ارتقاء داده است. طبیعی است، وقتی که ضرورت تداوم چنین درگیریهایی بعنوان یک سیاست عملی از سوی رهبری کومله تئوریزه گشته و در میان نیروی کومله اشاعه یابد، باید جنبش خلق کرد منتظر فجایعی بمراتب گسترده‌تر از فاجعه اورامان بوده و

---

''گومانێک نییە کە هەر ئازادییەک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەتوانێ مانای هەبێ و هیچ کەسێک نابێ ئازادیی پەرەپێدان و بڵاو کردنەوەی بۆچوونی جیاواز، لەگەڵ ئازادیی پڕۆپاگەندە و شەڕهەڵگیرساندن لە نێوان هێزەکانی بەرگریی گەلی کورد، وەک یەک دابنێ. کۆمەڵە دەبێ لە پڕۆپاگەندەی دوژمنکارانە لە دژی حیزبی دێموکڕات (واتا پڕۆپاگەندەیەک کە حیزبی دێموکڕات بە دژی شۆڕش و دوژمنی ئاشتیهەڵنەگری زەحمەتکێشانی کورد دەزانێ و بواری بۆ پێکدادانی چەکداری لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەیەدا پێکهێناوە) دەست هەڵبگرێ.

[٣] بڵاڤۆکی "اکثریت"- خاکەلێوەی ساڵی ٦٤- ئۆرگانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران(ئەکسەرییەت):
ڕێکخراوەکەی ئێمە، سەرەڕای جیاوازییەک کە لە نێوان ئێمە و حیزبی دێموکڕاتدا هەیە، پیلانەکان و هاندانەکانی کۆمەڵە لە کوردستان ئیدانە دەکا. پلانی ڕاگەیاندراوەی کۆمەڵە، دوژمنایەتییەکی پڕ لە ڕق و ترسەنۆکانە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێران و نانەوەی ناتەبایی لە نێو بزووتنەوەی گەلی کورددایە.

این بار محصولات رنگارنگ قهر و غضب منادیان به اصطلاح "دمکراسی انقلابی" و " مارکسیسم انقلابی" را در این یا آن گوشه شاهد و ناظر باشد". [٤]

٤- اندیشهء رهایی – نشریه خارج از کشور سازمان وحدت کمونیستی شماره ٣ و ٤ – اسفند ماه ٦٣.

"کومله با یک فرض خیالی ("پرولتاریای انقلابی" خواندن خود) حرکت کرد و به فرض خیالی دیگر (بورژوازی خواندن حزب دمکرات) رسید، در نتیجه تعرض مسلحانه "بورژوازی" را با مظهر قاطعیت و سازش ناپذیری پرولتاریای انقلابی با شدت پاسخ داد. بنابر این، با این خیالبافیها راه دیگری جز تعرض قاطع و شدید به بورژوازی و ادب کردن آن، پیش پای خود ننهاد و خود را در تسلسل باطل گرفتار کرد. "[٥]

دوای هەڵوێست گرتنی ئەو ڕێکخراوانە، کۆمەڵە زۆر بە توندی هێرشی تەبلیغاتیی کردە سەریان و بە لیبراڵ و سازشکار و خزمەتکاری سیاسەتی

[٤] ڕێگای گەل - ژمارە ٢٥- بەفرانباری ٦٣ – ئەقەلییەت:

کۆمەڵە بە کەڵک وەرگرتن لە کارەساتی هەورامان، بە شێوەیەکی هەوسار پساو وەها بەرەو پێش ئاژواوە کە شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی تا ئاستی بابەتێکی پێویست بەرز کردووەتەوە. سروشتییە، کاتێک کە پێویستیی بەردەوام بوونی ئەو پێکدادانانە، وەک سیاسەتێکی کرداری لە لایەن ڕێبەریی کۆمەڵەوە تیۆریزە بکرێ و لە نێوان هێزەکانی کۆمەڵەدا بڵاو بێتەوە، دەبێ بزووتنەوەی گەلی کورد چاوەڕێی کارەساتی زۆر بەربڵاوتر لە کارەساتی هەورامان بێت و ئەمجارەیان بەرهەمە ڕەنگاوڕەنگەکانی قەهر و تووڕەیی مژدەهێنەرانی بە وتەی خۆیان "دێموکڕاسیی شۆڕشگێڕانە" و "مارکسیسمی شۆڕشگێڕانە" لەملا و ئەولا ببینێ.

[٥] اندیشە رهایی، بڵاو کراوەی دەرەوەی وڵاتی ڕێکخراوی یەکگرتوویی کۆمۆنیستی، ژمارە ٣ و ٤ – ڕەشەممەی ٦٢
کۆمەڵە بە فەرزێکی خەیاڵی (ناونانی خۆی وەک پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ) دەستی کرد بە جووڵە و گەیشتە فەرزێکی خەیاڵیی دیکە (بە بۆرژوازی زانینی حیزبی دێموکڕات). لە ئەنجامدا دەستدرێژیی چەکدارانەی "بۆرژوازی"ی بە لێبڕاوی و سازش هەڵنەگربوونی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، زۆر بە توندی وڵام دایەوە. بەم پێیەش بەو خەیاڵسازییانە، ڕێگایەکی دیکە جگە لە دەستدرێژیی توند و تیژ بۆ سەر بۆرژوازی و تەمێ کردنی ئەوی، نەخستە بەر پێی خۆی و خۆی خستە ناو دەوری باتڵەوە.

حیزبی دیمۆکرات نێوی بردن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بۆچوونەی کۆمەڵە
که ''هەر کەس لەگەڵ ئێمه نییه دوژمنمانه''.

## ٢- چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران

پێکهاتنی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران دەگەڕێتەوە، بۆ ساڵەکانی پێش ساڵی ١٣٥٠ی کۆچیی هەتاوی. لە ڕەوتی شۆڕشی ئێراندا، ئەو ڕێکخراوەیە توانی ببووژێتەوە و دەوری خۆی بگێڕێ.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، ئەو ڕێکخراوەیە یەکێک لە چالاکترین ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران بوو و توانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باش بۆخۆی پێک بێنێ و لقی کوردستانیشی زۆر چالاک و هەڵسووڕ بوو و پاش شەڕی ٣ مانگە و هاتنە گۆڕی مەسەلەی وتووێژ، بوو بە یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان.

لە سەرەتای ساڵی ٥٩دا، ئەو ڕێکخراوەیە لە ژێر "کارتێکەریی خەتی فیکریی حیزبی توودەدا کە لایەنگری سەرسەختی کۆماری ئیسلامی بوو، تووشی ''لێکدابڕان'' هات و بوو بە دوو دەستەی ''اکثریت'' و ''اقلیت'' (زۆرینە و کەمینە). بە دوای ئەو وەزعەدا ئەکسەرییەت لە کوردستان ئاشبەتاڵی کرد و لەو ڕێکەوتەوە هەتا ساڵی ٦٢، سیاسەت و تێکۆشانی ئەکسەرییەت ڕەنگدانەوەیەک بوو لە بۆچوونەکانی حیزبی توودە. تەوەری بنەڕەتیی تێکۆشانی ئەکسەرییەت، لەو قۆناغەدا لەسەر دوو مەسەلە دامەزرابوو:

ئا- دیفاع لە سیاستەکانی کۆماری ئیسلامی و پاساو هێنانەوە بۆ جینایەتەکانی ڕێژیم، بەتایبەت لە کوردستان، بە بیانووی ئەوەی کە دژی ئیمپریالیستە.

بێ- هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان و بڵاو کردنەوەی

پڕۆپاگەندەی درۆ و بوختان، بەتایبەت لە نێو لاوەکاندا.

ساڵی ١٣٦٢، ئەکسەرییەتیش وەک حیزبی توودە کەوتە بەر پەلامار و هێرشی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە کادر و ئەندام و لایەنگرانی ناسراوی ئەو ڕێکخراوەیە گیران و زیندانی کران و بەشێکیش توانیان خۆ دەرباز کەن و هەڵاتن بۆ دەرەوەی ئێران.

سیاسەت و هەڵوێستی چەوتی ئەو ڕێکخراوەیە و پرش و بڵاو بوونی حیزبی توودە و ئاڵوگۆڕی فیکری و سیاسیی وڵاتانی سۆسیالیست لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، تا ڕادەیەک شوێنی لەسەر ئەکسەرییەت داناوە، بەجۆرێک کە ئێستا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە سیاسەت و کردەوە چەوتەکانی ڕابردووی خۆی. بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ خەباتی داهاتووی خۆی دیاری بکات.

بەپێچەوانەی ''ئەکسەرییەت'' کە پاش ئاشبەتاڵ کوردستانی بەجێ هێشت، ''ئەقەلییەت'' هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی دژی کۆماری ئیسلامی گرت و لە کوردستان خەباتی سیاسی و نیزامیی خۆی درێژە دا.

لە ساڵی ٦٠ بەدواوە ''ئەقەلییەت'' چەندین جار تووشی لەتبوون‌بووە بە جۆرێک کە ئێستا هیچ کام لەوانە (بەشە دابڕاوەکان) هێز و توانایەکی ئەوتۆیان لەبەردا نەماوە و ناتوانن لە گۆڕەپانی خەباتدا چالاکی و تێکۆشانی بەرچاویان هەبێت.

## ٣- حیزبی توودەی ئێران

مێژووی حیزبی توودەی ئێران، پڕە لە هەڵوێستی نابەجێ، فرسەت تەڵەبی، نەناسینی هەلومەرج و نان بە نرخی ڕۆژ خواردن. پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، حیزبی توودە ، بەو هیوایە بتوانێ بە شیوەی ڕەنگ گۆڕین و خۆ نزیک کردنەوە لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بەرەبەرە بخزێتە نێو حکوومەت و پاشان دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، زیاتر لە ڕابردوو کەوتە نێو گێژاوی ڕیاکاری و کردەوەی خەیانەتکارانە.

تاکتیک و بناغەی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لەو قۆناغەدا، لەسەر ئەو شتانەی خوارەوە دامەزرابوون:

١- پێداهەڵگوتن بە خومەینی و کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم.

٢- تاریف کردن لە ئیسلامی ئینقلابی و تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان ئیسلام و مارکسیزمدا.

٣- لەقەڵەمدانی کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی دژی ئیمپریالیستی و دژی سەرمایەداری.

٤- پشتیوانی کردن لە سیاسەت و کردەوەی ڕێژیم و پاساو هێنانەوە بۆ سیاسەتەکانی.

سیاسەت و کردەوەی حیزبی توودە لە کوردستان، زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ڕووی دزێوی خۆی نیشاندا و بوو بە سەرچاوەی زۆر گیروگرفت بۆ خەڵکی کورد.

پوختە و نێوەرۆکی ئەو سیاسەتە ناڕەوایە بریتی بوو لە دوو خاڵ:

ئا- هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان و لێدانی تۆمەت لەو بزووتنەوەیە. خەتە گشتییەکانی ئەو هێرشە ئەو خاڵانەی خوارەوە بوون:

١. کۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیستە.

٢. دژایەتی کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی "دەستکیسی" کردن لەگەڵ ئیمپریالیزمە.

حیزبی توودە لەو بوارەدا هێندە خۆشخزمەتیی کرد کە تەنانەت ئەندام و لایەنگرەکانی لە کوردستان بە قازانجی ڕێژیم جاسووسییان لەسەر ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی گەلی کورد دەکرد.

یەکێک لە تۆمەتە ناڕەواکانی حیزبی توودە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکڕات ٩ میلیۆن دۆلاری لە پەیمانی ناتۆ وەرگرتووە. مەبەستی حیزبی توودە لە ساز کردنی تۆمەتی وا گەورە ئەوە بوو کە نیشان بدا بزووتنەوەی کوردستان دەستکردی ئیمپریالیزمە و کۆماری ئیسلامی کە ڕێژیمێکی دژی ئیمپریالیستییە حەقی هەیە و دەبێ ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت بکا.

ب- هێرشی تەشکیلاتی و هەوڵ دان بۆ نفووز کردن لە نێو ڕێزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا.

ئامرازی حیزبی توودە بۆ ئەو کارە هێندێک ئەفرادی نێو حیزبی دێموکڕات بوون کە یا لە سەرەتادا توودەیی بوون و خۆیان خزاندبووە نێو ڕیزەکانی حیزب، یان شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانگەی سیاسییان وەک حیزبی توودە وا بوو. لە نێو حیزبدا ئەو جۆرە کەسانە بە "توودەکڕات" مەشهوور ببوون.

لە ڕەوتی پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب لە ڕێکەوتی ١٣٥٨/١١/٢٨دا، توودەکڕاتەکان زۆریان هەوڵ دا کە نەزەر و سیاسەتی حیزبی توودە بەسەر

بەشدارانی کۆنگرەدا بسەپێنن و ڕێبەرایەتیی حیزب بەدەستەوە بگرن بەڵام، لەو کارەدا سەرنەکەوتن.

ڕۆژی ٢٥ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ٥٩، ٧ کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب کە توودەکرات بوون لە بەیاننامەیەکدا جودابوونەوەی خۆیانیان لە حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند.

ئەو خاڵانەی کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوونە گۆڕێ هەر ئەو شتانە بوون کە حیزبی توودە دەیگوت و بڵاوی دەکردەوە کە پوختەکەی ئەوە بوو کە ''ڕێژیم دژی ئیمپریالیستە و هەر کەس یان هەر ڕێکخراوێک دژایەتیی لەگەڵ بکات، دژی شۆڕشە''. مانای ڕاستەوخۆی ئەو قسانە ئەوە بوو کە دەبێ بزووتنەوەی کوردستان واز لە داخوازییەکانی خەڵکی کورد و واز لە خەبات کردن بێنێ و ئاشبەتاڵ بکا.

حەوتوویەک دوای ئەو بەیاننامەیە یانی ٥٩/٤/١ حیزبی دێموکڕات میتینگێکی گەورەی لە شاری مهاباد پێکهێنا و لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند کە کردەوەی ئەو ٧ کەسە خەیانەت بە جووڵانەوەی کوردستانە و حیزبی دێموکڕات تا دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، هەر درێژە بە خەباتی شێلگیرانەی خۆی دەدات.

لەو ڕێککەوتە بەدواوە، ئەو کەسانەی کە بەیاننەکەیان بڵاو کردبۆوە بە "تاقمی ٧ کەسی" مەشهوور بوون.

"تاقمی ٧ کەسی" پاش جودابوونەوەیان ماوەیەک لە ژێر باڵی حیزبی توودەدا بەنێوی ''حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران پەیرەوانی کۆنگرەی چوار'' هەڵدەسووڕان و شانبەشانی حیزبی توودە هەرچی لەدەستیان هات دژی بزووتنەوەی کوردستان ئەنجامیان دا. پاش ماوەیەک کە نەیانتوانی بەو

شێوەیە درێژە بە کار بدەن "تەشەککول"ی خۆیان هەڵوەشاندەوە و بەشی زۆریان ڕەسمەن چوونە نێو حیزبی توودە. پاش ماوەیەکی تر دوو کەس لە تاقمی ٧ کەسی بوون بە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە.

محەممەدئەمین سیراجی بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و غەنی بلووریان بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئەوەش زۆر بە ئاشکرا دەریخست کە ئەوانە زۆر لەمێژە پەیوەندییان بە حیزبی توودەوە هەیە، دەنا حیزبیکی دەرگا داخراوی وەک حیزبی توودە ئاوا بە خێرایی وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی وەری نەدەگرتن.

لە سەرەتای ساڵی ٦٢دا بەرەبەرە دەرکەوت کە پەیوەندیی حیزبی توودە و کۆماری ئیسلامی خەریکە تێکدەچێ. ڕۆژی ٦٢/٢/١٤ دادستانی کۆماری ئیسلامی حیزبی توودەی بە ناقانوونی و "منحله" ڕاگەیاند و بە دوای ئەوەدا هێرشی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بۆ سەر ئەو حیزبە دەستی پێ کرد و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادر و لایەنگرانی حیزبی توودە گیران و زیندانی کران کە لە نێو گیراوەکاندا، دوکتور نوورەدین کیانووری، سکرتێری گشتی و ئیحسان تەبەری "تیئۆریسیەن"ی ئەو حیزبە دەبیندران.

ڕۆژی ٦٢/٢/١٨ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات بەیاننامەیەکی سەبارەت بە هێرشی ڕێژیم بۆ سەر حیزبی توودە بڵاو کردەوە و وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی ڕێژیم بۆ سەر حیزبی توودە، داوای لە هەموو ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە کرد کە سەرەڕای خەیانەتی حیزبی توودە بە بزووتنەوەی کوردستان، دەتوانن بۆ ڕزگار بوون لە تاقیب و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و فشاری کۆماری ئیسلامی، بێن بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی

کوردستان و خەڵک و پێشمەرگە یارمەتییان دەدەن و دەیانپارێزن١.

دوای ڕاگەیەندراوی حیزب، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی توودە پەنایان بۆ کوردستان هێنا و خەڵک و پێشمەرگە بە باوەشی ئاواڵەوە وەریان گرتن.

پاش ڕووداوە گرینگەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی، گەندەڵ بوونی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی توودە زیاتر لە ڕابردوو خۆی نواند و بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی ئەو حیزبە تووشی ناهومێدی بوون. بە دوای ئەو وەزعەدا، بەشێکی زۆر لە کادرە کوردەکانی حیزبی توودە لە ڕاگەیەندراوێکدا پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو حیزبە پچڕاند. غەنی بلووریان و محەممەدئەمین سیراجی لەو کەسانە بوون کە ئەو ڕاگەیەندراوەیان ئیمزا کردووە و لەودا ئیقراریان کردووە کە بە هۆی هاندانی حیزبی توودەوە لە حیزبی دێموکڕات جودا بوونەوە و لە بەرانبەر گەلەکەیاندا ڕاوەستاون.

١. "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات – ژمارە ٩٠ – بانەمەڕی ٦٢.

## ٤- ڕێکخروای موجاهیدینی خەڵکی ئێران

پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوی موجاهیدین و بزووتنەوەی کوردستان لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئێستا دوو قۆناغی جیاوازی بەخۆیەوە دیوە کە بە کورتی باسیان دەکەم:

ئا- دۆستایەتی، هاوکاری، هاوپەیمانی.

بێ- لێک دوور کەوتنەوە و نێوان ناخۆشی.

**قۆناغی یەکەم:**

لەسەرەتاوە پەیوەندیی موجاهیدین و حیزبی دێموکڕات، وەک ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستان، ئاسایی بوو و بەرەبەرە ئەو پەیوەندییە بوو بە دۆستایەتی و لێک نیزیک بوونەوە.

لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەم سەرکۆماری ڕێژیمی تازەدا، حیزبی دێموکڕات پشتیوانیی لە کاندیداتۆریی ''مەسعوود ڕەجەوی'' کرد و موجاهیدین لە باری سیاسی و تەبلیغاتییەوە، پشتیوانیی لە داخوازەکانی گەلی کورد دەکرد. لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ٣٠ مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠، پەیوەندیی موجاهیدین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گەرم بوو و ئەو ڕێکخراوەیە لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا تێکۆشانی ئاشکرای هەبوو، بەڵام بەرەبەرە ئەو پەیوەندییە بەرەو ئاڵۆزی و لێک دابڕان ڕۆیشت.

ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ موجاهیدین ڕێپێوانێکی گەورەی لە شاری تاران وەڕێ خست کە زۆر بە توندی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت کرا و ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی ئەو ڕێپێوانە کوژران و بریندار

بوون و ژمارەیەکی زۆرتریش گیران و زیندانی کران.

بەدوای ئەو ڕووداوەدا زەبروزەنگ و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ڕێکخراوی موجاهیدین دەستی پێ کرد و بەشێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ دەرباز بوون لە تاقیب و گیران و ئیعدام، ڕوویان کردە کوردستان و خەڵک و پێشمەرگە بە باوەشی ئاواڵەوە وەریانگرتن و جێگاو ڕێگایان بۆ دابین کردن و حیزبی دێموکڕات بەشێکی زۆر لە ئیمکاناتی خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی موجاهیدین بتوانێ لە کوردستان تێکۆشانی خۆی درێژە پێ بدات.

ڕۆژی ٦٠/٥/٧ ''مەسعوود ڕەجەوی'' لەگەڵ ئەبولحەسەن بەنیسەدر کە ئەو کات ماوەیەک بوو لە سەرکۆماری وەلا نرابوو، لە ڕووی گەلاڵەیەکی وردەوە کە موجاهیدین ئامادەی کردبوو، بە فڕۆکەیەکی ئێرانی لە فڕۆکەخانەی ''مهرآباد''ڕا کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێژیمدایە، توانیان خۆیان دەرباز کەن و هەڵێن بۆ فەڕانسە.

## پێکهاتنی "شورای ملی مقاومت" (ئەنجومەنی نەتەوەییی بەرگری)

ماوەیەک دوای چوونی مەسعوود ڕەجەوی و بەنیسەدر بۆ فەڕانسە، بەرنامەیەکی هاوبەش لەلایەن موجاهیدین و بەنیسەدر بە ناوی ''برنامەی شورای ملی مقاومت و دولت موقت جمهوری دمکراتیک اسلامی ایران'' (بەرنامەی ئەنجومەنی نەتەوەییی بەرگری و حکوومەتی کاتیی کۆماری دێموکڕاتیکی ئیسلامیی ئێران) بڵاو کرایەوە و داوا لە "کەسایەتی" و "ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان" کرابوو بچنە نێو ڕیزی شووڕاوە.

دوای ماوەیەک وتووێژ لە نێوان موجاهدین و حیزبی دێموکڕاتدا، ڕۆژی

٦٠/٨/٥ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات، دوکتور قاسملوو، له نامەیەکدا کە بۆ بەرپرسی ''شورای ملی مقاومت'' (مەسعوود ڕەجەوی)ی نووسی ڕایگەیاند کە بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوول و بەرنامەی شووڕا کە لەودا خودموختاریی کوردستان وەک ئەسڵێکی ''مقدس'' (پیرۆز) ڕاگەیەندراوە، حیزب چوونی خۆی بۆ نێو شووڕا ڕادەگەیەنێ١.

ئەگەرچی شکڵ و نێوەرۆکی شووڕا لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتەوە کەموکووڕیی زۆری تێدا بوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە حیزب بەرنامەی شووڕای قەبووڵ کرد:

ئا- بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێران.

بێ- قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاریی کوردستان لە لایەن شووڕاوە و گونجاندنی ئەو ئەسڵە لە بەرنامەی شووڕادا.

جێ- تێکۆشان بۆ ئیسلاح و پەرەپێدان و بەهێزکردنی شووڕا لە نێوەوەی شووڕادا.

یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتەکانی چوونی حیزب بۆ نێو شووڕا، پەسند کردنی گەڵاڵەی خودموختاریی کوردستان بوو.

ئەو گەڵاڵەیە لە یەک پێشەکی و ١٢ مادده پێک هاتووە و ڕۆژی ٦٢/٨/١٧ بەتێکڕای دەنگ لەلایەن شووڕاوە پەسند کراوە.

---

١. کوردستان- ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران- ژمارە ٨١ بەفرانباری ١٣٦٠.

**٢- قۆناغی دووهەم: لێک دوورکەوتنەوەو نێوان ناخۆشی**

لە جەرەیانی باس و کۆبوونەوەکانی شووڕادا، دوو ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز بەرەبەرە خۆی دەنواند:

ئا: موجاهیدین خۆی بە گەورەترین هێزی بەرهەڵستکاری ئێرانی و پێکهێنەری شووڕا دەزانی و لەو باوەڕەدا بوو کە بەزوویی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ و ئەو دەبێتە "ئالترناتیو" و جێنشینی ئەو ڕێژیمە.

هەڵسوکەوتی موجاهیدین لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی دەگرت و حاڵەتێکی "هێژمون خوازی" و خۆبەزل زانین و پاوانخوازیی بە خۆیەوە گرتبوو کە لەگەڵ دێموکڕاسی و ئازادیخوازی یەکی نەدەگرتەوە.

بێ- حیزبی دێموکڕات و هێندێک لە لایەنەکانی دیکەی نێو شووڕا، تێدەکۆشان کە شووڕا پەرە بستێنێ و بەهێز بکرێ و کەسایەتی و دەوری تایبەتی خۆی هەبێ و نەکەوێتە ژێر چۆکی موجاهیدین.

ئەو وەزعە بوو بە هۆی ئەوەی هێندێک ڕێکخراوی نێو شووڕا بەرەبەرە ڕۆیشتن و شووڕایان بەجێ هێشت.

موجاهیدن زیاتر حیزبی دێموکڕاتی بە عامیلی پێکهاتنی ئەو وەزعە دەزانی بۆیە ساڵی ٦٣، بەو بیانوویە کە حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ دەکا و ئەو کارە بەپێچەوانەی قازانج و مەسڵەحەتی شووڕا و موجاهیدینە، هەراوهۆریایەکی گەورەی لە نێو شووڕا و دەرەوەی شووڕادا لە دژی حیزب وەڕێ خست .

ڕۆژی ٦٤/١/٢٠ موجاهیدن، کۆبوونەوەیەکی نائاساییی بە بێ بەشداریی نوێنەری حیزب لە شووڕا، پێکهێنا و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارنامەیەک دەرچوو کە نێوەرۆکەکەی بریتی بوو لەوەی کە ئەگەر حیزبی دێموکڕات واز لە وتووێژ

لەگەڵ ڕێژیم نەهێنێ و "بەڵێن" نەدا کە لە داهاتوودا حەقی وتووێژکردنی نییە، لە شووڕا "منفصل" دەبێت١.

شتێکی ئاشکرا بوو کە حیزبی دێموکڕات نەیدەتوانی و ناتوانێ "ئۆلتیماتۆمی"ی موجاهیدین یان شووڕا قەبووڵ بکات، چونکە لە دەرەوەی ئەوەی کە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم کراوە یان نەکراوە، یان وتووێژ کردن لەگەڵ ئەو ڕێژیمە کارێکی باشە یان کارێکی خراپ و بێسوودە، لە ئەساسدا وتووێژ کردن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی هێمنانە و عادڵانە بۆ دۆزی کورد، لەگەڵ هەر لایەنێک کە پەیوەندیی بە دۆزی کوردەوە هەبێ، لە پێش هەموو کەسدا حەقی بزووتنەوەی کوردستانە و هیچ هێزێک ناتوانێ ئەو مافە بە بیانووی جۆراوجۆر لە حیزب قەدەغە بکات.

بەو جۆرە حیزب لە شووڕا هاتەدەر، چونکە حازر نەبوو کەسایەتی و سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب، ببێتە قوربانیی سیاسەتی شۆڤێنیستیی ئەم و ئەو.

لە ڕاستیدا هەروەک چوونی حیزب بۆ نێو شووڕا لە کاتی خۆیدا کارێکی بەجێ و بە قازانج بوو، هاتنە دەرەکەشی لە شووڕا کارێکی بەجێ و بەقازانج بوو.

---

. كوردستان- ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران- ژمارە ٨١ بەفرانباری ١٣٦٠.
لێوەی ١٣٦٤.

## ٥- مامۆستا "شێخ عێزەدین حوسێنی"

پێش دەست پێ کرانی شۆڕشی ئێران، مامۆستا، ئیمام جومعەی شاری مهاباد بوو و لە بەر ئەوەی مەلایەکی زانا و ڕووناکبیر بوو، خەڵکی مهاباد و ناوچە ڕێزیان لێ دەگرت. پاش شکڵ گرتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، مامۆستا هاتە مەیدان و دەستی کرد بە تێکۆشانی سیاسی و تەبلیغات لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی. لە بەر ئەوەی لە ڕاپەڕینی گشتیدا ئاخوندەکان دەوری ڕێبەرایەتی کردنیان هەبوو، لە کوردستانیش زەمینەی پەرەستاندنی نەخشی "رۆحانییەت" لەگۆڕێدا بوو بەڵام کەمتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران چونکە کوردستان ڕابردووی خەباتی سیاسیی دێرینەی هەبوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، مامۆستا وەک کەسایەتییەکی سیاسی و مەزهەبی چاوی لێ دەکرا و جێگای ڕێزی خەڵک بوو.

لە جەرەیانی پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورددا، مامۆستا بە سەرۆکی ئەو هەیئەتە دیاری کرا تا جۆرێک ڕەنگی مەزهەبییش بە هەیئەتەکە بدرێ بۆ ئەوەی هێندێک "حەساسییەت"ی ڕێژیمی تازە بە ڕێکخراوە سیاسییەکان کەم بکرێتەوە.

کۆمەڵە و فیداییەکان بۆ "وجیەالملله" نیشاندانی خۆیان و کەڵک وەرگرتن لە نفووزی سیاسی و مەزهەبیی مامۆستا بە تایبەت لە نێو خەڵکی گوندەکاندا و هەروەها بۆ کەم کردنەوەی نفووزی سیاسیی حیزبی دێموکرات، هەر کام بە شێوەی تایبەتیی خۆیان دەوری مامۆستایان تەنی و دەستیان کرد بە تاریف و پێداهەڵگوتنی مامۆستا و بەرز کردنەوەی دروشمی زەلام و بێنێوەرۆک کە

بۆخۆشیان باوەڕیان بەو شتانە نەبوو.

لەو لایەشەوە مامۆستا سەرەڕای ئەوەی کە لە دوو مەسەلەی گرینگدا (هەستی نەتەوایەتی- بیروباوەڕی مەزهەبی) لەگەڵ ئەو دوو ڕێکخراوەیە جیاوازیی تەواوی هەبوو، لەگەڵ ئەو لێک نزیک بوونەوە تاکتیکییە ڕووی خۆشی نیشان دا. چونکە ئەو کات بۆچوونێکی ناڕاست تا ڕادەیەک ڕەواجی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە میلاکی شۆڕشگێڕ بوون، تێپەڕبوون لە کاناڵی ڕێکخراوە چەپە سوورو زەردەکانە.

یەکێک لەو دروشمە زەلامانەی کە کۆمەڵە و چریک بە مەبەستی تایبەتیی خۆیان کە لە پێشدا ئیشارەی پێ کرا، خستبوویانە سەر زاری لایەنگرەکانیان ئەوە بوو کە ''مامۆستا ڕێبەری سیاسی و مەزهەبیی کوردستانە''. مامۆستا یان باوەڕی بەو دروشمە کردبوو یان ئاواتی ئەوە بوو کە وەڕاست گەڕێ و نەوعێک ''مشاکلە'' (ڕێککەوتن) لە نێوان شۆڕشی کوردستان و شۆڕشی سەرانسەریی ئێراندا پێک بێت.

بەو مانایەی هەر وەک نەفەرێکی "ڕۆحانی"(خومەینی) ڕێبەرایەتیی شۆڕشی سەرانسەریی کردووە، ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کوردستانیش لە ئەستۆی مەلایەک بێت. بەڵام هەلومەرجی عەینی و زەینیی کوردستان بە جۆرێکە کە تاکێک هەر ئەندازە لێوەشاوە بێت، ناتوانێ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بکات.

مێژوو ئەو ڕاستییەی دەرخستوە کە خاڵی لاواز و هەڵەی بنەڕەتیی بزووتنەوەکانی ڕابردووی کوردستان ئەوە بوو کە ڕێبەرایەتییەکەیان تاکەکەسی بوو و لە واقیعدا پێکهاتنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ لابردنی ئەو

خاڵە لاوازە و دەستەجەمعی کردنی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان بوو.

ئەو وەزعەی کە لە سەرەوە باس کرا بوو بە هۆی ئەوەی مامۆستا لە حاڵەتی بێ لایەنی بێتە دەر و بکەوێتە نێو چوارچێوەیەکی تەسکی سیاسی کە تەنیا بە قازانجی ئەو ڕێکخراوانە بوو.

مامۆستا ڕێبەر یا ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو و بێجگە لە چەند کەسێک کە بە نێوی "دەفتەری مامۆستا" کاری ڕۆژانەیان ڕادەپەڕاند، کەسی دیکەی بەدەورەوە نەبوو، ئەو چەند کەسەش زۆر زوو بڵاوەیان کرد. ئاکامی ئەو وەزعە بوو بە هۆی کەم بوونەوەی نفووزی سیاسی و بێڕەنگ بوونەوەی دەوری مامۆستا لە کوردستان.

مامۆستا ئێستا چەند ساڵێکی دوور لە کوردستان و لە وڵاتی سوئێد دەژی. (مامۆستا ساڵی ٢٠١١ لە سوید کۆچی دواییی کرد. ئازاد)

## ٦ - ئەحمەد مفتی‌زادە

ئەحمەد مفتی‌زادە سەر بە بنەماڵەیەکی مەزهەبی بوو کە مفتیی شاری سنە بوون و مفتی‌زادە بۆخۆشی لە علوومی ئیسلامیدا زۆر شارەزا بوو. پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، مفتی‌زادە ماوەیەک بە شێوەی غەیرەڕەسمی لەگەڵ ڕۆژنامە و تلویزیۆن بە شیوەی وتار نووسین یان بەڕیوەبردنی بەرنامە، هاوکاریی دەکرد. ناوبراو ئینسانێکی زۆر مەزهەبی و ''دەمارگرژ'' بوو و تا ڕادەیەکیش هەستی ناسیۆنالیستیی تێدا هەبوو، بەڵام بە بەراوەرد لەگەڵ هەستی مەزهەبییەکەی، زۆر لاوازو بێڕەنگ بوو.

مفتی‌زادە ساڵی ١٣٥٦ لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری سنەدا شتێکی بە ناوی مەدرەسەی قورئان پێکهێنا و لەو مەدرەسەیەدا، لەگەڵ دەرسی مەزهەبی و تەفسیری قورئان، جاروباریش بە هێواشی دژی ڕێژیمی شا قسەی دەکرد و بەو کارەی توانی سەرنجی بەشێک لە کەسە مەزهەبی و لاوەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

لە سەرەتای ساڵی ٥٧دا، مفتی‌زادە بەڕاشکاوی دەستی کرد بە تەبلیغات دژی شا و ڕێژیمی پاشایەتی و لەو بارەیەوە زۆر چالاکیی نواند و توانی پیگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لە شاری سنە و دەوروبەر بۆخۆی پێک بێنێ، بەجۆرێک کە ئەویش کەوتە بیری بەرزەفڕی و لای وا بوو کە ڕێبەری سیاسی و مەزهەبیی کوردستانە و لەو ڕێگایەدا کەوتە ڕکابەرایەتی و ململانێ لەگەڵ مامۆستا شیخ عێزەدین حوسێنی.

بناغە و ڕوانگەی فیکری و ئەساسی تێکۆشانی مفتی‌زادە، هەم لە جەرەیانی

ڕاپەڕیندا و هەم پاش سەرکەوتنی شۆڕش، لەسەر دوو مەسەلە دامەزرابوو:

١- گرینگیدان بە مەسایلی مەزهەبی و کەمڕەنگ کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و زەق کردنەوەی فەرق و جیاوازی دانان لە نێوان شیعە و سوننیدا و تێکۆشان بۆ لابردنی ئەو فەرق و جیاوازی دانانە. مفتیزادە بە ڕاستی باوەڕی کردبوو کە کۆماری ئیسلامی، لە بەرزکردنەوەی دروشمی ''شیعە و سوننی فەرقی نییە'' و زۆر دروشمی دیکەی لەو شێوەیە، نیازپاکە و دەیهەوێ بە کردەوە ستەمی مەزهەبی لەسەر سوننییەکان نەهێڵێ و ئەو کات مفتیزادە دەتوانێ بەشداری لە حکوومەتدا بکا و مەیدانی بۆ ئاواڵە دەبێتەوە کە بۆ پیادە کردن و گەشەپێدانی ''ئیسلامی نابی محەممەدی'' زیاتر تێبکۆشێ.

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە خەباتی مفتیزادە، پێش ڕاپەڕین و دژی ڕێژیمی شا هەر شکڵ و نێوەرۆکی مەزهەبیی هەبووە.

٢- دژایەتی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان بە بیانووی ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە دژی مەزهەب یان غەیرە مەزهەبین. لەسەر ئەساسی ئەو بۆچوون و ڕوانگەیە بوو کە مفتیزادە خاڵی هاوبەشی لە نێوان خۆی و کۆماری ئیسلامیدا زیاتر دەدی تا لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان.

بۆچوونی فیکری و سیاسەتی مفتیزادە لە مەیدانی کردەوەدا بە دوو شێوە خۆی نواند:

ئا- پێکهاتنی مەکتەبی قورئان لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان لەسەر بناغەی ''مەدرەسەی قورئان'' کە ساڵی ٥٦ مفتیزادە لە شاری سنە پێکی هێنابوو. کاری سەرەکیی ئەو مەکتەبە دژایەتی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان بوو و کەڵک وەرگرتن لە نێوی ''مەکتەبی قورئان''، تەنیا باری خەڵک هەڵخەڵەتاندنی هەبوو.

بێ- پێکهاتنی تاقمێک چەکدار لە لایەنگرانی مفتیزادە کە پاشان ئەو تاقمە بوون بە بەردی بناغەی "ڕێکخراوی پێشمەرگە موسوڵمانەکانی کورد" (سازمان پیشمرگان مسلمان کرد).

فەلسەفەی بوونی ئەو سازمانە، شەڕ کردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو و لە ڕاستیدا ئەو ناوە، ''سازمان پیشمرگان مسلمان کرد''، ناوی ڕەسمی و قانوونی بوو بۆ جاشەکان.

بەو جۆرە هەر وەک خەڵکی کوردستان ئاگادارن، سیاسەت و کردەوەی ئەحمەد مفتیزادە ڕاستەوخۆ کەوتە نێو ئاڵقەی قازانج و بەرژوەندی و سیاسەتی شەڕخوازانە و کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و کۆسپێکی زۆر گەورەی خستە سەر ڕێگای خەباتی ڕەوای گەلی کورد.

ڕوانگە و خەتی فیکریی ئەحمەد مفتیزادە بە تەواوی ناڕاست و هەڵە و هەڵنەسەنگێندراو بوو؛ چونکە هێنانەگۆڕی باسی شیعە و سوننی و خەت و سنوورکێشان بە دەوری ئەو مەزهەبانەدا، بە قازانجی کۆماری ئیسلامی و زەرەری گەلی کورد بوو؛ لە بەر ئەوەی بەشێک لە خەڵکی کوردستان شیعەمەزهەبن و زەق کردنەوەی ئەو مەسەلانە، دەبێتە هۆی دابڕان و لاواز بوونی هەستی نەتەوایەتیی ئەو بەشە لە خەڵکی کورد.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هێرش کردن بۆ سەر کوردستان، زۆر تێدەکۆشا کە شەڕی کوردستان بە شەڕی نێوان شیعە و سوننی لە قەڵەم بدا بەڵام بزووتنەوەی کوردستان زۆر زوو ئەو پیلانەی پووچەڵ کردەوە. ئەوە ڕاستە کە لە کوردستاندا ستەمی مەزهەبییش تا ڕادەیەک لە گۆڕێدایە، بەڵام لە واقیعدا سەرچاوەی ئەو ستەمەش دەگەڕێتەوە سەر ستەمی نەتەوایەتی؛

چونکه گەلێک که مافی نەتەوایەتیی خۆی هەبێ و به ئازادی بژی، دەتوانێ له تەواوی ئازادییه دیمۆکراتیکەکان که ئازادیی مەزهەبییش دەگرێتەوە، کەڵک وەربگرێ.

سەرەڕای تەواوی ئەو کارانەی که مفتیزاده به قازانجی کۆماری ئیسلامی و به پێچەوانەی مەسڵەحەتی بزووتنەوەی کوردستان ئەنجامی دان، کۆماری ئیسلامی بۆچوونەکانی مفتیزادەی به وەهابیگەری و "بنەماخوازیی ئیسلامیی سوونی" (بنیادگرایی اسلامی سنی) دەزانی که بۆ مەزهەبی شیعه خەتەری هەیه.

بۆیه پاش ئەوەی که بەتەواوی له بۆچوون و سیاسەتی مفتیزاده دژی جووڵانەوەی کوردستان کەڵکی وەرگرت و پێگەی کۆمەڵایەتیی ناوبراوی له کوردستان له بەین برد و به قەولی مەشهوور پردی پشتەوەی ڕووخاند، پێشی پێ گرت و دامودەزگاکەی تێکەوەپێچا و بۆخۆشیی زیندانی کرد.

له کۆتاییی ئەو باسەدا به پێویست دەزانم، ئاماژه به یەک مەسەله بکەم ئەویش ئەوەیه که چەپڕەوی و هێندێک سیاسەت و کردەوەی دژی مەزهەبی و ''خۆ نواندن'' به بێدینی و حەرەکەتی نامۆی ئەفرادی کۆمەڵه و چریکەکان، له ڕاستڕەوی و بەلاڕێداچوونی ئەحمەد مفتیزادەدا بێ کارتێکەری نەبوون.

# فەسڵی پێنجەم:

## ١- وتووێژ

هەروەک لە پێشدا باس کرا سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزب لە ئۆرووپا، لەسەر مێزی وتووێژ لە شاری ڤییەن تیرۆر کران و گیانی پاکیان لە ڕێگای ئاشتی و چارەیەکی عادڵانەی مەسەلەی کورددا بەخت کرد.

پرسیارێک کە ئێستا بۆ زۆر کەس ڕەنگە هاتبێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئایا وتووێژکردنی حیزبی دێموکڕات وەک ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی کە هیچ ڕێزێک بۆ مافی مرۆڤ دانانێ و هەر لە سەرەتاوە کە هاتۆتە سەر کار شەڕێکی زاڵمانەی دژی خەڵکی کوردستان وەڕێ خستووە، کارێکی دروستە؟

بۆ وڵام دانەوەی دەقیق بەو پرسیارە ڕوونکردنەوەی چەند خاڵی گرینگ بە پێویست دەزانم:

١- خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە بنەڕەتدا بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردە و پێوەری بڕیاردان و هەڵبژاردنی تاکتیک و ستراتێژی و هەڵوێستی حیزب لەسەر هەر مەسەلەیەک، قازانج و مەسڵەحەتی خەڵکی کوردستانە. کە وابوو شتێکی سروشتییە کە حیزب هەر کارێک بە

قازانجی گەلی کورد بزانێ ئەنجامی دەدا.

٢- بە پێچەوانەی نەزەری شۆوێنیستەکانی فەرمانڕەوا کە تەنیا بە زمانی زۆر لەگەڵ گەلانی ژێردەستە قسە دەکەن، مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامیی نییە و بە هێرشی سەربازی و میلیتاریزە کردنی کوردستان و بەکارهێنانی زەبروزەنگ و ئیعدام و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان تێک ناشکێ. مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی جیهان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە.

٣- وتووێژکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر بە مانای ئەوە نییە کە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە بەرەو باشی گۆڕاوە و بووەتە ڕێژیمێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز کە باوەڕی بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەیە.

زۆر جاری وا هەیە کە ڕێژیمێکی ملهوڕو سەرەڕۆ، ئەگەر بینی کە هەلومەرج بە قازانجی مانەوەی وی لەگۆڕێدا نییە یان بە زۆری چەک و شەڕ ناتوانێ پێشی خەباتی گەل بگرێ، یان پاشەکشە لە هێندێک سیاسەتی ناڕەوا و سەرکوتکەرانە لە خەتەری گەورەتر ڕزگاری دەکا، ڕەنگە بە پێچەوانەی باوەڕ و سیاسەتی خۆی، هێندێک ڕێفۆرم ئەنجام بدا و ژێستی ئازادیخوازی بگرێ. دوو نموونەی زۆر نزیک و بەرچاو باس دەکەم:

ئا: محەممەدڕەزا شا، کاتێک دیتی وەزعی گشتیی ئێران بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی پاشایەتی لە حاڵی گۆڕاندایە، بە مەبەستی مانەوەی خۆی زۆر کاری ئەنجام دا کە نە باوەڕی بەو کارانە هەبوو و نە لە حاڵەتی ئاساییدا شتی وای دەکرد.

بۆ نموونە سەرۆکوەزیری گوێ لەمستی خۆی (ئەمیر عەباس هووەیدا)، زیندانی کرد یان وەعدەی فەزای ئاواڵەی سیاسیی بە خەڵک دا.

بێ- کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا هەمیشە دروشمیان دەدا و دەیانگوت تا حیزبی ''بەعس'' و ''سەدام حوسێن'' لەبەین نەبەن و کۆمارێکی ئیسلامی بە وێنەی ئێران لە عێراق دانەمەزرێنن، شەڕ ڕاناگرن؛ کەچی کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرەکانی شەڕدا تووشی شکست بوون و دەرکەوت کە درێژەدان بە شەڕ خەتەری گەورەتری بەدواوەیە، کۆماری ئیسلامی بە ناچار ملی بۆ ئاگربەس و قەبووڵ کردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت شۆڕ کرد و لەگەڵ حیزبی ''بەعس'' و سەدام حوسێن دەستی کرد بە وتووێژ.

٤- بزووتنەوەی گەلی کورد وەک هەموو بزووتنەوکانی جیهان دەبێ لە هەموو شێوەیەکی گونجاوی خەبات کەڵک وەربگرێ و بە زۆر کاناڵی جیاوازدا حەرەکەت بکا.

خەباتی چەکدارانە بۆخۆی هەدەف نییە، بەڵکوو وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و وتووێژ کردن بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد، بەشێک لە خەبات بەحیساب دێت.

ڕێکخراوی ڕزگاریدەرەی فەلەستین، ماوەیەکی زۆرە کە دەیهەوێ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل وتووێژ بکات و مەسەلەی فەلەستین بە شیوەی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکات.

ئاکامی ئەو باس و لێکۆڵینەوانە ئەوەیە کە ئەسڵی وتووێژکردن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و دابین کردنی داخوازییەکان، بێ لادان لە بنەماکان، شتێکی دروست و ڕەوایە و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان

هەقی خۆیەتی کە بۆ چارەسەر کردنی هێمنانە و عادڵانەی مەسەلەی کورد، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان هەر لایەنێکی دیکە کە پەیوەندیی بە مەسەلەی کوردەوە هەبێ وتووێژ بکات.

## ٢. دین و مەسەلەی نەتەوایەتی

مەبەست لە هێنانەگۆڕی ئەو باسە لێرەدا ئەوە نییە کە باسی فەلسەفەی وجوودی یان "باسە فەلسەفییەکان" (مقولات فلسفی)ی دین بکەین، چونکە ئەوە باسێکی نەزەریی دوور و درێژە و پێویستیی بە وەختێکی زۆر هەیە و بۆ چوارچێوەی باسی ئێمە نابێ. بەڵکوو دەمانەوێ بە کورتی باسی پیوەندیی نێوان دین و مەسەلەی نەتەوایەتی و پەیوەندیی دین و دەوڵەت بکەین.

دین یەکێک لەو تایبەتمەندییانە نییە کە بۆ پێکهاتنی نەتەوە، پێویستە وەک زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش، بەڵام بێگومان نەخشێکی کاریگەری لە پێک هاتن و گەشە کردن یان لاواز بوونی هەستی نەتەوایەتیدا هەیە. دوو نموونە باس دەکەم کە نیشاندەری ئەو دوو حاڵەتەیە:

ئا- هۆی ئەساسی و عامیلی گرینگی پێکهاتنی حکوومەتی ئیسرائیل، دینی یەهوودە کە بەدرێژاییی مێژوو توانیویەتی لە هەموو هەلومەرجێکدا کەسایەتیی نەتەوەی ئیسرائیل بپارێزێ.

بێ- لە جەرەیانی بزووتنەوەکانی گەلی کورددا زۆر جار هەستی نەتەوایەتی کەوتۆتە ژێر تەوژمی هەستی مەزهەبی و کەمڕەنگ بووەتەوە. لە ڕاپەڕینی میرمحەمەدی ڕەواندوزدا، مەلای خەتێ فتوای دا کە شەڕ کردن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دژی یاسای ئیسلامە چونکە دەوڵەتێکی ئیسلامییە. ئەو کارە بوو بە هۆی شکستی ڕاپەڕینی میرمحەممەد.

هۆی ئەوە کە هەستی مەزهەبی بڕێک جار شوێنی نالەبار لەسەر هەستی

نەتەوایەتی دادەنێ بەتەواوی ناگەڕێتەوە سەر بنەمای دین، لەبەر ئەوەی زۆر بنەما وەک برایەتی، بەرابەری، عەداڵەت، داکۆکی‌کردن لە مەزڵووم لە "دینەکان"دا بە گشتی و لە دینی ئیسلامدا بەتایبەتی باس کراون کە ئەگەر بە کردەوە بەڕێوەبچن، هەموو گەلێک دەبێ سەربەخۆ بێ و مافی وەکوو یەکیان هەبێ.

هەڵەی کارەکە لێرەدایە کە بەداخەوە لە قەدیمەوە دین کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی زۆرداران و حاکمەکانەوە و ئەوانیش کەڵکی خراپیان لە دین وەرگرتووە و تێکۆشاون کە دین بکەن بە وەسیلە و پەرژین بۆ پاراستنی قازانج و مەسڵەحەتی خۆیان و تێکۆشاون کە بە خەڵکی هەژار و زوڵملێکراو بسەلمێنن کە بە بەشی خۆیان ڕازی بن و تەقسیماتی خێر و شەڕ و دەوڵەمەندی و هەژاری و ژێردەستی و باڵادەستی و نابەرابەریی نێو کۆمەڵ لەم جیهانەدا، کاری خودایە و کەس نابێ دەست لە دابەشکاری و کاری خودا وەربدات.

ئینسان تا "تەمەنی باڵغ بوون" تەکلیفی شەرعی ڕووی تێ ناکا و هیچ دینێکی نییە بەڵام هەر لە ڕۆژی لەدایک بوونییەوە پەیوەندیی نەتەوایەتیی هەیە. زۆر ئینسانی وا هەیە کە باوەڕی بە هیچ دین یان مەزهەبێک نییە بەڵام پەیوەندیی بە نەتەوەیەکەوە هەیە.

بەو جۆرە هەستی نەتەوایەتی زۆر زووتر لە هەستی مەزهەبی لە ئینساندا پێکدێ و شکڵ دەگرێ. لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە لە پێشدا کوردین و پاشان دینداریین.

هەروەک عەرەبی خوزستانی لە پێشدا عەرەبە و پاشان موسوڵمانە. ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا کە دین و دەوڵەت جیاواز نین دین لە هەموو کاتێک زیاتر

کەڵکی نامەشرووعی لێ وەردەگیرێ.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە مەیل و قازانجی خۆیان یاسا و بنەڕەتی ئیسلامی دەگۆڕن و تەعبیری دەکەنەوە.

لەناکاو ئیسلامی نابی محەممەدی دەبێتە ئیسلامی ئەمریکایی یان ئیسلامی ''موستەزعەفان'' دەبێتە ئیسلامی ''موستەکبیران''.

بە ناوی دین، ئازادیخوازانی ئێران سەرکوت دەکەن و بە ناوی دین، شەڕی کوردستان وەڕێ دەخەن.

لە نەزەر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا، پێوەری موسوڵمان بوون تەنیا "بەرپرسیار" (متعهد) بوونیانە و تەنیا ئەو کەسە بە مسوڵمانی بێگەرد حیساب دەکرێ کە لە خزمەت دابین کردنی قازانجی کۆماری ئیسلامیدا بێ.

نموونەیەکی زۆر بەرچاو باس دەکەم:

ئەگەر کوردێک بە دژی گەلەکەی خۆی و بە قازانجی ڕێژیم چەک هەڵگرێ و ببێ بە جاش هەرچەند هەستی مەزهەبییشی زۆر لاواز بێ یان لە ئەساسدا باوەڕی بە دین نەبێ، نێوی دەنێن پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد. بە پێچەوانەوە ئەو ڕۆڵە کوردانەی هەست بە مەزڵووم بوونی گەلەکەیان دەکەن و بۆ ئازادی و دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد خەبات دەکەن و بوونە پێشمەرگە، هەرچەند هەستی مەزهەبیشیان زۆر پتەو بێ، لە نەزەر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا، بە ناموسوڵمان و دژی شۆڕش حیساب دەکرێن و سەروماڵیان بە حەلاڵ دەزانن.

## دین و دەوڵەت

سەبارەت بە یەک بوون یان جیاوازیی دین لە دەوڵەت تا ئێستا زۆر مەتڵەب

گوتراوە و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە ئەو مەسەلەیە کەوتووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. مەبەست لە یەک بوونی دین و دەوڵەت بە کورتی ئەوەیە کە بنەما و ئەحکامی دین ببێتە قانوون و ئەساسی ئیدارە کردنی وڵاتێک. ئێمە لە پێشدا باسی ئەوەمان کرد کە هەر لە کۆنەوە دین زیاتر بۆ دابین کردنی قازانجی زۆردار و ستەمگەران کەڵکی لێ وەرگیراوە کە وابوو گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر دین لە دەوڵەت جیاواز نەبێ بە شێوەیەکی ڕەسمی و بەربڵاوتر کەڵکی نالەباری لێ وەردەگیرێ. کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا باشترین بەڵگەیە بۆ ئیسباتی ئەو مەسەلەیە.

بۆ ڕوون بوونەوەی هەرچی باشتری ئەو مەسەلەیە، ئیشارە بە چەند خاڵی گرینگ پێویستە:

ئا- هەموو نەزم و قانوونێک کە بۆ ئیدارە کردنی وڵاتێک دادەنرێ، کاتێک دەتوانێ لەنێو کۆمەڵدا جێگای خۆی بکاتەوە کە لەگەڵ هەلومەرج و ڕەوتی گۆڕانی ئەو کۆمەڵە یەک بگرێتەوە.

زۆر قانوونی وا هەیە کە لە پرۆسەیەکی تایبەتیدا ڕەنگە زۆر بەکەڵک و کاریگەر بێ بەڵام لە پرۆسەیەکی دواتردا ڕەنگە زۆر گونجاو نەبێ. ئەو تایبەتمەندییە لە بنەما و ئەحکامی دیندا کە کەمتر قابیلی ئاڵوگۆڕن زیاتر بەرچاو دەکەوێ.

بێ- ئەگەر دین و دەوڵەت لێک جیاواز نەبن و ئەحکامی دین ببێتە قانوونی حکوومەت، ئەو کات دین دەکرێتە ئامرازێکی دامەزراندنی دیکتاتۆری و چکۆڵەترین ئیراد و ڕەخنەگرتن لە شێوەی کار و کردەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی بە دژایەتی کردن لەگەڵ دین لەقەڵەم دەدرێ و بە نێوی پاراستنی

دین، هەموو دەنگێکی ئیعتیرازی لە گەرووودا خەفە دەکرێ.

جێ- ئێستا لە کەم وڵاتی دونیادا دانیشتووانی ئەو وڵاتە هەمووی یەک دین و مەزهەبیان هەیە، بۆیە ئەگەر دین یان مەزهەبێکی تایبەتی ببێتە بناغەی قانوون و ئیدارە کردنی وڵات، بە ناچار ژمارەیەک لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە کە مەزهەبەکەیان لەگەڵ مەزهەبی ڕەسمیی حکوومەت جودایە، لە باری ماف و حقووقەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە فەرقیان بۆ دادەنرێ و زوڵمیان لێ دەکرێ.

## ٣. لە کورتەباسەوە تا گلاسنۆست

چەند مانگ پێش کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٢/١١/٢ی هەتاویدا پێکهات، نامیلکەیەک بە ناوی ''کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم'' لە لایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بڵاو کرایەوە و پاشان لە کۆنگرەی شەشەمدا مەترەح کرا و دوای باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر پەسند کرا و بوو بە خەتی سیاسیی حیزب.

لەو نامیلکەیەدا زیاتر دوو مەسەلەی گرینگ باس کرابوو:

یەکەم- ڕەت کردنەوەی دیکتاتۆری بە هەر شکڵ و بە هەر ناوێک و دیاری کردنی سۆسیالیزمی دیمۆکڕاتیک وەک ئامانجی دوارۆژ.

دووهەم- دیاریکردنی چوارچێوەیەکی ئوسوولی و دۆستانە بۆ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و دیاری کردنی پێوەری ڕوون بۆ پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب.

بڵاوبوونەوەی نامیلکەی کورتەباس و پەسند کردنی لە کۆنگرەی شەشەدا، بوو بە هۆی هاتوهاواری هێندێک ڕێکخراوی سیاسی و هەڵوەرداندنی فرمێسکی حەرام بۆ سۆسیالیزم.

هۆی دژایەتی کردن لەگەڵ کورتەباس دەگەڕایەوە سەر دوو مەسەلە:

ئا: نەبوونی شارەزاییی زانستی و ورد لەسەر مارکسیزم و هەلومەرجی پەیدابوون و گەشە کردنی. هۆی ئەو وەزعە، زیاتر دیکتاتۆری و نەبوونی ئازادیی سەردەمی نیزامی پاشایەتی بوو کە مەودایەکی بۆ بردنە سەری پلەی زانیاریی سیاسی و تیئۆریکی نەهێشتبۆوە.

لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە دژی کورتەباس بوون مارکسیزم-لینینیزم وەک یاسا و بنەمایەکی دایمی و غەیرە قابیلی گۆڕان وابوو کە ڕەخنە گرتن لەو یاسا و بنەمایە بە تاوان دادەنرا و لە ڕاستیدا مارکسیزم بۆ ئەو تاقم و ڕێکخراوانە وەک ئەحکامی مەزهەبیی لێ هاتبوو کە دەبوایە بێ بیرکردنەوە و بە شێوەی ''بەرپرسیارێتی'' پەیڕەویی لێ بکرێت.

بێ: پەیوەندیی هێندێک لەو ڕێکخراوانە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی، بەتایبەت یەکیەتیی سۆڤیەت، لەسەر بناغەیەکی دۆستانە و ڕێزگرتنی دوو لایەنە دانەمەزرابوو. بنچینەی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوانە لەسەر ئەو پێشفەڕزە دارێژرابوو کە هەرچی وڵاتانی سۆسیالیستی بیکەن و بیڵێن جوانە و باشە و بە قازانجی تەواوی کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهانە و دەبێ بێ ئەملاوئەولا پشتیوانیی لێ بکرێ و ببێتە نموونە بۆ خەڵکی دیکەش.

کاری ڕۆژانەی ئەو ڕێکخراوانە ئەوە بوو کە چی بکەن و چی بڵێن کە جێگای ڕەزامەندی و خۆشحاڵیی وڵاتانی سۆسیالیستی بێت و ئەو شتەی کە کەمتر بیریان لێ دەکردەوە قازانج و مەسڵەحەتی گەلانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکەمان بوو.

شتێکی زۆر سروشتییە کە لە فەزایەکی ئاوادا ڕەخنە گرتن لە کەموکووڕی و هێندێک هەڵوێست و سیاسەتی نادروستی وڵاتانی سۆسیالیستی، یان ڕەد کردنەوەی دیکتاتۆری بە تاوانێکی زۆر گەورە دادەنرێ. لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە بوو کە پاش بڵاوبوونەوەی نامیلکەی کورتەباس، هێرشی تەبلیغاتیی ئەو تاقم و ڕێکخراوانە بۆ سەر حیزبی دێموکڕات دەستی پێ کرد.

''حیزب بەرەوە سۆسیال دێموکڕستی دەڕوا. حیزب دژی کۆمۆنیزم و دژی کۆمۆنیستە. سۆسیالیزم "پیشوند و پسوند"ی نییە و. . . '' ئەوانە ئەو شتانە

بوون کە ئەو تاقم و ڕێکخراوانە دووپاتیان دەکردەوە و بە قەولی خۆیان لە سۆسیالیزمی ناب دیفاعیان دەکرد.

سەیر ئەوە بوو کە لە نێو ڕیزەکانی حیزبیشدا ئەفرادی وا هەبوون کە لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دیفاعیان دەکرد، بێ ئەوەی سەرنج بدەنە ئەوەی کە ئەوان ئەندامی حیزبێکی دێموکڕاتن و دێموکڕاتیش یانی کەسێک کە باوەڕی بە دێموکڕاسی هەبێ و دژی دیکتاتۆری بێت.

یەکێک لە قسە بەنرخەکانی شەهید دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دەیگوت: ''خراپترین دێموکڕاسی، لە باشترین دیکتاتۆری باشترە''.

سەرەنجام کورتەباس جێگای خۆی کردەوە و بەشێک لە ئەندامانی حیزب کە لەپێشدا لەبەر نەبوونی ناشارەزایی دژی کورتەباس بوون، بۆیان دەرکەوت کە ئەو شتانەی کە لە کورتەباسدا هێنراونە گۆڕێ، بنەڕەتی و گرینگ و دروستن. ژمارەیەکیش کە هەوای چوونە دەرەوەیان لەسەردا بوو و لە ڕاستیدا لە شۆڕش ماندوو ببوون و تاقەتی ژیانی نێو شاخ و داخ و نێو پێشمەرگەیان نەمابوو، کورتەباسیان کردە بیانوو و شۆڕش و کوردستانیان بەجێ‌هێشت.

### گلاسنۆست - پێرێستۆریکا

نزیک بە دوو ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی نامیلکەی کورتەباس ئاڵوگۆڕێکی زۆر گەورەی سیاسی لە یەکەمین و گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی، یانی یەکیەتیی سۆڤیەت، دەستی پێ کرا.

ئەو ئاڵوگۆڕە بەتەواوی لە ئاراستەی بەرێوەبردن و جێگیر کردنی ئەو بابەتانەدا بوو کە لە کورتەباسدا هێنرابوونە گۆڕێ.

ساڵی ١٩٨٥ی زایینی "میخائیل گۆرباچۆف"، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، بوو بە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و سەرۆکی دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەت.

وەزعی گشتیی ئەو وڵاتە لەو کاتەدا بەشێوەی خوارەوە بوو:

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەتەواوی نووزەی لە خەڵک بڕیبوو و دیوارێکی قایمی بە دەوری ئەو وڵاتەدا کێشابوو کە پێشی پەیوەندیی ئازادانەی گەلانی ئەو وڵاتەی لەگەڵ دەروە گرتبوو.

لە ئازادیی سیاسی و پلۆرالیزم باسێک نەبوو و هەر چەشنە ڕەخنە و ئیرادێک بەنێوی پیلانی ئیمپریالیزم و دەست و پێوەندەکانی لە قەڵەم دەدرا و بە نێوی دیفاع لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، ئازادیخوازان سەرکوت دەکران.

قەیرانی ئابووری و سەنعەتی و نزم بوونی پلەی ژیانی خەڵک زاری کردبۆوە و گەیشتبوە خاڵی تەقینەوە. بۆ ڕزگاری لەو وەزعە، گورباچۆف دەستی کرد بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و ڕێفۆرمی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەو ئاڵوگۆڕ و ڕێفۆرمە بە گلاسنۆست (فەزای ئاواڵەی سیاسی) و پێرێستۆریکا (نەوژەن کردنەوە) نێوبانگی دەرکرد.

گلاسنۆست وەک بوومەلەرزەیەک وابوو کە جیهانی تەکاندا و بنەمای زۆر تیئۆری و فەلسەفەی هەڵتەکاند. ئێستا باسی ئەوە دەکرێ کە ئازادی بۆ ئینسان بە ڕێژەی هەوا پێویستە و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا باوی نەماوە و بە سەرچاوەی تەواوی گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵ دادەندرێ. ئێستا باسی هەڵبژاردنی ئازاد و پلۆرالیزم و ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ دەکرێ. گلاسنۆست هەستی نەتەوایەتیی گەلانی سۆڤیەتی زیندوو کردووەتەوە کە لە پێشدا سەرکوت کرابوو و نیشانی داوە کە ئەو شتەی تا ئێستا بە نێوی چارەسەرکردنی

مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا تەبلیغاتی بۆ کراوە چەندە ناڕاست بووە و ئێستا ئەو کۆمارانەی کە یەکیەتیی سۆڤیەتیان پێک هێنابوو یەک بەدوای یەکدا سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیەنن و یەکیەتیی سۆڤیەتی لێک بڵاو بووەو چوارچێوەی جارانی نەماوە.

گلاسنۆست نەک هەر یەکێتیی سۆڤیەتی لێک هەڵتەکاند، بەڵکوو سەرانسەری وڵاتانی سۆسیالیستیی ئۆرووپای ڕۆژهەڵاتی شڵەژاند.

شەپۆلی ئازادیخوازی تەواوی ئەو وڵاتانەی داگرتووە و حیزبە کۆمۆنیستەکان یەک بە دوای یەکدا لەسەر تەختی دەسەڵات کەوتنە خوار و لەگەڵ ئەوان دیکتاتورییش باروبنەی خۆی تێکەوە پێچا.

گلاسنۆست بەستێنی یەکگرتنەوەی دوو بەشی ئاڵمانی پێکهێنا. گلاسنۆست ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی لە شێوەی بیرکردنەوەی ڕێکخراوە چەپەکاندا پێکهێناوە. بەشێکی زۆر لە تاقم و ڕێکخراوە چەپە ئێرانییەکان کە سەردەمێکی لەسەر نامیلکەی کورتەباس هێرشیان دەکردە، سەر حیزبی دێموکڕات ئێستا ئەوانیش دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕەد دەکەنەوە کە ئەوە بۆخۆی جێگای خۆشحاڵییە، بەڵام بەشێکی کەمیش لەو تاقم و ڕێکخراوانە، هەروەک ''ئەسحابی کەهف'' دوور لە خەڵک و پرۆلیتاریا دەژین و ئێستاش هەر خەریکی لێدانی تەپڵی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریان.

گومان لەوەدا نییە کە نێوەرۆکی سۆسیالیزم کە بریتییە لە نەمانی چەوسانەوە و دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و تەقسیمی عادڵانەی سەروەت و. . . هەر لە کۆنڕا ئاوات و ئامانجی ئینسان بووە و لە داهاتووشدا هەروا وەک ئاوات و ئامانجی ئینسان دەمێنێتەوە. بۆیە ئیراد و ئیشکال لەسەر نێوەرۆکی

سۆسیالیزمدا نییە و ئامانج "جاذبە"ی خۆی لەدەست نەداوە، بەڵام هەڵەی سەرەکی لێرەدایە کە مارکسیزم، لە جیاتی ئەوەی وەک باقیی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕەوتی پێگەیشتن و بلوغی خۆی بپێوێ و لە حەرەکەت و پێشکەوتن نەوەستێ، شکڵ و حاڵەتی ئەحکامی مەزهەبیی بەخۆیەوە گرتوە کە دەبێ بێ ئەملاوئەولا لە هەموو هەلومەرج و زمان و مەکانێکدا بەڕێوە بچێت، ئەوەش شتێکە کە لەگەڵ ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵ یەک ناگرێتەوە.

## ٤- شەڕی ئێران و عێراق و بزووتنەوەی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ٣١ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، شەڕێکی خوێنای لە نێوان ئێران و عێراقدا دەستی پێ کرا کە نزیک بە ٨ ساڵ درێژەی کێشا و سەرەنجام ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ بە شێوەی ڕەسمی ئاگربەس ڕاگەیەندرا و شەڕ کۆتاییی پێ هات.

لەو شەڕە وێرانکەر و پڕ تەلەفاتەدا، بە سەدان هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بریندار بوون و هەروەها زیاتر لە دوو میلیۆن کەس لە خەڵکی ناوچە شەڕلێدراوەکان ماڵوێران و ئاوارە بوون و دەیان شار و شارۆچکە و هەزاران گوند کاول کران.

بەشێکی زۆر لە کارگا و کارخانە و بنیاتە پیشەیییەکان، بەتایبەت پیشەسازیی نەوت و پترۆشیمی زەربەیان خوارد و لەکار کەوتن. ئەوانە بەشێکی بچووکن لە ئاکامی شەڕێکی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە نیعمەتی خودایان دادەنا و ناوی شەڕی ئیسلام دژی کوفریان لەسەر دانابوو.

قوربانیانی ئەو شەڕە تەنیا هێزە چەکدارەکان نەبوون، بەڵکوو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی شار و گوندەکان بە هۆی مووشەک و تۆپباران و بومبارانی هەوایی گیانی خۆیان لەدەستدا و بوون بە دەستەچیلەی شەڕ.

گومان لەوەدا نییە کە برینی ئەو شەڕە بەو زووانە سارێژ نابێتەوە و ئاسەواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوانیی ئەو شەڕە، بەرەبەرە خۆ دەنوێنێ و دەبێتە سەرچاوەی زۆر گیروگرفت و بەدبەختیی دیکە بۆ گەلانی ئێران.

بۆچی شەڕ ساز بوو؟ کێ لە پێشدا هێرشی کرد؟ بۆچی شەڕ هێندە درێژەی

کێشا و چۆن شەڕ کۆتاییی پێهات؟ دروشمە زل و بێنێوەرۆکەکان چییان بەسەر هات؟ ئەوانە هەمووی جێگای باس و پرسیارن. وڵام دانەوە بەو پرسیارانە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەڵگە و ئەسنادێکی زۆر و دەرفەتێکی زیاتر هەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ ئێمە بووز ناخوا. ئێمە لێرەدا لایەنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئەو لایەنانەی پیوەندییان بە خەڵک و بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، دەخەینە بەر باس.

## شەری ئێران و عێراق و مافی مرۆڤ

١- ناردنی ژمارەیەکی زۆر منداڵی کەم تەمەن بەناوی بەسیجی بۆ بەرەکانی شەڕ: کاربەدەستانی ڕێژیم لە هەموو شێوەیەکی ناڕەوا کەڵکیان وەرگرت بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بۆشاییی سەنگەرەکانی شەڕ بە کەسانی مێرمنداڵ و قوتابی پڕ بکەنەوە و بیانکەن بە دەستەچیلەی شەڕ. جێگای باسە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی کوژرانی ''محەممەدحوسێن فەهمیدە''یان بە ڕۆژی ''نوجوانان و جوانان'' ناودێر کردووە. محەممەدحوسێن، بەسیجییەکی ١٣ ساڵە بوو کە لە بەرەکانی شەڕدا کوژران. [ساڵانی داواتر دەرکەوت کە چیرۆکی چۆنێتیی کوژرانی فەهمیدە خەیاڵی دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم بووە]

٢- بەشداری کردنی ئیمامی زەمان لە بەرەکانی شەڕدا: ئاخوندەکان زۆر جار باسی ئەوەیان دەکرد کە ئیمامی زەمان بۆخۆی لەو شەڕەدا بەشدارە و دیفاع لە لەشکری ئیسلام دەکا و لەو بارەیەوە زۆر داستانیان ساز دەکرد وەک ئەوەی کە ئیمامی زەمان بە سواری ئەسپێکی سپی سەر لە هەموو بەرەکانی شەڕ دەدا. ئەو کارە بوو بە هۆی ئەوەی کە:

یەکەم: ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی مەزهەبی بە گەورە و بچووکەوە فریوی ئەو قسانە بخۆن و بچن بۆ نێو بەرەکانی شەڕ.

دووهەم: ئەو خەڵکە بە هیوای ئەوەی کە ئیمامی زەمان دیفاعیان لێ دەکا بەبێ لەبەرچاو گرتنی شێوازی شەڕ، هەر خۆیان پێدا دەدا و لە ئاکامدا زیاتر دەکوژران. بۆیە لە شەڕی ئێران و عێراقدا، ئێران زیاتر خەسارەی لێ کەوت. لە بەرانبەردا سەربازانی عێراق زیاتر بەدیل دەگیران و کەمتر خۆیان بەکوشت دەدا.

٣- پێشێل کردنی مافی دیلی شەڕ. لە سەردەمی شەڕدا بە دەیان هەزار کەس لە هێزەکانی هەر دووک لا دیل کران. ئەو دیلانە بە شیوەی جۆراوجۆر مافیان پێشێل دەکرا و ئەزیەت و ئازار دەدران. زۆر کەس لەو دیلانە مەجبوور دەکران بچن لەسەر ڕادیۆ و تلویزیۆن دژی حکوومەتەکەی خۆیان قسان بکەن و جنێوان بدەن. ئەو کارە دواڕۆژی دوای ئازادبوونی ئەو دیلانەشی دەخستە مەترسییەوە. بەگوێرەی بنەما و یاسای شەڕ، حەق وایە دوای تەواو بوونی شەڕ هەموو دیلەکان ئازاد بکرێن؛ بەڵام تا ئێستاش کە ئەو دێڕانە دەنووسرێن هێشتا ژمارەیەکی زۆر ئەسیر لە هەر دووک لا ماون و ئازاد نەکراون.

### کوردستان و شەڕی ئیران و عێراق

خەڵکی کوردستان لەچاو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر کەمتر لە شەڕی ئێران و عێراقدا بەشدارییان کرد.

هۆیەکەشی لە ڕاستیدا ئەوە بوو کە زیاتر لە ساڵێک پێش دەست پێ کرانی شەڕی ئێران و عێراق، کۆماری ئیسلامی بەدوای فتوای جیهادی خومەینیدا،

بەتەواوی هێز و ئیمکاناتی خۆیەوە هێرشێکی بەربڵاوی هێنا بۆ سەر کوردستان و بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە بیانووی ئەوەی کە ئیسلام لە کوردستاندا لە خەتەر کەوتووە و غەریب ماوەتەوە، دژی گەلی کورد "ئیعلان"ی شەڕی کرد بۆ ئەوەی بتوانێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان تێک بشکێنێ.

شتێکی زۆر بنەڕەتی و سروشتییە کە لە هەلومەرجێکی ئاوادا خەڵکی کوردستان تەنیا دەتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٣٥٩/٧/١٠ی هەتاوی یانی تەنیا دە ڕۆژ پاش دەست پێ کرانی شەڕی ئێران و عێراق، لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد قەبووڵ بکا و کۆتایی بە شەڕی داسەپاوی کوردستان بێنێ و ئەو هێز و ئیمکاناتەی کە بۆ سەرکوت کردنی خەباتی گەلی کورد خزاندوویەتییە کوردستان، تەرخان بکا بۆ دیفاع کردن لە سنوورەکانی ئێران.

کۆماری ئیسلامی لە جیاتی کۆتایی پێهێنان بە شەڕی نێوخۆیی و چارەسەر کردنی هێمنانە و عادڵانەی مەسەلەی کورد، زیاتر پەرەی بە شەڕی کوردستان دا و زیاتر هیزی بۆ کۆ کردەوە. مانای ئەو کارە ئەوە بوو کە سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کوردستان لە نەزەر کۆماری ئیسلامیدا، گرینگترە لە پاراستنی سنوورەکانی وڵات؛ لە بەر ئەوەی دروشمی ستراتێژیکی حیزب دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە و لەڕاستیدا جێگیر بوونی دێموکڕاسی لە ئێراندا، زامنی جێگیر بوون و پاراستنی خودموختاریی کوردستانە و ئەوەش شتێکە کە بە تەواوی لەگەڵ فەلەسەفە و نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ناتەبایە.

هەروەک لە پێشدا بە کورتی باس کرا بناغەی کۆماری ئیسلامی لەسەر

ئەسڵی ''ویلایەتی فەقێ'' و دیکتاتۆریی مەزهەبی دامەزراوە و لە بەینی دیکتاتۆری و دێموکڕاسیدا، نیسبەتی پێچەوانە (معکوس) هەیە. یانی جێگیربوونی هەرکام لەوانە بە مانای لەرزۆک بوون و لەبەین چوونی ئەوی دیکەیە هەروەک پێچەوانەکەشی بە تەواوی ڕاستە.

شەڕی ئێران و عێراق، ئەگەرچی بۆ گەلانی ئێران مایەی هەژاری و لێقەوماوی و ئاوارەبوون و ڕۆژەڕەشی بوو بەڵام بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، مایەی نیعمەت و مانەوەیان لەسەر حوکم بوو.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو شەڕەیان کردە سەرپۆشێک بۆ تەواوی گیروگرفت و کەموکووڕیی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کە بەشێکی زۆری بۆخۆیان بۆ گەلانی ئێرانیان پێکهێناوە. هەروەک شەڕیان کردە ئامرازی سەرکوت کردنی ئازادیخوازان و داسەپاندنی دیکتاتۆری لە سەرانسەری ئێراندا.

شەڕی ئێران و عێراق بوو بە هۆی ئەوە کە خەباتی گەلی کورد و شەڕی زاڵمانەی کوردستان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی کورد، لە ژێر سێبەری ئەو شەڕەدا دەنگدانەوەیەکی کەمتریان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و لە ڕادەی نێونەتەوەییدا هەبێ.

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، کۆماری ئیسلامی بە ئانقەست کوردستانی کردە مەیدانی سەرەکیی شەڕ و لەو نێوەدا خەسارەتێکی گەورەی گیانی و ماڵی، لە خەڵکی کوردستان کەوت و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچە شەڕلێدراوەکان ئاوارە و پەڕەوازەی ئەو شوێنانە بوون کە تا ڕادەیەک لە مەیدانی شەڕ دوور بوون.

کۆماری ئیسلامی بە بیانوی دیفاع کردن لە سنوورەکانی ئێران، کوردستانی بە تەواوی میلیتاریزە کردووە و هێزێکی زۆری ڕژاندووەتە کوردستان بەڵکوو بە خەیاڵی خۆی بتوانێ بزووتنەوەی گەلی کورد تێکبشکێنێ.

## ٥- ئاگربڕی ئێران و عێراق و بزووتنەوەی کوردستانی ئێران

شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٧ی زایینی، بەرانبەر بە ٢٩ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، بە تێکڕای دەنگ (هەر ١٥ وڵاتی ئەندام) بڕیارنامەیەکی لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا پەسند کرد کە بە بڕیارنامەی ٥٩٨ نێوبانگی دەرکردووە. لەو بڕیارانامەیەدا داوا لە هەردوو وڵات کراوە کە بەخێرایی ئاگربەس ڕابگەیەنن و کۆتایی بە شەڕ بێنن و لە ڕێگای وتووێژ کردن، ناکۆکییەکانی خۆیان چارەسەر بکەن.

**خاڵەکانی بڕیارنامەی ٥٩٨:**

١- شووڕای ئەمنییەت بڕیار دەدا کە وەک یەکەم هەنگاو بۆ کۆتایی پێ هێنان بە شەڕ، ئێران و عێراق بەخێرایی ئاگربەس ڕابگەیەنن و بەتەواوی چالاکیی نیزامیی خۆیان لە زەوی و دەریا و هەودا کۆتایی پێ بێنن و هەرچی زووتر هێزەکانی خۆیان بکێشنەوە ئەو سنوورانەی کە لە باری نێونەتەوەیییەوە بەڕەسمی ناسراون.

٢- شووڕای ئەمنییەت داوا لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکا کە بۆ چاوەدێری کردنی پڕۆسەی ئاگربەس و ڕێکخستنی پاشەکشەی هێزەکان بۆ سنوورەکانیان، تیمێکی چاوەدێری بنێرێ بۆ ناوچە و ئەو تیمە ڕاپۆرتی کاری خۆی بداتەوە بە سکرتێری گشتی.

٣- شووڕای ئەمنییەت لێبڕاوانە داوا دەکا کە بەگوێرەی "کۆنڤانسیۆنی

ژێنێف''، پاش ئاگربەس بەخێرایی دیلەکانی شەڕ ئازاد بکرێن و بنێردرێنەوە وڵاتانی خۆیان.

٤- شووڕای ئەمنییەت داوا لە ئێران و عێراق دەکا کە بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ لەگەڵ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی شەرافەتمەندانە بۆ تەواوی ناکۆکییەکانی نێوان دوو وڵات بدۆزرێتەوە.

٥- شووڕای ئەمنییەت داوا لە تەواوی ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکا کە لە ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەک کە ببێتە هۆی پەرەئەستاندنی ناکۆکیی نێوان ئەو دوو وڵاتە خۆ بپارێزن تا ڕێگا بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ هەموار بێت.

٦- شووڕای ئەمنییەت داوا لە سکرتێری گشتیی ڕێکخروای نەتوەیەکگرتووەکان دەکا کە بە هاوکاریی ئێران و عێراق، هەیئەتێکی بێلایەن پێک بێنێ بۆ دیاری کردنی هێرشکار (متجاوز) و بەرپرسی دەست پێ کرانی شەڕ. ئەو هەیئەتە دەبێ ڕاپۆرتی کاری خۆی بداتەوە بە شووڕای ئەمنییەت.

٧- بە لەبەرچاوگرتنی خەسارەتی قورسی ماڵیی ئەو شەڕە و پێویستیی هاوکاریی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، شووڕای ئەمنییەت داوا لە سکرتێری گشتی دەکا کە بۆ بەراوەرد کردنی پیداویستییەکانی ئاوەدان کردنەوەی هەردووک وڵات هەیئەتێک بنێرێ بۆ ناوچە. ئەو هەیئەتە دەبێ ڕاپۆرتی کاری خۆی لەو بارەیەوە بداتەوە بە شووڕای ئەمنییەت.

٨- شووڕای ئەمنییەت داوا لە سکرتێری گشتی دەکا کە بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ ئێران و عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچە، لەو بابەتانە بکۆڵێتەوە کە

دەبنە هۆی سەقامگیربوونی هێمنی لە ناوچەکەدا.

٩- شوورای ئەمنییەت داوا لە سکرتێری گشتی دەکا کە کاتی جێبەجێ بوونی خاڵەکانی بڕیارنامەی ٥٩٨، چلۆنایەتیی جێبەجێ بوونی ئەو خاڵانە بە شوورای ئەمنییەت ڕابگەیەنێ.

١٠- ئەگەر پێویست بێ شوورای ئەمنییەت جارێکی دیکەش کۆ دەبێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ هەڵوێستی پێویست دەگرێ.

حکوومەتی عێراق زۆر زوو ئامادەییی خۆی بۆ قەبووڵ کردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ ڕاگەیاند، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیگنخاند و لە وڵامدانەوەی یەکجاری و ئاشکرا خۆی دەپاراست.

سەرەنجام پاش ساڵێک لە دەرچوونی بڕیارنامەی ٥٩٨ و پاش شکستی پەیتاپەیتای هێزەکانی ئێران لە بەرەکانی شەڕدا لە ڕێکەوتی ١٣٦٧/٤/٢٧ی هەتاوی ئێرانیش ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ بڕیارنامەکە ڕاگەیاند.

شوورای ئەمنییەت بە دوای ئەوەدا بە ڕەسمی ڕۆژی ١٣٦٧/٥/٢٩ی بە ڕۆژی ئاگربەس ڕاگەیاند و بەو جۆرە شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق کۆتاییی پێ هات.

بە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس، هەروەک چاوەڕوان دەکرا، زیاتر لە دوو ساڵ حاڵەتی نە شەڕ و نە سوڵح لە نێوان ئێران و عێراقدا درێژەی هەبوو و لەو ماوەیەدا هیچ کام لە خاڵەکانی بڕیارنامەی ٥٩٨ بەڕێوە نەچوو.

هۆیەکەی بە ڕواڵەت ئەوە بوو کە هەر دووک وڵات لەسەر شێوە و ڕەوتی بەڕێوەبردنی خاڵەکانی بڕیارنامە ناکۆکییان هەبوو.

قەیرانی کوەیت کۆتاییی بە حاڵەتی نە شەڕ و نە سوڵح هێنا و ڕەوتی ئاشت

بوونەوەی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا خێراتر کرد. ڕۆژی ٢٤ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی سەرکۆماری عێراق لە نامەیەکدا کە بۆ سەرکۆماری ئێرانی نووسیبوو و مەتنی نامەکە لە ڕادیۆی بەغداوە خوێندرایەوە ڕایگەیاند کە:

ئا- لە ڕۆژی هەینی ٦٩/٥/٢٦ڕا هێزەکانی عێراق دەست دەکەن بە پاشەکشە و لە خاکی داگیرکراوی ئێران دەکشێنەوە.

بێ- لە ڕۆژی هەینی ٦٩/٥/٢٦ڕا دیلە ئێرانییەکان لە عێراق بەرەبەرە ئازاد دەکرێن.

جێ- عێراق پێماننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر قەبووڵ دەکا.

هەڵوێستی یەک لایەنەی عێراق زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە ئەو وڵاتە بۆ بەرەوڕوو بوون لەگەڵ وەزعی تازەی ناوچەی کەنداو، پێویستی بەو هێزانە بوو کە لە سنوورەکانی ئێران و عێراق جێگیر ببوون و ئەو کارەش پیویستی بە ئیمتیازدان و نزیک بوونەوە لە کۆماری ئیسلامی و نەهێشتنی حاڵەتی شەڕ بوو.

بە دوای هەڵوێستی یەک لایەنەی عێراقدا کۆماری ئیسلامی کە وەزعی ناوچەی لە زۆر بارەوە بە قازانجی خۆی دەدی، ئامادەگیی خۆی بۆ کردەوەیی کردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ ڕاگەیاند.

تا ئێستا بەشێک لە خاڵەکانی بڕیارنامە وەک ئاگربەس، پاشەکشەی هێزەکان و ئاڵوگۆڕی بەشی هەرە زۆری ئەسیرەکانی شەڕ و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان دوو وڵات بەڕێوە چوون، بەڵام تا ئێستا دیاری کردنی لایەنی هێرشکار (خاڵی ٦ی بڕیارنامە) یان بەستنی ڕێککەوتنی سوڵح بەدەستەوە نییە.

کە وابوو ئەو ئاڵوگۆڕانەی تا ئێستا لە پەیوەندیی ئێران و عێراقدا ڕوویان داوە

زیاتر حاڵەتی ڕاگرتنی شەڕ (ترک مخاصمە)ی هەیە و تەواوی ناکۆکییەکانی نێوان دوو وڵات کە شەڕی لەسەر ساز بوو، هەروا بێ چارەسەر کران ماونەوە.

ئەوە ڕاستە کە هەر دووک وڵات لە شەڕکردن ماندوو بوون و تازە نایانهەوێ پێکەوە بەشەڕ بێن، بەڵام لە هەمان کاتدا، کەندوکۆسپێکی زۆر لەسەر ڕێگای ئاشتییەکی بەردەوام لەگۆڕێدایە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١- کۆماری ئیسلامی لە باری ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییەوە خۆی بە ڕێبەری تەواوی شیعەکانی جیهان دادەنێ و بە هەموو هێز و ئیمکاناتەوە خەریکی یارمەتی و هاندانی شیعەکانی دەرەوەی ئێرانە بۆ ئەوەی دژی حکوومەتەکانیان ڕاپەڕن و دەسەڵاتی سیاسی بەدەسەتەوە بگرن، تا ڕێگا بۆ پێکهاتنی ئیمپراتۆرییەکی گەورەی "شیعە" بە سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامی هەموار بێت. دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕش هەر لەو بۆچوون و ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی خۆیان نەک هەر بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە نازانن، بەڵکوو لەو باوەڕەدان کە ئەو کارە ئەرکی شەرعی و واجبی سەرشانیانە.

بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بووەتە هۆی نیگەرانیی تەواوی ئەو وڵاتانەی کە شیعەیان هەیە، بەتایبەت عێراق کە بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی شیعە مەزهەبن و زیارەتگا سەرەکییەکانی شیعەکان لە خاکی ئەو وڵاتەدا هەڵکەوتوون.

٢- برینی قووڵ و سەختی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق بەو زووانە سارێژ نابێتەوە و ئاساری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو شەڕە لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی گەلانی ئێران و عێراق شوێنی نالەباری داناوە و

گومان لەوەدا نییە کە ئەو وەزعە لەسەر هەڵوێستی سیاسیی حکوومەتەکانی ئەو دوو وڵاتەش شوێن دادەنێ.

٣- بەشێک لە دیلەکانی شەڕ بەهۆی جۆراوجۆر ناتوانن و یان نایانهەوێ بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. ئەو وەزعە دەبێتە سەرچاوەی ئاڵۆزی و پێکهاتنی گیروگرفت لە نێوان دوو وڵاتدا.

ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر و ئاشبەتاڵی شۆڕشی کوردستانی عێراق، شوێنەوارێکی زۆر نالەباری لەسەر خەڵکی کوردستان داناوە. ئێستاش هەر کات باسی نزیک بوونەوەی ئێران و عێراق و ئاشت بوونەوەیان دێتە گۆڕێ، دەستبەجێ ڕێککەوتنی ئەلجەزایر و ئاشبەتاڵ ''وێنا'' دەبنەوە.

بەدوای ئاڵوگۆڕی تازەی پەیوەندیی نێوان ئێران و عێراق، دووبارە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە کۆتایی پێ هاتنی شەڕ لە نێوان عێراق و ئێراندا و ئاشت بوونەوەیان چۆن و تا چ ڕادەیەک شوێن لەسەر بزووتنەوەی کوردستانی ئێران دادەنێ؟

بۆ ئەوەی هەرچی باشترو ڕوونتر وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، پێویستە ئاماژە بە مەسەلەیەک بکەین بە ناوی "پشتی جەبهە"ی بزووتنەوەی کوردستان و پاشان ئاوڕێک بدەینەوە بۆ سەر ڕێککەوتنی ئەلجەزایر و هەڵسەنگاندن و بەراوەرد کردنی هەلومەرجی ئەو کاتی شۆڕشی کوردستانی عێراق و هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کوردستانی ئێران.

**پشتی جەبهە:**

هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە بەتایبەت ئەگەر چەکدارانە بێ، پێویستی بە پشتی جەبهە و شوێنێکی ئەمین و تاڕادەیەک دوور لە بەرەکانی

شەڕ هەیە کە لە کاتی پێویستدا سەرکردایەتیی بزووتنەوە بتوانێ بەشێک لە دامودەزگاکانی شۆڕشی لێ دامەزرێنێ. بۆ نموونە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی فەلەستین لە وڵاتی توونس، لوبنان و سووریا وەک پشتی جەبهە کەڵک وەردەگرێ یان بزووتنەوەی پولیساریو کە بۆ ئازادیی "سەحرا" لە ژێردەستی دەوڵەتی "مەغریب" خەبات دەکات، لە خاکی ئەلجەزایر وەک پشتی جەبهە کەڵک وەردەگرێ.

وەزعی جوغرافیایی و دابەش کرانی کوردستان لە نێوان چەندین دەوڵەتدا حاڵەتێکی وای پێکهێناوە کە ئەگەر لە بەشێک لە کوردستاندا خەباتی ڕزگاریخوازانە لە گۆڕێدا بێ لە کاتی سەخت و تایبەتدا بە ناچار دەبێ لە بەشێکی دیکەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی دیکەدایە، وەک پشتی جەبهە کەڵک وەربگرێ. لێرەدایە کە چلۆنایەتیی پەیوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتانە لەسەر بزووتنەوەی کوردستان شوێن دادەنێ. گومان لەوەدا نییە کە هەر ئەندازە بزووتنەوەی کوردستان وشیارتر و پێگەیشتووتر بێت ئەو شوێندانانە کەمڕەنگتر دەبێتەوە.

## ٦. ڕێککەوتنی ئەلجەزایر

بۆ ئاگاداریی هەرچی زیاتر لەسەر بەستێنی پێکهاتنی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر ڕەوتی پەیوەندیی نێوان ئێران و عێراق پێویستە.

پیوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە دیوە. ڕۆژێک دۆستایەتی و هاوپەیمانی (سەعدئاباد، پەیمانی سێنتۆ) و ڕۆژێکیش شەڕەدندووکە و شەڕی بەربڵاو و پاشان ئاشت بوونەوە و ئیمزا کردنی ڕێککەوتنی ئاشتی.

ناکۆکیی سنووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە. لە ڕێکەوتی ١٣ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٤ی مانگی ژووئیەی ساڵی ١٩٣٧ی زایینی و لە سەردەمی حکوومەتی ڕەزاشادا، پەیمانێکی سنووری لە نێوان ئێران و عێراقدا ئیمزا کرا و بە گوێرەی ئەو پەیمانە، ئیدارە کردن و ''حاکمییەت''ی ''شط العرب'' کەوتە دەست عێراق.

لە سەردەمی محەممەدڕەزا شادا، زۆربەی بوودجەی ئێران خەرجی بەهێز کردنی سپا دەکرا، بەجۆرێک کە ئێران بوو بە گەورەترین هێزی نیزامیی ناوچەی خەلیج. لەو سەروبەندەدا بوو کە شا سەر لە نوێ مەسەلەی ''شط العرب''ی هێنایەوە گۆڕێ و داوای کرد کە خەتی سنووریی ''شط العرب''، قووڵترین خاڵی ئاو (خط القو) بێت.

لەو کاتەدا لە کوردستانی عێراق شۆڕشێکی گەورە و بەربڵاو لەگۆڕێدا بوو و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە بە ناچار لە خاکی کوردستانی ئێران وەک پشتی جەبهە کەڵکی وەردەگرت و ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی کادرو پێشمەرگە و خەڵکی

ئاسایی هاتبوونه کوردستانی ئێران. شای ئێران ئەو هەلومەرجەی بە دەرفەت زانی و بەڕواڵەت دەستی کرد بە یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستانی عێراق. مەبەستی شا ئەوە بوو کە بە تیرێک دوو نیشان بشکێنێ:

ئا- شۆڕشی کوردستانی عێراق بخاتە ژێر چاوەدێری بۆ ئەوەی هەم پێشی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بگرێ و هەم هەر کات ویستی بتوانێ لە پشتەوەڕا خەنجەر لە شۆڕشی کوردستانی عێراق بدات.

بێ- ئەو کارە بکات بە ئامرازێکی ساتوسەودا و فشار هێنان بۆ سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەستاندنەوەی نیوەی ''شط العرب'' کە لە زەمانی باوکی شادا درابوو بە عێراق.

حکوومەتی عێراقیش کە لەمێژ بوو لەگەڵ شۆڕشی کوردستان دەستەویەخە بوو، بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر ئەو شۆڕشەدا، سیاسەتی نزیک بوونەوەی لەگەڵ ئێران گرتە پێش. کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک لە پێتەختی ''ئەلجەزایر'' لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینیدا ئەو فرسەتەی هێنایە پێش کە شای ئێران لەگەڵ سەدام حوسێن، جێگری سەرکۆماری ئەو کاتی عیراق و بە نێوبژیوانیی سەرکۆماری ئەلجەزایر، ''هەواری بومدین''، کۆ بینەوە و دەست بکەن بە وتووێژ کردن.

ئاکامی ئەو کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنە ئیمزا کردنی ڕێککەوتنێک بوو کە بە ڕێککەوتنی ئەلجەزایر نێوبانگی دەرکردووە. ڕێککەوتنی ئەلجەزایر بریتی بوو لە یەک پێشەکی و ٨ مادده و ٣ پرۆتۆکۆل و یەک پاشکۆ کە لە کۆتاییی ئەو کتێبەدا ئەو بەشە لە ڕێککەوتنەکە (پرۆتۆکۆل ٣) کە پەیوەندیی بە مەسەلەی کورد و ئەمنییەتی سنووریی ئێران و عێراقەوە هەیە، وەک پاشکۆ دەخەمە

بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان.

بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر، عێراق قەبووڵی کرد کە خەتی سنووری لە ''شط العرب''دا، قووڵترین خاڵی ئاو بێ و بەو جۆرە نیوەی ''شط العرب'' دراوە بە ئێران و لە بەرانبەردا ئێرانیش پێشی گەیشتنی هەر چەشنە یارمەتییەکی دەرەوەی لە شۆڕشی کوردستانی عێراق گرت و سنوورەکانی خۆشی لەسەر ئەو شۆڕشە بەست.

ئاکامی ئەو وەزعە بوو بە هۆی شکستی شۆڕشی کوردستانی عێراق و ڕاگەیاندنی ئاشبەتاڵ. بەو جۆرە شۆڕشی کورد بوو بە ''قۆچی قوربانی''ی نێوان ئێران و عێراق.

شا کە سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوو، لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا جارێکی دیکە ڕق و دوژمنایەتیی خۆی سەبارەت بە گەلی کورد دەربڕی و ڕایگەیاند کە ''ئەو شتەی کە دەبوایە ببێ بوو''. ئەوە قسە و هەڵوێستی هەموو چەوسێنەران و زۆردارانی جیهانە کە چاوی دیتنی ئازادی و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ژێردەستەیان نییە. بەڵام قسە و بۆچوون و هەڵوێستی دیکتاتۆران شتێکە و ڕەوتی خەباتی گەلانی ئازادیخواز و پێشکەوتنی کۆمەڵی ئینسانی شتێکی دیکەیە.

گەلانی ئێران و جیهان بە چاوی خۆیان دیتیان کە کۆشکی زۆرداریی ''محەممەڕەزا شا'' تێکڕووخا و ئەو شتەی کە دەبوایە ببێ بوو. شا ڕۆیشت و گەلی کورد و خەباتەکەی بەتینتر لە جاران ماوەتەوە.

ئێستا پاش ئەو باس و ڕوون کردنەوەیە، دەمانەوێ بە هەڵسەنگاندن و بەراوەرد کردنی هەلومەرجی ئەو کات و ئێستا و دەستنیشان کردنی جیاوازییەکان، وڵامی ئەو پرسیارەی کە لە پێشدا هێنراگۆڕێ (سوڵحی ئێران و

عێراق چۆن و تا چ ڕادەیەک شوێن لەسەر بزووتنەوەی کوردستانی ئێران دادەنێ؟ ) بدەینەوە:

١- ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ئەو کاتی کوردستانی عێراق زیاتر ڕێبەرایەتییەکی تاکەکەسی بوو و لە ڕاستیدا شەڕ و سوڵح و درێژەدان بە خەبات یان ئاشبەتاڵ، پیوەندیی بە هەڵوێست و بڕیاری مەرحوومی مەلا مستەفا بارزانییەوە هەبوو و لە واقیعدا شکستی شۆڕشی کوردستانی عێراق زیاتر شکستی سیاسی بوو تا شکستی نیزامی. لە حاڵێکدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئێستای کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتییەکی بەکۆمەڵە و لە ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵدا بەتایبەتی هەڵەی سیاسی زۆر کەمتر دێتە پێش.

٢- لە سەردەمی شۆڕشی ئەو کاتی کوردستانی عێراقدا، نیزامی دەرەبەگایەتی و عەشیرەیی زۆر بەهێز بوو (ئێستاش هەر زۆر بەهێزە) و ئەو وەزعە کۆسپێکی گەورە بوو لەسەر ڕێگای شۆڕش لە حاڵێکدا لە کوردستانی ئێران، ئێستا نیزامی دەرەبەگایەتی و عەشیرەیی توانا و باوی نەماوە و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران تا ئەو جێگایەی کە ئیمکان و دەرەتانی بووبێ بۆ تێکشکاندن و خاشەبڕ کردنی ئەو نیزامە تێکۆشاوە.

٣- لە سەردەمی ڕێککەوتنی ئەلجەزایردا، تەنیا لە کوردستانی عێراق خەباتی ڕزگاریخوازنە بە شێوەی بەربڵاو لە گۆڕێدا بوو لە حاڵێکدا ئێستا لە کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیادا، شۆڕش لە گۆڕێدایە و بێجگە لە شۆڕشی کوردستان، ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئەو وڵاتانەش کەم و زۆر خەریکی کار و تێکۆشانن کە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی نێوان دوو وڵاتدا ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێن و بەحیساب نەیەن.

٤- ئێستا دۆزی کورد بە گشتی زیاتر لە جاران لە ئاستی ناوچە و نێونەتەوەییدا ناسراوە و دەنگی داوەتەوە و خەریکە دەبێتە وەزنەیەکی گەورە لە "هاوکێشە" سیاسییەکان و دیپلۆماسیی نێونەتەوەییدا و دەوڵەتەکانی ناوچە ناتوانن وەک ڕابردوو و بە بیانووی ئەوەی کە دۆزی کوردستان بابەتێکی نێوخۆیییە، لە سەرکوت کردنی گەلی کورددا بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی لەبەرچاو نەگرن.

٥- بزووتنەوەی کوردستان، دینامیزمی تایبەتی خۆی هەیە و تا ئەو دینامیزمە بمێنێ، بزووتنەوەی کوردستانیش هەر دەمێنێ. بزووتنەوەی کوردستان، لەگەڵ شەڕی ئێران و عێراق نەهاتۆتە گۆڕێ تا بە کۆتایی پێ هاتنی ئەو شەڕە ئەویش کۆتاییی پێ بێ.

کەوابوو بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەو ڕاستییانەی کە باس کران، سوڵح یان ئاشت بوونەوەی ئێران و عێراق ناتوانێ ئەو شوێنە لەسەر جووڵانەوەی کوردستان دابنێ کە ڕێککەوتنی ئەلجەزایر لەسەر شۆڕشی کوردستانی عێراقی دانا.

بزووتنەوەی ئێستای کوردستان بە کۆڵەبارێک لە تاقیکاریی تاڵ و شیرین و بە پەیڕەوی کردن لە سیاسەتێکی ڕاست و ئوسوولی، توانای ئەوەی هەیە کە خۆی لەگەڵ هەموو هەلومەرجێکی سەخت و نالەباردا ڕێک بخا و بەگوێرەی بارودۆخی تازە، شیوەکانی جۆراوجۆر و گونجاوی خەبات بەکار بێنێ و سەنگ و سووکیان بکات. بەو جۆرە دەتوانین دڵنیا بین کە جارێکی دیکە شۆڕشی کوردستان ئاشبەتاڵ بەخۆیەوە نابینێتەوە و کاروانی خەبات تا سەرکەوتن و دابین کردنی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد، بێ ڕاوەستان بەرەوپێش دەڕوات.

ئەمەی خوارەوە دەقی وەرگێردراوی ڕێکەوتنی ئەلجەزایرە:

**ڕێککەوتنی ئەلجەزایر**

پرۆتۆکۆلی ٣

سەبارەت بە ئەمنییەت لە سنووری نێوان ئێران و عێراق

بە گوێرەی بڕیاراتی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر، ڕێکەوتی ٦ ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٧٥ی زایینی، بۆ پێکهێنانی هاوکاریی نیزیک و باوەڕی دوولایەنە و دابین کردنی ئەمنییەت لە درێژاییی سنووری هاوبەشی نێوانی دوو وڵات و بەڕێوەبردنی کۆنترۆڵی ورد و کاریگەر بە مەبەستی کۆتایی پێ هێنان بە هەر چەشنە دزەیەکی ئاژاوەگێڕانە و پێشگیری کردن لە هەر چەشنە کردەوەیەکی نفووزی یان هاتوچۆ کردنی قاچاخی لە سنووری هاوبەش بۆ ئاژاوەنانەوە و سەربزێوی کردن و شۆڕش و بە لەبەرچاوگرتنی پرۆتۆکۆلی ڕێکەوتی ١٥ی مانگی مارسی ١٩٧٥ لە تاران و پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە، ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا و پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی مای ساڵی ١٩٧٥ لە ئەلجەزایر، هەر دووک لایەنی ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی خوارەوە ڕێک کەوتن:

ماددەی ١

١- هەردووک لایەنی ڕێککەوتن، سەبارەت بە هاتوچۆ کردنی کەسانی ئاژاوەگێڕ کە تێدەکۆشن بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی ئاژاوەگێڕانە و سەربزێوی کردن و شۆڕش، دزە بکەنە نێو یەکێک لەو دوو وڵاتە، زانیاریی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

٢- هەردووک لایەنی ڕێککەوتن، ڕێگای پێویستی پێشگرتن لە بارەی

هاتوچۆکردنی کەسانێک کە بابەتی خاڵی یەکی ئەو ماددەیە دەیانگرێتەوە، دەدۆزنەوە و بەکاری دێنن. هەردوو لا بەخێرایی زانیاریی تاکەکەسیی ئەو کەسانە بە یەکتر ڕادەگەیەنن و ئاشکرایە کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ پێشگیری کردن لە ئەنجامدانی کردەوەی ئاژاوەگێڕانەی ئەو کەسانە بەکار دەبەن.

عەینی ئەو هەڵسوکەوتە لە بارەی کەسانێکدا کە لە نێو خاکی یەکێک لە دوو لایەنی ڕێککەوتن کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی کردەوەی ئاژاوەگێڕانە یان خراپکاری لەسەر خاکی لایەنەکەی دیکە ئەنجام بدەن، بەڕێوە دەچێ.

ماددەی ٢

١- ئەو هاوکارییە هەمەلایەنەی کاربەدەستانی خاوەن بڕیار (ذیصلاح)ی هەردووک لایەنی ڕێککەوتن کە بۆ بەستنی سنوورەکان و پێشگیری کردن لە دزەکردنی کەسانی ئاژاوەگێڕ پێک هاتووە، لە ڕادەی کاربەدەستانی سنووریی هەردووک لادا، تا سەرەوەترین ڕادەی بەرپرسان، یانی وەزیرانی بەرگری و کاروباری نێوخۆ و دەرەوە درێژ دەبێتەوە.

ماددەی ٣- ئەو ڕێگایانەی کە ئیمکانی هەیە، کەسانی ئاژاوەگێڕ کەڵکیان لێ وەربگرن، بەشێوەی خوارەوە دیاری دەکرێن:

١- ناوچە سنوورییەکانی باکوور.

لە نوختەی تێکەڵاوبوونی سنووری ئێران، تورکیا و عێراق تا "خانەقین" و "قەسری شیرین" (بە حیساب کردنی قەسری شیرین): ٢١ نوختە.

٢- ناوچەی سنووریی باشوور.

لە خانەقین و قەسری شیرین (بێ حیساب کردنی قەسری شیرین) تا

ئاخرین نوختەی سنووریی ئێران و عێراق ١٧ نوختە.

٣- ڕێگا نفووزییەکانی سەرەوە لە هاوپێچی ئەو ڕێککەوتنەدا دیاری کراون.

٤- هەر ڕێگایەکی دزەی دیکە کە لە دواییدا بییندرێتەوە و بەستن و کۆنترۆڵ کردنی پێویست بێ، بە بەشێک لەو ڕێگا دیاری کراوانەی سەرەوە بە حیساب دێت.

٥- تەواوی ڕێگا سنوورییەکان، بێجگە لە وانەی کە ئێستا لە کۆنترۆڵی کاربەدەستانی گومرکدان، بۆ هەر چەشنە هاتوچۆیەک قەدەغە دەبن.

٦- بە لەبەرچاو گرتنی پەرەئەستاندنی پەیوەندیی هەموو لایەنەی نێوان دوو وڵاتی دروایسێ، هەردووک لایەنی ڕێککەوتن، ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی کە لە داهاتوودا بە ڕەزامەندیی هەردووک لا، ڕێگای دیکەش بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کاربەدەستانی گومرک.

ماددەی ٤

١- هەر دووک لایەنی ڕێککەوتن، بەڵێن دەدەن کە بۆ دابین کردنی بەستن و کۆنترۆڵ کردنێکی کاریگەری سنوورەکان، لە ئامرازی مرۆڤی و ماددیی پێویست کەڵک وەربگرن. بەجۆرێک کە لە هەر چەشنە هاتوچۆ کردن و دزەکردنی کەسانی ئاژاوەگێڕ لەو ڕێگایانەی کە لە ماددەی ٣دا لە سەرەوە باس کران، پێشگیری بکرێ.

٢- ئەگەر بە پێی ئەزموونی وەدەست کەوتوو لەو بارەیەدا شارەزایان بۆیان دەرکەوت کە دەبێ هەنگاوی گرینگ هەڵێندرێتەوە، لە کۆبوونەوەی مانگانەی کاربەدەستانی سنووریی دوو وڵات یان هەر کات پێویست بوو لە ڕێگای کۆبوونەوەی کاربەدەستانی نێوبراو، تەرتیبی ئەو کارە دەدرێ. ئاکام و سوورەت جەلەسەی کۆبوونەوەکانی سەرەوە، دەدرێ بە کاربەدەستانی سەرەوەی هەر

دووک لایەنی ڕێککەوتن و ئەگەر ناکۆکیی بۆچوون و نەزەر لە نێوان کاربەدەستانی سنووریدا پێکهات، سەرۆکەکانی ئیداراتی پەیوەندیدار، لە بەغدا یان لە تاران کۆ دەبنەوە تا بۆچوونەکانی خۆیان لێک نزیک بکەنەوە و ئاکامی کۆبوونەوەکانی خۆیان لە پرۆتۆکۆلێکدا دەنووسن.

ماددەی ٥

١- کەسانی ئاژاوەگێڕی دەستبەسەرکراو ڕادەستی کاربەدەستانی بڕیاربەدەستی ئەو لایەنە دەدرێنەوە کە دەستبەسەرکردنەکە لە وڵاتی ئەواندا کراوە و یاسا لە بارەی ئەواندا بەڕێوە دەچێت.

٢- هەردووک لایەنی ڕێککەوتن ئەو هەنگاوانەی کە دژی کەسانی دەستبەسەرکراوی سەرەوە ئەنجامیان داوە، بە لایەنەکەی دیکە ڕادەگەیەنن.

٣- ئەگەر کەسانی ئاژاوەگێڕی هەڵاتوو لە سنوور تێپەڕن، بەخێرایی ئەو مەسەلەیە بە کاربەدەستانی وڵاتەکەی دیکە ڕادەگەیەندرێ و ئەو کاربەدەستانە هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ هاسان کردنی دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانە ئەنجام دەدەن.

ماددەی٦

ئەگەر پیویست بێ، بە ڕەزامەندیی هەردووک لایەنی ڕێککەوتن، ئیمکانی هەیە کە بۆ پێشگیری کردن لە وەدیهاتنی ئامانجی کەسانی ئاژاوەگێڕ، چەند ناوچەیەک وەک "قەدەغەکراو" ڕابگەیەندرێ.

ماددەی ٧

بۆ دابین کردن و پەرەپێدانی هاوکارییەکی دوولایەنە و بە قازانجی هەردووک لا، کۆمیتەیەکی تێکەڵاوی دایمی پێکدێ کە بریتی دەبێ لە

سەرۆکی ئیداراتی سنووری و نوێنەرانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەردووک وڵات. ئەو کۆمیتەیە ساڵانە دوو جار (سەری هەر نیوەی ساڵی زایینی) کۆ دەبنەوە. سەرەڕای ئەوەش بەگوێرەی داوای هەرکام لە دوو لایەنی ڕێککەوتن، ئیمکانی هەیە کە کۆبوونەوەی لەناکاو ڕێکبخرێت بۆ لێکۆڵینەوە و کەڵک وەرگرتن لە ئەمرازی ماددی و مەعنەوی بۆ بەستن و کۆنترۆڵ کردنی سنوور و بەڕێوەبردنی دروستی ئوسوولی هاوکاریی پێشبینی کراو لەو پرۆتۆکۆڵەدا.

ماددەی ٨

ئەو پرۆتۆکۆلە کە پەیوەندیی بە بەستن و کۆنترۆڵ کردنی سنوورەوە هەیە، کێشەیەک بۆ ڕێککەوتنە تایبەتییەکانی نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بە ئاژەڵداری و لەوەڕاندنی مەڕوماڵات (تعلیف احشام) یان سەبارەت بە "کۆمیسێر"ە سنوورییەکان ناهێنێتە پێش.

ماددەی ٩

بۆ دابین کردنی ئەمنییەت لە سنووری هاوبەشی چۆمی لە "شطالعرب" و پێشگیری کردن لە نفووزی کەسانی ئاژاوەگێڕ لە هەردووک لا، هەردوو لایەنی ڕێککەوتن، هەڵوێستی پێویست دەگرن، بەتایبەت لە ڕێگای پێکهێنانی بنکەی چاوەدێریی تەیار.

بەغدا ١٣ی ژوئەنی ١٩٧٥

عەباسعلی خەلعەتبەری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران

سەعدوون حەمادی، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق

ئەو پرۆتۆکۆلە بە بەشداریی بەڕێز عەبدولعەزیز بووتفلیقە، ئەندامی شووڕای

ئینقلاب و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەلجەزایر ئیمزا کرا.

# فەسڵی شەشەم:
# مافی مرۆڤ و خەباتی ئێمە

## مافی مرۆڤ

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە نێو کۆمەڵدا دەژی. ویست و داخوازیی ئینسانەکان لە نێو کۆمەڵدا زیاتر وەکوو یەک دەچن و هەموو ئینسانەکان کەم و زۆر، خوازیاری قازانج و ژیانێکی باشتر بۆ خۆیانن. لێرەدایە کە لە نێوان تاکی کۆمەڵدا ناکۆکی و هاودژایەتیی قازانج دێتە گۆڕێ. بۆیە هەموو کۆمەڵگایەک پێویستە قاعیدە و قانوونێکی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی تاک لەگەڵ یەکتر و پەیوەندیی تاک و کۆمەڵگا هەبێ و پێویستە چوارچێوە و سنووری ماف و ئەرکی هەر فەردێک لە نێو کۆمەڵدا دیار بێ.

ئینسان لەنێو کۆمەڵگادا، کۆمەڵێک مافی بنەڕەتیی هەیە کە حەق وایە دەوڵەتەکان ئەو مافانە بپارێزن. سەرچاوەی ئەو مافانە، بەگوێرەی نەزەر و بۆچوونی زانایانی زانستی حقووقی جۆراوجۆرن وەک:

١- قانوون

٢- دین و مەزهەب

٣- عەقل

٤- نەزەر و بۆچوونی زانایان و ڕووناکبیران

بنەڕەتیترینی ئەو مافانە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا باس کراون و

ڕاگەیەندراون. ئێمە لەم کتێبەدا ئەو بەیاننامە جیهانییە وەک ئەساس و مەبنای باسەکەمان چاو لێ دەکەین و لە ماددەکانی وەک بەڵگەیەکی سەلمێندرا و کەڵک وەردەگرین. لێرەدا ئاماژە بە کورتەمێژووی تەکووز و پەسند کرانی ئەو بەیاننامەیە بە پێویست دەزانم.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ٦ بەشی سەرەکیی هەیە بەم چەشنە:

١- کۆڕی گشتی (مجمع عمومی) ٢- شووڕای ئەمنییەت ٣- شووڕای ئابووری و کۆمەڵایەتی ٤- شووڕای "قەیوومییەت" ٥- دیوانی نێودەوڵەتیی داد ٦- دەبیرخانە.

شووڕای ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێکەوتی ٢١ی مانگی "ژوئەن"ی ساڵی ١٩٤٦ی زایینیدا بۆ پێڕاگەیشتن بەسەر مافی مرۆڤدا، کۆمیسۆنێکی بە ناوی "کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ" پێکهێنا. ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنە بەو شێوەیە دیاری کراوە:

١- ئامادە کردن و ڕێکخستنی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ.

٢- ئامادە کردنی بەیاننامە، بەڵێننامە و هاوپەیمانیی پەیوەندیدار بە ماف و ئازادیی ئینسان.

٣- پشتیوانی کردن لە کەمایەتەییەکان.

٤- تێکۆشان و خەبات بۆ لابردنی جیاوازیی ڕەگەز، زایەند، زمان و مەزهەب.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ڕێکەوتی ١٠ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، بەرانبەری ١٩ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاویدا، بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤی پەسند کرد.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پێکهاتووە لە سەرەتایەک و ٣٠ ماددە. لە بارەی نێوەرۆکەوە دەکرێ ئەو ماددانە بە ٣ دەستە دابەش بکرێن:

ئەلف: دەستەی یەکەم ئەو ماددانە دەگرێتەوە کە ''مافی مەدەنی''ی تاکن؛ وەک: مافی ژیان، مافی ئازادی، مافی ئەمنییەت، مافی ئازادیی بیرو باوەڕ، مافی مەزهەب، مافی ئازادیی بەیان، مافی ئازادیی پێکهێنانی بنەماڵە، مافی ''مالکیت'' و . . .

ب: دەستەی دووهەم ئەو خاڵانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە مافی سیاسیی مرۆڤەوە هەیە وەک: مافی هاووڵاتی بوونی وڵاتێک (تابعیت)، مافی بەشداری کردن لە ئیدارە کردنی وڵات، مافی بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران، مافی پەنابەری و. . .

ج: دەستەی سێهەم ئەو خاڵانە لە خۆدەگرێت کە پەیوەندییان بە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تاکەوە هەیە وەک: مافی کار کردن، مافی هەڵبژاردنی جۆری کار، مافی بەشداری کردن لە یەکێەتیی کرێکاراندا، مافی کەڵک وەرگرتن لە مەرەخەسی و ئەنواعی بیمە و. .

ئەو مافانە گشتین و زەمان و مەکان نایانگرێتەوە و هەموو ئینسانێک هەقی هەیە کەڵکیان لێ وەربگرێ.

ماددەی دووهەمی ئەو بەیاننامەیە بە چەشنی خوارەوە باسی ''گشتگیری و جیهانگیری"ی ئەو مافانە دەکا کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون.

ماددەی دووهەم

١- ''هەموو مرۆڤێک، بە بێ جیاوازیی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، مەزهەب، بیروباوەڕی سیاسی و هەر چەشنە بیروباوەڕێک، سەر بە هەر نەتەوە و کۆمەڵێک بێ و لە باری دارایی و نەسەبەوە لە هەر مەوقعییەتێکدا بێ،

هەقی هەیە لەو ماف و ئازادییانە کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون بەهرە وەربگرێ.

٢- بێجگە لەوەش ناکرێ لە نێو تاکەکاندا بەپێی وەزعی سیاسی، قانوونی یان نێونەتەوەییی وڵات یان ناوچەکەیان، جیاوازی دابندرێ. هەموویان بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە وڵاتەکەیان سەربەخۆیە، لە ژێر سەرپەرەستی (قیمومیت) دایە، حکوومەتی خۆی نییە، یان بە شێوەیەک سەربەخۆییەکەی بەرتەسک کراوەتەوە مافی وەک یەکیان هەیە''.

هەروەک لە سەرەتای بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتووە هەموو دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیان لە ئەستۆگرتووە کە بۆ دەستەبەر کردن و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری بکەن.

## مافی مرۆڤ له ''مدینه فاضله''ی کۆماری ئیسلامیدا

پێش ئەوەی کە نیزامی پاشایەتی لە ئێراندا بڕووخێ و کۆماری ئیسلامی بێتە سەر کار، خومەینی لە پاریسڕا پەیتا پەیتا بەڵێنی پێکهێنانی ''مدینه فاضله'' و ''بهشت موعود''ی بە گەلانی ئێران دەدا و باسی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دەکرد کە لەودا هەموو خەڵک لە بن سێبەری داری عەداڵەت و ئەمنییەت و بەختەوەریدا دەحەسێنەوە و ئەوەندە لە وڵاتدا هێمنی و ئاسایش بەرقەرار دەبێ کە بە قەولی مەشهوور گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە.

بەداخەوە قسە و بەڵێنییەکانی خومەینی شتێک بوون و کردەوە و ڕاستییەکان شتێکی دیکە. کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. خەڵک چاوەڕوان بوون کە ئاواتەکانیان و دروشمەکانی سەردەمی ڕاپەڕین بە کردەوە بێنە دی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانیاندا پێک بێ. بەداخەوە ئاواتەکانی خەڵک نەهاتنە دی و دروشمەکان بێئاکام و پووچ دەرچوون.

ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا پێکهات بەڵام بەباری پێچەوانەدا. چونکە خەڵک ئەوەی هەشیانبوو لەدەستیان چوو. (کۆسە چوو بۆ ڕدێن سمێڵیشی لەسەر دانا).

ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا، ئازادییە سەرەتاییەکان و مافی مرۆڤ بە شێوەی جۆراوجۆر، زۆر زەقترو بەربڵاوتر لە سەردەمی پێشوو پێشێل دەکرێ و لە ڕاستیدا تەنیا پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ، ئازادیی تەواویان هەیە. ئەو وەزعە بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە خۆپێشاندانەکانیاندا بە دژی

کۆماری ئیسلامی جاروبار شتێک وەک دروشم دووپات دەکەنەوە کە ''مرگ بر ما کە گفتیم مرگ بر شاه''.

ئەو کارە بە مانای پشتیوانی لە نیزامی پاشایەتی نییە، بەڵکوو هەڵبژاردن لە بەینی خراپ و خراپتر دایە. ئەگەر لەسەردەمی شادا نەبوونی ئازادی، زیاتر لە بواری سیاسیدا بوو ئێستا نەبوونی ئازادی و پێشێل کرانی مافی مرۆڤ، تەواوی بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی گرتووەتەوە. خەڵک لە ژیانی شەخسیی خۆشیاندا مەیدانیان پێ تەنگ کراوەتەوە. لیباس لەبەر کردن، ڕدێن تاشین، سەفەر و سەیران، شین و شایی، مۆسیقا و گۆرانی و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە دەخرێنە ژێر چاوەدێری و لەلایەن ڕێژیمەوە چوارچێوەی نەخوازراو و تەسکیان بۆ داندراوە.

ئەو کەسانەی کە سەردەمی شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێرانیان بەباشی لەبیر ماوە، دەزانن کە یەکێک لە دروشمە بەهێز و کاریگەرەکانی ڕێپێوانەکانی کۆمەڵانی خەڵک، ''هەڵوەشانەوە'' و لەبەین‌چوونی دەزگای ترسێنەری ساواک بوو. پاش ڕووخانی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی ئیسلامی، ئەو دەزگا ڕەش و بەدناوە نەک هەر لە بەین نەچوو، بەڵکوو وەک مێشهەنگوین پوورەی دا. کاربەدەستانی تازە، ساواکیان کە تا ئەو دەم بە شێوەی وەزارەتخانە کاری نەدەکرد و سازمان (ڕێکخراو)ێکی سەر بە سەرۆکوەزیر بوو، کرد بە وەزارەتخانە و پەرەیان پێ دا. بەشێکی زۆری کاربەدەستانی ساواک، نەک هەر نەگیران و دادگایی نەکران، بەڵکوو کردیانن بە مامۆستا و ''ڕاهێنەر'' بۆ فێر کردن و پەروەردە کردنی ئەفرادی تازە بۆ کاری جاسووسی.

ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا، زۆر دەزگای جاسووسی و زەبروزەنگ هەم بە

شێوەی قانوونی و ڕەسمی و هەم بە شێوەی غەیرەقانوونی و غەیرە ڕەسمی بە کردەوە پێکهاتوون. ئەو دەزگایانە بۆ پاراستنی سەربەخۆییی وڵات و پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی دەوڵەتانی بێگانە پێک نەهاتوون. بەڵکوو کاری بنەڕەتیی ئەوان، تەفتیشی عەقاید و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران و لە کۆتاییدا پاراستنی "ویلایەتی فەقیهـ" و هەیئەتی حاکمەی کۆماری ئیسلامییە.

ئەو دەزگایە خەو و خۆراکیان لە کۆمەڵانی خەڵک حەرام کردووە و دەستیان بۆ هەموو کارێکی ناحەز ئاواڵەیە و بە تەواوی بۆ پێشێل کردنی مافە ڕەواکانی خەڵک ئازادییان هەیە.

چەند نموونە لەو دەزگایانە باس دەکەین:

١- واواک (وزارت اطلاعات و امنیت کشور)

٢- "حفاظت اطلاعات" سەر بە سپای پاسداران

٣- بەشی "حفاظت" لە ئیدارەکاندا

٤- بەسیجی قوتابیان (بسیج دانش آموزی)

٥- بەسیجی "مستضعفین"

٦- دایرەی "امر به معروف و نهی از منکر"

٧- "حزب‌الله".

٨- "انصار حزب‌الله"

٩- "گشت ثارالله"

١٠- جندالله

١١- بەسیجی "خواهران"

١٢- بەسیجی عەشایری

١٣- ئەنجومەنی خوێندکارانی موسوڵمان
١٤-''امور تربیتی'' لە قوتابخانەکاندا

پێکهێنانی ئەو دەزگایانە لە لایەک نیشانەی لەرزۆک بوونی پێگەی سیاسیی حکوومەت لە نێو خەڵکدایە، چونکە ڕێژیمێک کە سەقامگیر بووبێ، بۆ پاراستنی خۆی پێویستی بەو هەموو دەزگایانە نییە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو وەزعە بە هیچ جۆر لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و قانوونمەند یەک ناگرێتەوە.

سەرەڕای ئەو هەمووە بنکە و بنیادە جاسووسییانەی کە باسیان کرا، خومەینی ئێستا لە وەزعەکە دڵنیا نەبوو و لە پەیامی خۆیدا بەبۆنەی کردنەوەی قوتابخانەکان داوای کرد کە قوتابییەکان لەسەر مامۆستاکانیان و مامۆستاکان لەسەر قوتابییەکان و هاوکارەکانی خۆیان جاسووسی بکەن[1]. ئەوەش بەشێک لە پەیامی خومەینی لەو بارەیەوە:

''دانش آموزان با کمال دقت اعمال و کردار معلمین خود را زیر نظر بگیرند و گزارش نمایند. دبیران نیز خودشان مواظب همکاران خود باشند و مطالب را با مسئولان در میان بگذارند. همچنین دانش آموزان خودشان به بهترین وجه مراقب همدیگر باشند و هرچه را دیدند به مقامات مسئول گزارش دهند و سعی کنند این کار را به صورت مخفی انجام دهند. مادران و پدران هم رِفت و آمدهای فرزندانشان را سخت مراقبت نمایند و آنان را زیر نظر بگیرند[2]." واتا "قوتابییان بە وردبینییەوە چاوەدێریی کار و کردەوەی مامۆستاکانیان بکەن و ڕاپۆرتیان لەسەر بدەن. مامۆستاکانیش خۆیان ئاگاداری هاوکارەکانیان بن و

---

١ پەیامی خومەینی اول مهر ماه ١٣٦١

٢ توضیح المسایل شجاع الدین شفا لاپەڕی ٨٤١

بابەتەکان لەگەڵ بەرپرسان بێننە بەر باس. هەروەها قوتابییان خۆیان بە باشترین شێوە ئاگایان لە یەک بێ و هەر شتێکیان دیت، بەرپرسانی لێ ئاگادار بکەنەوە وهەوڵ بدەن ئەم کارە بە نهێنی بکەن. دایکان و باوکانیش بە توندی ئاگاداری هاتوچۆی مناڵەکانیان بن و بیانخەنە ژێر چاوەدێرییەوە."

ئەوە لە حاڵێکدایە کە خودای گەورە لە قورئاندا جاسووسی و غەیبەت کردن بە حەرام دادەنێ و ئەو کارە بە "خواردنی گۆشتی برای خۆت بە مردوویی لە قەڵەم دەدا"[٣].

لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا، تا ئێستا چەندین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە لەگەڵ مافی مرۆڤ سەروکاریان هەیە تەحقیق و لێکۆڵینەوەیان لەسەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئەنجام داوە و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لەقاو داوە و مەحکوومیان کردوون. ئەم ڕێکخراوان ئەمانەی خوارەوەن:

١- کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ناوەندەکەی لە شاری "ژێنێڤ" لە وڵاتی سویسە.

٢- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (Amnesty International) کە ناوەندەکەی لە شاری لەندەنە.

٣- ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ (هیومەن ڕایس واچ) کە ناوەندەکەی لە شاری نیۆیۆرکە.

بەشی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی خۆیدا کە ساڵانە لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە، هەمووکات

---

٣ . سوورەی حجرات ئایە ١٢

بابەتی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا بە وردی دێنێتە گۆڕێ و باسی دەکات.

پەرلەمانی ئۆرووپا کە مەرکەزەکەی لە شاری ''ستراسبورگ''ی فەڕانسەیە، جاروبار لەسەر بابەتی "دیاریکراو'' وەک پرسی فەتوای قەتڵی ''سەلمان ڕوشدی''، نووسەری ئینگلیسی_پاکستانی، ئاماژە بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا دەکات.

کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران چ لە دەرەوەو چ لە نێوخۆی ئێران هەروەها کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران (لە دەرەوە) و کۆمیتەی ئێرانیی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی (لە دەرەوە) هەر کام بە نۆبەی خۆیان و بە گوێرەی توانا و ئیمکاناتێکی کە هەیانە تا ئێستا پەردەیان لەسەر بەشێکی زۆر لە سیاسەت و کردەوەی پێشێلکەرانەی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤ، هەڵداوەتەوە و زانیاریی خۆیانیان بڵاو کردۆتەوە.

لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتۆتە سەر کار، سەرجەم٤١ جار لە لایەن ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە. چل و یەکەمین بڕیارنامەی مەحکوومییەتی کۆماری ئیسلامی، ڕێکەوتی ٢١ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لە ٥٢هەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکاندا پەسند کرا و ڕاگەیەندرا.

## ئێران و نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٨٤ی زایینی نەفەرێکی بە ناوی "ینالدو گالیندوپول" بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کرد. نوێنەری دیاریکراو، پێویست بوو سەردانی ئێران بکا و ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە لە مافی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، بەڵام حکوومەتی ئێران تا ساڵی ١٩٨٩ ئیجازەی نەدا کە گالیندۆپۆل بۆ ئێران سەفەر بکات. ناوبراو لەو ماوەیەدا کە ڕێگای سەفەر بۆ ئێرانی لێ گیرابوو، ناڕاستەوخۆ لە کاناڵی جۆراوجۆرەوە لەسەر پرسی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا لێکۆڵینەوەی دەکرد و هەموو ساڵێ ڕاپۆرتی خۆی دەدایەوە بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ. گالیندۆپۆل لە ماوەی ساڵەکانی ٨٩ تا ٩٢ چەندین جار سەردانی ئێرانی کرد و دوای هەر سەردانێک ڕاپۆرتێکی بەڵگەمەندی دوور و درێژی دەداوە بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان.

لەو ڕاپۆرتانەدا، زۆربەی ئەو خاڵانە دەستنیشان کرابوون کە بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ بەحیساب دێن و بەو بۆنەیەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو ڕاپۆرتانەدا مەحکووم کراوە و ڕەخنەی لێ گیراوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە نێوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتانە و بڵاو بوونەوەیان زۆر ناڕەحەت و تووڕە بوون و سەرەنجام ڕایانگەیاند کە ئیدی ئیجازە نادەن گالیندۆپۆل سەردانی ئێران بکاتەوە. ماوەیەک وەزعەکە بەو جۆرە ماوە بەڵام کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، پاش ماوەیەک کە دیتی ئێران تازە ڕێگا بە گالیندۆپۆل نادات سەردانی ئەو وڵاتە بکات؛ بە ناچار ساڵی ٩٥

نەفەرێکی دیکەی بە ناوی "مووریس کاپیتۆرن" خەڵکی کانادا لە جیاتی گالیندۆپۆل دیاری کرد.

مووریس کاپیتۆرن لەو کاتەوە تا ئێستا[کاتی نووسینی ئەو کتێبە خەزەڵوەری ١٣٧٧ بووە] چەند جار سەردانی ئێرانی کردووە و هەموو جارێک ڕاپۆرتی خۆی داوەتەوە بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ. کاپیتۆرن، لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا هەر وەک گالیندۆپۆل، کۆماری ئیسلامیی لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کردووە.

هەم لێبوردنی نێونەتەوەیی و هەم نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا بە ڕاشکاوی باسی ئەو خاڵانەی خوارەوەیان کردووە کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچن و باویان هەیە کە هەموویان وەک کردەوەیەکی دزێو، مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

خاڵە ڕەشەکان ئەمانەن:

گرتن و بازداشتی سەرەڕۆیانە، موحاکەماتی نادادپەروەرانە، ئەشکەنجەی زیندانییانی سیاسی، ئیعدامی زۆر و بەکۆمەڵ، دادگایی کردنی خێرا و نهێنی، ئیعدامی غەیرە قەزایی (تیرۆر)، قامچی لێدان، سەنگەسار کردن، سزای سووککردن و ئابڕووبەرانە، فەرق و جیاوازی دانانی دینی و مەزهەبی و زایەندی و نەتەوەیی و. . .

لە پەیوەندی لەگەڵ سەفەری نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ ئێران ڕوون کردنەوەی ئەو خاڵانەی خوارەوە بە پێویست دەزانم:

١- هەموو جارێ پێش سەفەری نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم تێکۆشاون وەزعییەتی گشتیی زیندانییەکان لە باری

پاکوخاوێنی و بێهداشت یان وەزعی خواردنی زیندانییەکان باشتر بکەن.

٢- ڕاگوازتنی هێندێک لەو زیندانییانەی کە ئیمکانی هەیە لە لای نوێنەرانی مافی مرۆڤ بە دژی کاربەدەستانی ڕێژیم قسە بکەن.

٣- هەڕەشە کردن لە زیندانییەکان کە ئاگایان لە زاری خۆیان بێ.

٤- بەڵێنی و وەعدە پێدان بۆ ئازاد کردن یان کەم کردنەوەی ماوەی زیندان بە هێندێک لە زیندانییەکان.

٥- ڕێگانەدان بە نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ سەردان لەو زیندانییانەی کە پێیان خۆشە.

٦- ڕێگانەدان بە نوێنەرانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ سەردان لە کاربەدستان و زیندانە گەورەکانی کوردستان وەک زیندانی دیزلئابادی کرماشان و زیندانی دەریا لە ورمێ.

٧- دانانی جاسووس و چاوەدێر لە پەنا ئەو نوێنەرانە بە بیانووی پاراستنی گیانیان.

٨- کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی کوژراوەکانی ڕێژیم و سکاڵا کردن لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

٩- ڕێکخستنی بەرنامەی تەشریفاتیی چاوپێکەوتنی ئەو نوێنەرانە لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ ئەوەی بە کاری سەرەکیی خۆیان ڕانەگەن و وەختەکەیان زیاتر بە شتی لاوەکی پڕ بێتەوە.

**تەوەرە سەرەکییەکانی پێشێل‌کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا**

لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هاتۆتە سەرکار، مافی مرۆڤ بە شێوە و ڕێگای جۆراوجۆر و زۆر زیاتر لە سەردەمی نیزامی پاشایەتی پێشێل دەکرێت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخانی نیزامی پاشایەتی، کاربەدەستان و لایەنگرانی ڕێژیمی پێشوو لە ترسی بیروڕای گشتیی خەڵک تا ماوەیەک خزابوونە نێو پێستی خۆیان و مات ببوون، بەڵام بەرەبەرە کە دیتیان خومەینی و حکوومەتەکەی زۆر بەربڵاوتر و زیاتر لە سەردەمی پاشایەتی زەبروزەنگ دەنوێنن و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵک پێشێل دەکەن و سێڵاوی خوێن و کوشتاری ئازادیخوازانیان وەڕێ خستووە، کەم کەم بووژانەوە و ڕووی مەجلیسیان پەیدا کردەوە و دەستیان بە قسەی زل و دروشمی ڕەنگاورەنگ کرد.

ئێمە لە چەند تەوەری بنەڕەتییدا مەسەلەی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

ئا: یەک بوونی دین و دەوڵەت.

بێ: ویلایەتی فەقێ

جێ: سیاسەت و کردەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم.

دێ: مافی مرۆڤ لە کوردستان.

هێ: قانوون -قازی- سیستەمی دەزگای قەزایی.

وێ: دۆخی ژنان

زێ: بەڕێوەنەبردن و پێشێل کردنی قانوونی

**ئەلف: دین و دەوڵەت**

لەسەر مەسەلەی یەک بوونی دین و دەوڵەت یان جودابوونی دین لە دەوڵەت تا ئێستا بابەتی زۆر گوتراوە و نووسراوە. لایەنگرانی هەرکام لەو تێزانە بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆیان دەلیل و بەڵگەی زۆریان هێناوەتەوە. مەبەست لە یەکبوونی دین و دەوڵەت بە کورتی ئەوەیە کە بنەما و ئەحکامی دین و مەزهەب ببێتە قانوون و بنەمای ئیدارە کردنی وڵات.

چاوخشانێک بەسەر سیستەمی حقووقی و قەزاییی وڵاتانی دەرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە ئەورۆ لە بەشی زۆری ئەو وڵاتانەدا و تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامییشدا دین لە دەوڵەت جودایە و هەر کام لەو وڵاتانە بە گوێرەی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕادەی پێشکەوتنی خۆیان، بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵاتەکەیان زیاتر لە "قانونی تایبەت" کەڵک وەردەگرن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو مەسەلەیەش باس بکەم کە سەرچاوەی "قوانین موضوعە" جۆراوجۆریشە کە یەکێک لەوانیش مەزهەبە.

ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا دین و دەوڵەت تێکەڵاون و ئەحکام و ئوسوولی مەزهەبی شیعە و بەتایبەت فیقهی جەعفەری بوون بە قانون و بنەمای ئیدارە کردنی وڵات. (ئەسڵی ٤ی دەستوور).

ئەو مەسەلەیە لە ڕوانگەی حقووقییەوە ئیرادی زۆری لەسەرە و بووەتە سەرچاوەی گیروگرفتێکی زۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەرچاوەی بنەڕەتیی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ کە لە خوارەوە بە کورتی باسیان دەکەم:

١- یەک بوون یان تێکەڵاو بوونی دین و دەوڵەت، لە ڕاستیدا لەگەڵ بنەمای ئازادیی دین و بیروباوەڕی مەزهەبی دژایەتیی هەیە. چونکە کاتێک ئوسوول و ئەحکامی دین، بوون بە قانوونی وڵات، لە لایەک تەکلیف و ئەرک دەخەنە سەر شانی تاکەکانی کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەشەوە هێندێک ماف و ئیمتیازیان پێ دەدەن و حاڵەتی "لازم‌الاجرا" بوون بە خۆیانەوە دەگرن. لە حاڵەتێکی ئاوادا ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە ڕەنگە باوەڕیان بەو قانوونە مەزهەبییانە نەبێ، مەجبوور دەکرێن کە بەڕێوەیان بەرن. لە حاڵێکدا هەم لە دینی ئیسلامدا ئازادیی دین بە ڕاشکاوی ڕاگەیەندراوە. (لا اکراه فی‌الدین قد تبین الرشد من الغی) و هەم لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا ئازادیی دین و مەزهەب بە ڕەسمی ناسراوە و ڕاگەیەندراوە.

٢- بنەما و ئەحکامی دین و مەزهەب نەگۆڕن و لە سەر تاک پێویستە کە بە شێوەی ئەمر و فەرمان بەڕێوەیان ببات. مەشهوورە لە نێو ئەڕتەشدا کەلیمەی "بۆ" نییە و فەرمانی نیزامی بێ ئەملاوئەولا دەبێ بەڕێوە بچێ. لە مەسەلەی دین و مەزهەبیشدا حاڵەتێکی ئاوا لەگۆڕێدایە. بنەمای دین لە زەمان و مەکان و هەلومەرجی جیاوازدا بە شێوەی نەگۆڕ دەبێ بەڕێوە بچێ و ئاڵوگۆڕی هەلومەرجەکان ناتوانێ ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەما و ئەحکامی مەزهەبی. لەحاڵێکدا نەزم و قانوونی ئیدارە کردنی وڵات دەبێ لەگەڵ وەزعییەت و بارودۆخی ئەو وڵاتە گونجاو بن و پێبەپێی گەشە کردن و پێشکەوتنی ئابووری و سەنعەتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگا، بەرەوپێش بچن.

ئێستا ئاخرین ساڵەکانی سەدەی بیستەمە، جیهان ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنی لە هەموو بوارەکانی عیلم و سەنعەتدا وەدەست هێناوە. ژیان و پەیوەندیی

کۆمەڵایەتیی سادەی سەدەکانی پێشوو، پێکهاتەی حکوومەتی و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و تاک و پەیوەندیی تاک پێکەوە، ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتووە. زۆر شت وا پەیدا بووە کە لە ڕابردوودا نەبووە تا قانوونی بۆ دابنرێ و زۆر شتی ڕابردوو ئیدی ئێستا ئاساری نەماوە. بۆیە حەق وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانە، قانوونەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ. زۆر قانوونی وا هەیە کە بۆ سەردەم و هەلومەرجی خۆی زۆر باش و کاریگەر بووە، بەڵام لە زەمان و مەکانی دیکەدا نەیتوانیوە قازانجی هەبێ.

٣- لە حاڵەتی یەکبوونی دین و دەوڵەتدا، چکۆڵەترین ئیراد و ڕەخنە گرتن لە هەڵسوکەوتی کاربەدەستان یان ئیراد و ڕەخنە لە سیاسەت و بەرنامەکانی حکوومەت، بە دژایەتی کردن لەگەڵ دین و مەزهەب لەقەڵەم دەدرێ و بەو بیانووە ڕەخنەگر سەرکوت دەکرێ. لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر کەس لە ئازادیخوازان بە تاوانی داتاشراوی "محاربه با خدا" و "مفسد فی الارض" ئیعدام کراون.

٤- کەم وڵات هەیە کە تەنیا یەک دین یان یەک مەزهەبی تێدا بێ. لە ئێراندا چەندین دینی جیاواز وەکوو ئیسلام، مەسیحی، یەهوودی و زەردەشتی وجوودیان هەیە. لە نێو ئیسلامیشدا مەزهەبی سوننی و شیعە هەیە و هەرکام لەوانیش چەندین لک و پۆپیان لێ بووەتەوە کە لەگەڵ یەکتر کەم و زۆر جیاوازییان هەیە. لەسەرتربوونی هەرکام لەو دین و مەزهەبانە، بە هەر دەلیل و بیانوویەک بەسەر ئەوانی دیکەدا، بۆ ئەوەی ببێ بە بنەمای قانوونی ئیدارە کردنی وڵات، دەبێتە هۆی پێشێل کرانی مافی ئەو ئینسانانەی کە باوەڕیان بەو دینە یان مەزهەبە نییە.

٥- لە حاڵەتێکدا کە دین و دەوڵەت تێکەڵاو بن حورمەت و قودسییەتی دین

تەنانەت لە نێو دیندارەکانیشدا کەم دەبێتەوە. ئەگەر لە سەردەمی شادا زوڵم لە خەڵک دەکرا، مافی مرۆڤ پێشێل دەبوو یان عەداڵەت بەڕیوە نەچووبا، خەڵک ئەو کارەیان بە حیسابی ملهوڕی و دیکتاتۆریی شا و نیزامەکەی دادەنا؛ بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا کە دین و دەوڵەت تێکەڵاوە، تەواوی ئەو جینایەت و زوڵم و زۆر و فەسادی ئیداری و کۆمەڵایەتی و زەبروزەنگە، بە ناوی دین ئەنجام دەدرێ. شتێکی زۆر سروشتییە کە لە حاڵەتێکی ئاوادا خەڵکی زۆرلێکراو لە هەموو شتێک و تەنانەت لە دین و مەزهەبیش بێزار ببێ. بۆ نموونە تا ئەو کاتەی کە نوێژ حاڵەتی ''عیبادی- سیاسی''ی بەخۆیەوە نەگرتبوو، خەڵک زیاتر دەچوونە مزگەوت و زیاتر لە ڕێوڕەسمی مەزهەبیدا بە دڵخواز حازر دەبوون.

**ب: ئەسڵی ''ویلایەتی فەقیە"**

فیکری پێکهێنانی حکوومەتی مەزهەبی لەسەر ئەساسی قانوونی مەزهەبی و فیقهی، ڕابردوویەکی لەمێژینەی هەیە. ئەو فیکرە حەتمەن بە مانای ئەوە نییە کە لەو نەوعە حکوومەتانەدا دەبێ حکوومەتگەرانیش حەتمەن فەقێ و مەلا بن. خومەینی، پێش بەدەسەڵات گەیشتن، لە ڕیسالەی ''ولایت فقیە''ی خۆیدا، هەر دووک مەسەلەی بە وردی باس کردووە. یانی هەم حکوومەت لەسەر بناغەی قانونی ئیسلامی دابمەزرێ و هەم ''فەقیهـ و مەلا" حکوومەت بکەن.

پاش ئەوەی خومەینی لە زستانی ساڵی ١٣٥٧دا بە دەسەڵات گەیشت، حکوومەتی دڵخوازی خۆی (کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ''ویلایەتی

فەقیهـ'') دامەزراند کە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

فەلسەفەی ئەو تێزە بەو جۆرەی لایەنگرەکانی باسی دەکەن ئەوەیە کە لە وڵاتێکدا کە بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی موسوڵمانن، دەبێ حکوومەت شکڵ و نێوەرۆکی ئیسلامیی هەبێ و کەسانێک حکوومەت بکەن کە لە مەسایەلی دینی و مەزهەبیدا پسپۆڕن. دیارە مەنزوور لەو تەعبیرە ئەوەیە کە فەقێ و ئاخوند حکوومەت بکەن نەک هەر پسپۆڕێکی مەزهەبی بەڵام غەیری ئاخوند.

''ویلایەت'' وشەیەکی عەرەبییە و مانای جۆراوجۆری هەیە وەک: [٦]

ئا) یاریدەدان و کۆمەک کردن

بێ) موحیببەت و خۆشەویستی

جێ) سەرپەرستی کردن و ''قەیوومییەت''.

دێ) بەڕێوەبردنی کارو حکوومەت و فەرمانڕەوایی کردن

هـێ) نزیکی و خزمایەتی

کە بە گوێرەی ڕستە و چۆنیەتیی هەڵکەوتنی ئەو وشەیە لە ڕستەدا، ماناو مەفهوومی خۆی لێ وەردەگیرێ. لە بابەتی باسی ئێمەدا کە ''ویلایەت'' لەگەڵ "فەقیهـ" لێکدراوە، ''ویلایەت'' بە مانای حکوومەت کردن هاتووە.

لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ''ویلایەتی فەقیهـ''، میحوەر و ستوونی فەقەراتی ئەو ڕێژیمە بەحیساب دێ و ئەو مەسەلەیە لە دستووری کۆماری ئیسلامیدا بەتەواوی داسەپێندراوە و ڕەنگی داوەتەوە. دەسەڵات و ڕەوایی "وەلیی فەقیهـ" هەم بە کردەوە و هەم بە گوێرەی دەستوور، زۆر لە دەسەڵاتی

---

٦ المنجد، فەرهەنگی عەمید

سەرکۆمار زیاترە. لە کۆماری ئیسلامیدا، وەلیی فەقیهـ، لە سەرووی هێزەمی دەسەڵاتدایە و لە ڕاستیدا سەرتر لە قانون بەحیساب دێ (فوق المیوم والا تجاهات) ئیمتیازات و سەلاحییەتی ڕێبەر (ولی فقیە) بەگوێرەی دەستووری ماددەی ١١٠ بە چەشنی خوارەوەیە:

١- دیاری کردنی سیاسەتی گشتیی نیزام

٢- چاوەدێری بەسەر باسی بەڕێوەچوونی سیاسەتە گشتییەکانی نیزام.

٣- فەرمانی ڕیفراندۆم (گشتپرسی)

٤- فەرماندەییی گشتیی هێزە چەکدارەکان.

٥- ئیعلانی شەڕ و ئاشتی و بەسیجی هێزەکان

٦- دانان و لابردن و قەبووڵی لەکارکشانەوەی بەرپرسانی خوارەوە:

ئا) ئاخوندەکانی (فقیە) شووڕای نیگەهبان.

بێ) سەرۆکی دەزگای قەزایی

جێ) سەرۆکی سازمانی دەنگ و ڕەنگ (تەلەفزیۆن و ڕادیۆ)

دێ) سەرۆکی ستادی ئەڕتەش

هێ) فەرماندەییی گشتیی هێزەکانی سپای پاسداران

وێ) فەرماندەییی بەرزی هێزە نیزامی و ئینتیزامییەکان

زێ) ئیمزای حوکمی سەرکۆمار پاش هەڵبژاردن

حێ) چارەسەری ناکۆکی و تەنزیمی پەیوەندیی هەر سێک دەسەڵاتەکە.

طێ) لابردنی سەرکۆمار پاش حوکمی دیوانی عالی یا دەنگی مەجلیس

یێ) بەخشین یان کەم کردنەوەی سزای مەحکوومین

''ویلایەتی فەقیهـ'' هەم لە ڕوانگەی حقووقییەوە و هەم لە ڕوانگەی

سیاسییەوە گیروگرفت و ڕۆژەڕەشییەکی زۆری بۆ گەلانی ئێران پێکهێناوە و سەرچاوەیەکی گەورەی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانە، کە لە خوارەوە بە کورتی ئیشارەیان پێ دەکرێ:

١- بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفە و نێوەرۆکی تێزی ''ویلایەتی فەقیهـ'' و دەسەڵاتی زیاد لە ئەندازەی وەلیی فەقیهـ، دەتوانین بڵێین کە ''ویلایەتی فەقیهـ'' ناوێکی دیکەیە بۆ ''دیکتاتۆریی مەزهەبی''؛ بەو فەرقە کە دیکتاتۆریی مەزهەبی زۆر لە دیکتاتۆریی سیاسی خەتەرناکترە و زۆر زیاتر مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. چونکە لە دیکتاتۆریی سیاسیدا قەباحەت و دزێویی ئەو دیاردەیە ئاشکراتر و دیارترە و کۆمەڵانی خەڵک زووتر و خێراتر تێدەکۆشن کە لە دەست ئەو دیاردەیە ڕزگاریان بێ. لە حاڵێکدا لە دیکتاتۆریی مەزهەبیدا، لەبەر ئەوەی ڕەنگ و ناوی مەزهەبی بە سەرەوەیە، بە کردەوە جۆرێک ڕەوایی بۆ ئەو دیکتاتۆرییە پەیدا دەبێ و درەنگتر نێوەرۆکی دزێو و قەباحەتەکەی بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵک دەردەکەوێ.

لە دیکتاتۆریی مەزهەبیدا بێ ئیبتیکاری و ناهومێدی و مل بۆ قەزاوقەدەر ڕاکێشان و تەسلیمی ''ئەمری واقیع'' بوون و دوورەپەرێزی و بێ مەبالاتی، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ژیانی خەڵکدا دەبیندرێ و کۆمەڵانی خەڵک درەنگتر لە خەوی غەفڵەت ڕادەپەڕن و درەنگتر تێدەگەن کە دیکتاتۆری هەر ناویکی هەبێ هەر دیکتاتۆرییە و نابێ قەبووڵ بکرێ.

٢- هەروەک لەپێشدا باس کرا یەکێک لە ماناکانی ''ویلایەت'' سەرپەرستی و ''قەیوومییەت''ە. بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفە و نێوەرۆکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕاستییە کە ''ویلایەتی فەقیهـ'' تەعبیرێکی مەزهەبیشە، بەکارهێنانی ئەو وشەیە جۆرێک ''قەیوومییەت'' دەگەیەنێ و

مانای ئەوەیە کە موسوڵمانەکان بۆخۆیان ناتوانن کاروباری وڵاتی خۆیان ئیدارە بکەن و دەبێ وەک ''هەتیو'' یان "شێت" و ''مەهجور''، سەرپەرست و ''قەییم''یان بۆ دیاری بکرێ. ئەوەش بۆخۆی لەلایەک سووکایەتی و گاڵتە بە گەشە کردن و پێشکەوتنی فیکری و سیاسیی خەڵک و بەکەمگرتنی ڕادەی وشیاری و تێگەیشتوویی گەلانی ئیران بەحیساب دێ و لەلایەکی دیکەشەوە پێشێل کردنی مافی ئینسانەکانە بۆ ئازادیی ژیان و بۆ ئازادیی بیرکردنەوە.

٣- ''ویلایەتی فەقیهـ'' لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی ناتەبایی هەیە و ئەو دوانە پێکەوە یەک ناگرنەوە. ناتەباییەکان ئەمانەن:

ئا) لە پێکهاتەی کۆماریدا مەعموولەن سەرکۆمار بەرزترین پلەی ئیجرایی وڵاتە بەڵام هەروەک کۆمەڵانی خەڵک دەزانن لە کۆماری ئیسلامیدا بەرزترین پلەی ئیجرایی ڕێبەرە نەک سەرکۆمار و ئەگەر تۆزێک سەرنج بدەینە ئەو مەسەلەیە، بۆمان دەردەکەوێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا سەرکۆمار بە کردەوە مەقامی دووهەمیشی نییە.

بێ) لە پێکهاتەی کۆماریدا، بە گوێرەی قاعیدە، فەرمانی شەڕ و فەرمانی ئاشتی و مەسەلەی ئاوا گرینگ، لە ئەستۆی سەرکۆمارە بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئەو مەسەلەیە بەشێک لە ئیختیاراتی ڕێبەرن.

لە ڕوانگەی حقووقییەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی شارەگ و پێکهاتەکەی (سەرفەنەزەر لە ناوەکەی) لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی زیاتر خاڵی هاوبەشی هەیە تا پێکهاتەی کۆماری. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە هاوبەشانەیە کە زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆماری ئیسلامی، جۆرێک نیزامی سەڵتەنەتییە بەڵام بە شکڵ و قەوارەی تایبەتی خۆیەوە. خاڵە

هاوبەشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی پاشایەتی ئەمانەی خوارەوەن:

ئا) هەروەک لە نیزامی پاشایەتیدا "شا" لە سەرووی هێرەمی دەسەڵاتدایە، لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشدا ڕێبەر (ولی فقیه) لە سەرووی هێرەمی دەسەڵاتدایە.

بێ) هەروەک لە نیزامی پاشایەتیدا "شا" هەڵبژێردراوی گەلانی ئێران نەبوو و دەسەڵاتی شا دوور لە ئیرادەی خەڵک بوو، لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشدا ڕێبەر هەڵبژێردراوی گەلانی ئێران نییە و دەسەڵات و ڕادەی سەڵاحییەتەکەشی بە دوور لە ئیرادەی خەڵکە.

جێ) هەروەک "شا" ماوەی دەسەڵاتەکەی دیاری نەکراو و بێ سنوورە، لە نیزامی کۆماری ئیسلامییشدا، ڕێبەر ماوەی دەسەڵاتەکەی دیاری نەکراوە و سنووری بۆ دانەندراوە.

دێ) هەروەک "شا" ئیختیارات و سەلاحییەتێکی زۆری قانوونیی هەبوو، ڕێبەریش ئیختیارات و سەلاحییەتێکی یەکجار زۆری قانوونیی هەیە.

هێ) لە ڕێژیمی پاشایەتیدا بەگوێرەی خاڵی ٣٥ی (هاوپێچی دەستوور) پێشوو، شا بە "موهبت الهی" حیساب کرابوو. لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییشدا، ڕێبەر بە گوێرەی خاڵی ٥ی دەستوور بە "نایب امام زمان"و "امام امت" و "ولی امر مسلمین" بەحیساب دەێ.

وێ) لە ڕێژیمی پاشایەتیدا لە ئێران دوو مەجلیس هەبوون، مەجلیسی "شووڕای میللی" و مەجلیسی "سینا" کە دووهەمینیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی یەکەمیان پێکهاتبوو و پەسند کراوەکانی مەجلیسی "شووڕای میللی"، بێ پەسند کردنی مەجلیسی "سینا" بایەخی قانوونییان نەبوو. ئێستاش لە کۆماری

ئیسلامیدا ٢ مەجلیس هەیە. مەجلیسی شوورای ئیسلامی و شوورای نیگەهبان کە بە گوێرەی خاڵی ٩٤ی دەستوور، پەسند کراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، بێ پەسند کرانی شوورای نیگەهبان بایەخی قانوونییان نییە.

زێ) شێوەی هەڵبژاردنی مەجلیسی ''سینا'' لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا، لەگەڵ شێوەی هەڵبژاردنی شوورای نیگەهبان لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر لێک نزیکن. لە سەردەمی شادا نیوەی ئەندامانی مەجلیسی ''سینا'' شا دایدەنان (انتصابی) و نیوەکەی دی ئەگەر بە ڕواڵەتیش بوو خەڵک هەڵیدەبژاردن.

ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا نیوەی ئەندامانی شوورای نیگەهبان لەلایەن ڕێبەرەوە دادەندرێن (انتصابی) و نیوەکەی دیکەش مەجلیسی شوورای ئیسلامی دیارییان دەکا. تەنیا فەرقێک کە لە گۆڕێدایە ئەوەیە کە ژمارەی ئەندامانی ''سینا'' ٦٠ کەس بوون و نیوەیان خەڵک هەڵیدەبژاردن، ئێستا ژمارەی ئەندامانی شوورای نیگەهبان ١٢ کەسن و هیچیان هەڵبژێردراوی خەڵک نین. چونکە ٦ کەسیان کە دەبێ ''مجتهد'' بن لەلایەن ڕێبەرەوە دادەندرێن و ٦ کەسەکەی دیکە کە دەبێ حقووقزان بن، لە لایەن مەجلیسی شووراوە دیاری دەکرێن. (خاڵی ٩١ی دەستووری)

بەو جۆرە دەبینین کە چۆن ئاوات و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی تینووی ئازادی کە خوازیاری دەسەڵاتێکی کۆماریی پشت ئەستوور بە ویست و ئیرادەی "جومهوور"(خەڵک) بوو بە بڵقی سەر ئاو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعە، ئێستا ڕێبەر لە جیاتی ''شا'' و سەرکۆمار لە جیاتی سەرۆکوەزیری جارانە. ڕێبەر وەک شا نەگۆڕە و سەرکۆمار وەک

سەرۆکوەزیری جاران ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێ. ئێستا لە دروشمە بەناوبانگەکەی سەردەمی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری ئیسلامی) کە ٣ بەش بوو، دوانیان (سەربەخۆیی و ئازادی) لە گۆڕێدا نین و بەو شێوەیەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەسپی بێهەوساری خۆیان لینگ دەدەن و سروودی مەرگ و نەمان بۆ گەلانی ئێران زەمزەمە دەکەن، ڕەنگە لە داهاتوودا بەشی سێهەمی ئەو دروشمەش (کۆماری ئیسلامی) تووشی مەترسی بێ. چونکە لە قەدیمەوە گوتوویانە "الکمل یبقی مع الکفر و لایبقی مع الظلم". لە زمانی کوردییشدا مەسەلەی هەیە بەو مەفهوومە کە هەموو شتێک لە باریکاییدا دەپسێ زوڵم لە ئەستوورایيدا دەپسێ.

**شۆڤێنیزم لە لیباسی مەزهەبدا**

''ئۆمەتی ئیسلامی''

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە (کثیرالملە)، فارس و ئازەری و کورد و تورکەمەن و بەلووچ و عەرەب. هەرکامیان میللەتێکن بە زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی جیاوازەوە، بەڵام هەموویان لە یەک وڵاتدا دەژین بە ناوی ئێران. لە کۆنەوە لە ئێراندا حکوومەت بە دەست فارسەکانەوە بووە یان بەدەست کەسانێکەوە بووە کە لە خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی نەتەوەی فارسدا بوون. بەو جۆرە باقیی نەتەوەکانی دیکە هەمیشە لە مافی نەتەوایەتی و ئازادیی خۆیان بێبەش بوون.

لە سەردەمی نیزامی پاشایەتیدا، بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی و کەمڕەنگ کردنەوەی هەستی نەتەوایەتیی نەتەوە ژێردەستەکان، هەمیشە

کاربەدەستانی حکوومەت لە زاراوەی ''ملت ایران'' کەڵکیان وەردەگرت. یانی یەک وڵات و یەک میللەت. بەڵام ئەوە لەگەڵ حەقیقەتی دۆخی ئێران یەک ناگرێتەوە. لە جیهاندا زۆر وڵات هەیە کە چەند نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژین هەروەکوو زۆر نەتەوەی واش هەیە کە لە چەند وڵاتی جیاوازدا دەژین. بۆ نموونە کورد لە چەند وڵاتی وەک ئێران، تورکیا، عێراق و سووریە دەژی هەروەک تورکمەن لە ئێران و تورکمەنستان و بەلووچ لە ئێران و پاکستان و عەرەب لە ئێران و لە چەند وڵاتی عەرەبی دەژین.

لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا شۆڤێنیزم لە لیباسی مەزهەبدا هاتۆتەوە مەیدان. ئێستا لە جیاتی ''ملت ایران'' زاراوەی ''امت اسلامی'' بەکار دێنن. (خاڵی ١١ی دەستوور)

ئەو مەسەلەیە بووەتە سەرچاوەی گیروگرفتی بنەڕەتی کە لە خوارەوە ئیشارەیان پی دەکرێ:

یەکەم: بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بووەتە ''پاساو'' و بیانوویەک بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش و دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ئیسلامیدا. ئەو مەسەلەیە تا ئێستا گیروگرفتێکی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامیی ئیران پێک هێناوە.

دووهەم: هەروەک لە پێشدا باسی کرا ئێران وڵاتێکە بە چەند نەتەوەی جیاوازەوە، بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بۆ پێشێل کردنی مافی گەلانی ژێردەستەیە چونکە هەر نەتەوەیەکی ژێردەستە داوای مافە ڕەواکانی خۆی کرد خێرا پێی دەگوترێ ئێمە یەک میللەتەین. ئێمە هەموومان موسوڵمانین و ئەو داوایە بە جوداییخوازی لەقەڵەم دەدرێ.

لیرەدا بۆ ڕوون بوونەوەی باسەکە گێڕانەوەی بابەتێک بە پێویست دەزانم:

لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بۆ باس لەسەر بابەتی خەڵکی کوردستانی ئێران و ڕوونکردنەوەی داخوازە ڕەواکانیان بۆ کاربەدەستانی تازە، سەفەری تاران و قوم دەکەن و چاویان بە گەورە و لێپرسراوانی حکوومەت و لەسەرووی هەموویانەوە خومەینی دەکەوێ. لە یەکێک لەو چاوپێکەوتنانەدا کاتێک باسی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان دێتە گۆڕێ و باسی زمانی ڕەسمیی وڵات و زمانی کوردی دەکرێ یەکێک لە ئاخووندەکان بە ناوی ''ئایەتوڵڵا ناسر مەکارم شیرازی'' دەست دەکا بە قسان و دەڵێ: "ئێمە هەموومان موسوڵمانین و دروست نییە هەر قەوم و دەستەیەک زمانی جیاوازی خۆیان بێننە گۆڕێ". مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە یەکێک بووە لە ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب، لە وڵامدا بە گاڵتەوە دەڵی جا کە وایە با زمانی عەرەبی کە زمانی قورئان و دینەکەشمانە ببێتە زمانی هاوبەشی تەواوی گەلانی ئیران. مکارم شیرازی خێرا لە جوابدا دەڵێ ''شتی وا نابێ چونکە ئەو کات فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی فارسی دەکەوێتە مەترسییەوە''.

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دینەکەیان کردووەتە ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و بە ناوی دین و مەزهەبەوە، مافی ڕەوای گەلانی ئێران پێشێل دەکەن.

## سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی

ئا) ڕیفراندۆم و قسەی مەشهووری خومەینی

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، خومەینی و کاربەدەستان بڕیاریان دا بۆ

دیاری کردنی نەوعی حکوومەتی تازە ڕیفراندۆم بەڕێوە بچێ و لە خەڵک نەزەر وەربگیرێ و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژەکانی ١٠و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی دیاری کرا.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە ڕواڵەت بڕیارێکی جوان و پێشکەوتنخوازانە بوو و نیشانەی ئەوە بوو کە ئیرادەی خەڵک کە تا ئێستا بایەخێکی بۆ دانەنراوە ئێستا کارسازە و چارەنووسی وڵات دیاری دەکات. لە ڕاستیدا ڕیفراندۆم بەو شێوەیەی کە بەڕێوەچوو، مافی ڕەوای گەلانی ئێرانی بۆ ئازادیی هەڵبژاردن و دیاریکردنی نەوعی حکوومەتی داهاتوو پێشێل کرد و ئەو مەسەلەیە سەرەتایەکی پڕمەترسی بوو بۆ داهاتووی وڵاتەکەمان و عاملێکی گەورە بوو بۆ پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران.

لە خوارەوە هەڵە حقووقی و ئیرادەکانی ئەو ڕیفراندۆمە دەخەمە بەرچاو:

١- لە ئێراندا نیزامێکی حکوومەتی بە دەستی خەڵک ڕووخابوو و دەبوو نیزامێکی تازەی حکوومەتی لەسەر ئیرادەی خەڵک دابمەزرێ. بۆ ئەو کارە حەق وابوو ماوەیەک پێش ڕیفراندۆم جۆر و سیستەمی حکوومەتەکان لە دەزگا ڕاگەیەنە گشتییەکاندا وەک ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بە وردی باس بکرێن و شی بکرێنەوە و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەرکام لەو شێوازە حکوومەتانە دەستنیشان کرابایەن تا کۆمەڵانی خەڵک لێیان ئاگادار بووبان و بە چاوی ئاواڵەوە لە ڕیفراندۆمدا بەشدارییان کردبا و ئازادانە حکوومەتی دڵخوازی خۆیان هەڵبژاردبایە. بەداخەوە لە ئێران ئەو کارە نەکرا.

٢- خومەینی زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش، لە نووسراوەکانی خۆیدا باسی حکوومەتی دڵخوازی خۆی کردبوو و خەت و سنووری بۆ کێشابوو.

٣- چەند ڕۆژ پێش بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم، خومەینی لە وتارەکانیدا بە تووڕەیی و حاڵەتی هەڕەشە ڕایدەگەیاند کە ''جمهوری اسلامی نه یک کلمه زیاد و نه یک کلمه کم'' واتا "کۆماری ئیسلامی نە وشەیەک زیاتر و نە وشەیەک کەمتر" یان دەیگوت: ''هر کس پهلوی جمهوری اسلامی "دمکراتیک" بگذارد دشمن است ما خون دادیم برای "دمکراتیک"؟ ما برای اسلام خون دادیم''. واتا "هەر کەس لە تەنیشت کۆماری ئیسلامی "دێموکڕاتیک" دابنێ دوژمنە. بۆ مەگەر ئێمە خوێنمان دا بۆ "دێموکڕاتیک"؟ ئێمە بۆ ئێسلام خوێنمان دا. خومەینی بەو قسانەی خۆی مافی ڕەوای گەلانی ئێرانی پێشێل کرد و هیچ مەجالێکی بۆ بیرکردنەوە و ئازادیی هەڵبژاردن نەهێشتەوە.

چونکە خومەینی هەم لە باری مەزهەبییەوە ''مەرجەعی تەقلید'' بوو و هەم لە باری سیاسییەوە نفووزی کەلام و دەسەڵاتێکی بێ وێنەی هەبوو و قسەی خومەینی ئەو کات لە لای بەشی هەرە زۆری خەڵک وەک ''وەحیی ئاسمانی'' وەردەگیرا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی کە باس کران، هەر لە سەرەتاوە مەعلووم بوو کە تەنیا نەزەر و بۆچوونی خومەینی تەکلیفی مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ڕیفراندۆم بەو وەزعە شتێکی تەشریفاتی و زیادی بوو. ئەوەی لەو بەینەدا بۆ خەڵک ماوە، زەحمەتی زیادی و خەرجی بێهوودەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو.

خەڵکی کوردستان بە هۆی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران، زۆر زووتر لە خەڵکی دیکە لە بێ نێوەرۆک بوونی ڕیفراندۆم و حەرەکەتی عەوام هەڵخەڵەتێنانەی دەسەڵاتدارانی تازەپێگەیشتوو

تێگەیشتن و حازر نەبوون لە ڕیفراندۆمێکدا بەشداری بکەن کە لە پێشدا دیار بوو کە بێ ئاکامە.

خەڵکی کوردستان حەقیان بوو کە لە پێشدا بزانن کۆماری ئیسلامی چ جۆرە حکوومەتێکە، شکڵ و نێوەرۆکی کامەیە. لە هەموو گرینگتر چیی بۆ خەڵکی کوردستان پێیە. خەڵکی کورد حازر نەبوون چەکی سپی ئیمزا بکەن.

کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە لە بەرانبەر نەزەر و داواکانی خەڵکی کوردستاندا، زیاتر باسی ئەوەیان دەکرد کە ''کۆماری ئیسلامی'' یانی ''ئیسلام'' و دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی، یانی دژایەتی کردن لەگەڵ ئیسلام. ئەو شێوە پاساوهێنانەوەیە لە بناغەدا نادروست و غەڵەت بوو. چونکە کۆماری ئیسلامی نیزامێکی حکوومەتییە کە تایبەتمەندی و داموەزگای جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە خۆی هەیە و لەگەڵ دینی ئیسلام دوو شتی لێک جیاوازن. ئەگەر وا دابنێین کە کۆماری ئیسلامی عەینی دینی ئیسلامە، ئەو کات پێویستی نەدەکرد کە بۆ کۆماری ئیسلامی دەستووری تازە بنووسرێ و دابندرێ. چونکە قورئان دەستووری دینی ئیسلامە.

بێ) مەجلیسی ''خبرگان'' لە جێگای مەجلیسی ''مؤسسان''

دەستوور هەروەک لە ناوەکەی دەردەکەوێ ئەساس و بناغەی قەوانین و ئیدارە کردنی وڵاتە. دەستوور بەیانگەر و نیشاندەری ساختاری حکوومەت و ئۆرگانە جۆراوجۆرە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتە و پەیوەندیی نێوان دەزگا حکوومەتییەکان و ئۆرگانەکانی ئیجرایی و قەزایی و قانووندانان تەنزیم و دیاری دەکات. دانان و پەسند کردنی قانوون، ئەرکی پەرلەمانی هەر وڵاتێکە بەڵام لەبەر گرینگی و کاریگەر بوونی دەستوور،

شێوەیەکی تایبەتی و ناسراو بۆ دانانی دەستوور لە هەر وڵاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە بریتییە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک و پێکهێنانی مەجلیسێک بە ناوی مەجلیسی ''مؤسسان''. کاری نوێنەرانی ئەو مەجلیسە تەنیا دانان و پەسند کردنی دەستوورە و پاش تەواو بوونی ئەرکەکەیان مەجلیسەکە کاری تەواو دەبێ ونامێنێ.

پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، پێویست بوو دەستووری تازە دابندرێ و بۆ ئەو کارە، پێویست بوو مەجلیسی ''مؤسسان'' هەڵبژێردرێ بەڵام خومەینی بڕیاری دا لە جیاتی مەجلیسی ''مؤسسان'' مەجلیسی ''خبرگان'' هەڵبژێردرێ.

مەنزووری خومەینی ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی دەستوور دادەنێن پێویستە خەبیر و شارەزای بابەتی مەزهەبی بن. سەرەنجام ڕۆژی ١٢ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ هەڵبژاردنی مەجلیسی "خبرگان" بەڕێوە چوو و ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ (ساڵڕۆژی کوودەتای ڕەشی شا دژی موسەددیق) مەجلیسی ''خبرگان'' بە بەشداریی خومەینی کرایەوە. لە سەرجەم نوێنەرانی مەجلیسی ''خبرگان'' کە ٧٣کەس بوون، حدوودی ٦٠ کەس یانی٤ لەسەر ٥یان ئاخوند بوون.

مەجلیسی "خبرگان" لە ڕوانگەی حقووقییەوە دوو ئیرادی هەرە گەوەرەی هەبوو کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- نوێنەرانی مەجلیسی ''خبرگان'' سەرجەم ٧٣ بوون کە ٦٠ کەس یانی ٤ لەسەر ٥یان ئاخوند بوون و زۆربەی ئەوانی دیکەش لەو کەسانە بوون کە بیر و بۆچوونەکانیان وەک هی ئاخوندەکان وا بوو. بۆیە نوێنەرانی ئەو مەجلیسە بەو پێکهاتەیەوە کە باسی کرا، نوێنەری کەمایەتییەکی بچووکی کۆمەڵگای

ئێران، یانی نوێنەری جامیعەی ''روحانیت'' بوون و ماباقیی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ کە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێران پێکدێنن، نوێنەریان لەو مەجلیسەدا نەبوو و لە دانانی دەستووردا هیچ نەخشێکیان نەبوو و ئەوەش ڕاست بە پێچەوانەی ئازادی و دێموکڕاسی و مافی مرۆڤە. کۆمەڵانی ملیۆنیی گەلانی ئێران، خوێنیان دا و ڕاپەڕین و نیزامی پاشایەتییان ڕووخاند، بەڵام هیچ دەورێکیان لە دانانی دەستووری تازەی وڵاتەکایاندا نەبوو.

٢- زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسی ''خبرگان''، لە بواری بابەتی حقووقی و قانوونی و قانوون داناندا نائاشنا و بێ خەبەر بوون و میلاک و پێوانە بۆ هەڵبژاردنیان ''تعهد'' بوو نەک ''تخصص''. بۆیە ئەو شتەی کە ئەوان بەناوی دەستوور پەسندیان کرد، هەم لە باری داڕشتن و فۆرمۆڵە کردنەوە ئیرادی زۆری هەیە و هەم لە باری نێورۆکەوە پڕە لە کەموکووڕی و لە ڕاستیدا لە زۆر بواردا ئەو دەستوورە بۆخۆی بووەتە سەرچاوەی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی ئەو بابەتە بکەم کە نوێنەری خەڵکی کورد لە پارێزگای ورمێ، شەهید دوکتور قاسملوو بوو کە بە هێنانەوەی ١١٣٧٧٣ دەنگ هەڵبژێردرا بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێژیم شەڕی بەسەر کوردستاندا داسەپاند بوو؛ نەیتوانی بەشداریی ئەو مەجلیسە بکات.

لە کاتی کردنەوەی مەجلیسی "خبرگان"دا خومەینی کە دیتبووی دوکتور قاسملوو نەهاتووە گوتبووی (ای کاش آمده بود)●

---

● نیوسەدە تێکۆشان جلدی ١ لاپەڕی ١٥٩

## داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران

ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە ساڵڕۆژی تەبعیدی خومەینی بۆ تورکیەدا بەپێی بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراوی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەکی زۆر ئەفرادی ''حیزبوڵڵاهی'' بەناوی خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام، بەشێوەیەکی زۆر ناحەز و بە پێچەوانەی یاسای نێونەتەوەیی، هێرشیان بردە سەر سەفارەتی ئەمریکا لە تاران و پاش بارمتە گرتنی تەواوی دیپلۆمات و کارگێڕانی سەفارەت کە سەرجەم ٥٣ کەس بوون، دەستیان بەسەر سەفارەتدا گرت و ئاڵای ئەمریکایان سووتاند.

خومەینی و باقیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ئەو کردەوە دزێوەیان بە ئینقلابی دووهەم لەقەڵەم دا و هەراوهوریایەکی زۆری تەبلیغاتییان پێوە کرد. ماوەیەک دواتر، کاربەدەستانی ڕێژیم ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی بەربەرەکانێ لەگەڵ ''ئیستکبار'' ناودێر کرد.

لەو نێوەدا هێندێک لە ڕێکخراوە چەپەکانیش داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکایان بە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دژی ئیمپریالیستی دانا. تەنیا لەبەر ئەوەی جنێودان و دژایەتی کردنی ئەمریکایان بە قازانجی شووڕەوی دەزانی.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا حەرەکەت و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی لەو مەسەلەیەدا مەحکووم کرد و ئەو کارەی بە دیاردەیەکی دژی عورفی دیپلۆماسی و یاسای نێونەتەوەیی ناو برد.

بارمتە گیراوەکان سەرجەم ٤٤٤ ڕۆژ لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا مانەوە. لەو ماوەیەدا، دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕێگای داڕشتنی بەرنامەیەکی سەربازییەوە

هەوڵی دا دیپلۆماتەکان ئازاد بکا کە ئەو بەرنامەیە لە بیابانی تەبەس تووشی شکست هات و سەری نەگرت.

داگیرکردنی بالویزخانەی ئەمریکا و بە بارمتەگیرانی دیپلۆماتەکان لە باری حقووقییەوە کردەوەیەکی نادروست و هەڵنەسەنگێندراو و ناڕەوا بوو کە پرەنسیپ و یاسای نێونەتەوەیی و مافی سەلمێندراوی دیپلۆماسیی نێوان دەوڵەتەکانی پێشێل کرد و زەربەیەکی قورسی لە ئیعتیبار و فەرهەنگی ئێران دا کە بەم زووانە قەرەبوو ناکرێتەوە.

ئێمە لێرەدا هۆکاری ناڕەوا بوونی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە ڕوانگەی حقووقییەوە باس دەکەین:

١- بەگوێرەی حقووقی نێونەتەوەیی و قانون و بنەمای پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان دەوڵەتەکان، باڵوێزخانەی هەر دەوڵەتێک لە وڵاتێکی دیکەدا بە بەشێک لە خاکی ئەو دەوڵەتە دەژمێردرێ. بۆ وێنە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، بە بەشێک لە خاکی ئەمریکا بەحیساب دێ. هەروەک چۆن باڵوێزخانەی ئێران لە ئەمریکا بە بەشێک لە خاکی ئێران دادەنرێ.

٢- ئێران و ئەمریکا پێکەوە لە حاڵی شەڕدا نەبوون تا بیانوویەک بۆ کردەوەیەکی ئاوا قانونشکێنانە دابتاشرێ.

٣- دیپلۆمات و کارگێڕانی باڵوێزخانە و کۆنسوولگەرییەکان بەگوێرەی یاسا و حقووقی نێونەتەوەیی، لە مافی ''مصونیت''ی سیاسی کەڵک وەردەگرن و نابێ هەروەها بە ئاسانی بکەونە بەر پەلامار و لێپرسینەوە، یان گرتن و زیندانی کردن.

## مافی مرۆڤ لە کوردستاندا

### زوڵمی چەند قات

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە چەندین لاوە زوڵمی لێ دەکرێ و مافی نەتەوایەتی و داخوازییە ڕەواکانی بە شێوەیەکی بەربڵاو پێشێل دەکرێن کە بە کورتی باسیان دەکەین:

ئا: خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی دیکەی ئێران زۆر لەمێژە بەدەست نەبوونی ئازادی و دێموکڕاسی و، زوڵم و سەرەڕۆییی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان گرفتارن و لە مافە ڕەواکانی خۆیان بێ بەشن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ڕیشەی تاکپەرستی و پەیدا بوونی دیکتاتۆر بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ گەشە نەکردن و دواکەوتوویی کۆمەڵ. چونکە لە حاڵەت و بارودۆخێ ئاوادا کۆمەلانی خەڵک مافی تاک و کۆمەلایەتیی خۆیان لە نێو کۆمەڵگادا ناناسن و زۆر بەڕوونی لە فەلسەفەی بوون و سنووری ئەرک و دەسەلاتی حکوومەت و چلۆنایەتیی پەیوەندیی نێوان تاکی کۆمەڵگا و حکوومەت ئاگادار نین و لە ئاکامدا خەڵک مل بۆ "دۆخی هەنووکە" ڕادەکێشن. هەر ئەندازە میللەتەکان وشیار و باسەواد و تێگەیشتوو بن، بەو ئەندازەیەش بەستێن بۆ جێگیر بوونی ئازادی و دێموکڕاسی و جێگیر بوونی حکوومەتێکی قانوونمەند خۆش دەبێ.

بێ: بێجگە لەو وەزعە گشتییەی کە لە سەرەوە باس کرا، خەڵکی کوردستانی ئێران لەبەر ئەوەی کە کوردن و داوای مافی نەتەوایەتیی خۆیان دەکەن، هەمیشە لە لایەن حکوومەتە مەرکەزییەکانەوە بە توندترین شێوە

سەرکوت دەکرێن و لە لایەن حکوومەتەوە سیاسەتی زەبروزەنگ و کوشت و بڕ و تالان و قانوونی جەنگەڵ لە کوردستان بەڕێوە دەچێ.

خەڵکی کوردستان لە لایەک وەکوو هاووڵاتیی دەرەجە یەک چاویان لێ ناکرێ و لە ئیدارە کردنی وڵاتدا بە گشتی و ئیدارە کردنی کوردستاندا بەتایبەتی بەشدار نین و لە لایەکی دیکەشەوە کوردستان بە ئەنقەست و لە ڕووی بەرنامەی دارێژراوەوە لە دواکەوتووییدا ڕاگیراوە و سەروەت و سامانەکەشی بە تالان دەڕوات - بە کورتی خەڵکی کوردستان نە وەک ''خودی'' چاوی لێ دەکرێ و نە وەک بێگانەش حیسابی بۆ دەکرێ.

جێ: مەزهەبی ڕەسمی لە ئێراندا بەگوێرەی خاڵی ١٢ی دەستوور، شیعەی ١٢ ئیمامییە. ئاخوندە شیعەکان زیاتر لە هەزار ساڵە خەریکی تەفرەقە ساز کردن لە نێوان مەزهەبەکانی ئیسلامدان و لەو ڕێگایەوە نانیان کەوتۆتە ڕۆنەوە. ئاخوندەکان و ڕەوزەخوێنەکان، شەو و ڕۆژ لە مەجلیسی عەزاداری و قسە کردندا خەریکی لێدانی تەپڵی شەڕ لە نێوان شیعە و سوننیدان. بێرێزی کردن بە خەلیفەکانی ئیسلام "ئەبووبەکر، عومەر و عوسمان" و بێرێزی کردن بە ''عایشە'' خێزانی پێغەمبەر بووەتە بنێشتە خۆشکەی زاری شیعەکان.

ئاخوندەکان بەهۆی خۆش کردنی ئاوری دووبەرەکایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان ئەو دوو مەزهەبەدا، زەینی خەڵکی شیعە مەزهەبیان لە حاست مەزهەبی سوننی و سوننییەکان شێواندووە. ئەو وەزعە نالەبارە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە خەڵکی کوردستانی ئێران کە سوننی مەزهەب و یارسانن، بکەونە ژێر باری زوڵمی ''هەڵاواردنی ئایینی'' و لەو ڕێگایەشەوە مافیان پێشێل بکرێ.

**مافی ڕەوا**

ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد بە کورتی بریتین لە مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکڕاسی و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ. مافی نەتەوایەتی لە حەقی دیاری کردنی چارەنووسدا (حق تعيين سرنوشت) خۆ دەنوێنێ و هەموو بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. ئەو ماف و داخوازییانە شتێکی سروشتی و عادڵانەن و بە هەر پێوانەیەک کە هەڵسەنگێندرێن ڕاستی و پێویستیی خۆیان دەردەخەن.

ئێمە لێرەدا ئەو ماف و داخوازییانە بە ٣ پێوانەی حقووقی، سیاسی و ئیسلامی هەڵدەسەنگێنین:

١- بنەما و پێوانەی حقووقی

ئێمە لەو بارەیەوە لە ٢ سەرچاوەی حقووقی کەڵک وەردەگرین.

یەکەم: دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران

دووهەم: بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ.

ئا: دەستووری کۆماری ئیسلامی

فەسڵی ٣ خاڵی ١٩

"مردم ايران از هر قوم و قبيله‌ای كه باشند از حقوق مساوی برخوردارند و رنگ، نژاد، زبان و مانند اينها سبب امتياز نخواهد بود. "

واتا: "خەڵکی ئێران لەهەر قەوم و قەبیلەیەک بن خاوەنی مافی وەک یەکن و ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و شتی لەو بابەتە نابنە هۆی ئیمتیاز."

فەسڵی ٣ خاڵی ٢٠

"همه افراد ملت اعم از زن و مرد يكسان و در حمايت قانون قرار دارند و از همه حقوق انسانی، سياسی، اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی با رعايت موازين

اسلامی برخوردارند''.

واتا: "هەموو تاکەکانی میللەت لە ژن و پیاو، لە ژێر چەتری حیمایەتی قانووندان و لە تەواوی مافی ئینسانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوولی ئیسلام کەڵک وەردەگرن."

فەسڵی ٥ خاڵی ٦

''حاکمیت مطلق بر جهان و انسان از آن خدا است و هم او انسان را بر سرنوشت اجتماعی خویش حاکم ساخته است. هیچکس نمی‌تواند این حق الهی را از انسان سلب کند یا در خدمت منافع فرد یا گروهی خاص قرار دهد و ملت این حق خداداد را از طرقی که در اصول بعدی می‌آید اعمال میکند''.

واتا: "حاکمییەتی موتڵەق لەسەر جیهان و ئینسان هی خوایە و هەر ئەو ئینسانی بەسەر چارەنووسی کۆمەڵایەتیی خۆیدا زاڵ کردووە. هیچ کەس ناتوانێ ئەو مافە خوداییە لە ئینسان بستێنێ یا بیخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی تاک یا گرووپێکی تایبەتەوە و گەل ئەو مافەی لە لایەن خواوە پێی دراوە، لەو ڕێگایانەوە کە لە خاڵەکانی دواتردا باسیان دەکرێ، دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

# پاشكۆكان

## پاشکۆی ١: بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

شووڕای ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢١ی مانگی ژوئەنی ساڵی ١٩٤٦ی زایینی کۆمیسیۆنێکی پێک هێنا بەنێوی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ. کاری ئەو کۆمیسیۆنە بریتییە لە:

١- ئامادە کردنی بەیاننامەی مافی مرۆڤ.

٢- ئامادە کردنی بەیاننامە و هاوپەیمانێتی سەبارەت بە ئازادی و مافی ئینسان.

٣- پشتیوانی لە کەمایەتییەکان.

٤- تێکۆشان بۆ لابردنی جیاوازیی ڕەگەزی، زایەندی، زمان، مەزهەب.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ڕێکەوتی ١٠ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، بەرانبەر بە ١٩ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی، بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤی پەسند کرد.

ئەو بەیاننامەیە بریتییە لە پێشەکییەک و ٣٠ ماددە کە دەکرێ لەباری نێوەرۆکەوە بە سێ دەستە دابەش بکرێ:

دەستەی ١- "مافی مەدەنی"ی تاک لە خۆدەگرێت: مافی ژیان، ئازادی، ئاسایش، ئازادیی بیروباوەڕ و مەزهەب، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی پێکهێنانی بنەماڵە و . . .

دەستەی ٢- ئەو خاڵانەن کە مافی سیاسیی تاک لە خۆ دەگرن وەک مافی تەبەعەبوون (تابعیت)، مافی بەشداری لە ئیدارەکردنی وڵات، مافی بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردران و. . .

دەستەی٣- ئەو خاڵانەن کە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تاک لە خۆدەگرێت: مافی کار کردن، مافی هەڵبژاردنی کار، مافی بەشداری لە یەکیەتیی کرێکاران، مافی کەڵک وەرگرتن لە مەرەخەسی و بیمە و . . .

## دەقی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

بەم هۆیەوە کە بەڕەسمی ناسینی ئابڕوو و کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و، مافی وەک یەک و حاشا لێ نەکراوی ئەوان، بناعەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنێ، بەم هۆیەوە کە وەبەرچاونەگرتن و سووکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان ئازارداوە و، پێکهێنانی جیهانێک کە تیایدا مرۆڤ لە بیروڕا دەربڕیندا سەربەست و، لە ترس و هەژاری بە دوور بن، وەک بەرزترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە؛

بەم هۆیەوە کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی قانوونەوە پشتیوانییان لێ بکرێ تا مرۆڤ ناچار نەبێ لە دژی ستەم و بێدادی وەک دواچارە پەنا بباتە بەر یاخی بوون، بەم هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێ پشتی بگیرێ، بەم هۆیەوە کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوای خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئابڕوو و کەرامەت و بایەخی تاکەکانی مرۆڤ و، بەرابەریی مافەکانی ژنان و پیاوان، لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندۆتەوە و، بڕیاریان داوە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدەن و، لە بەر ڕووناکاییی ئازادیدا،

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر، باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێکبێنن؛

بەم هۆیەوە کە دەوڵەتانی ئەندام بەڵێنیان بە خۆیان داوە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، کار بۆ ڕێزگرتنی هەمەلایەنە، چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بکەن، بەم هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی ئەم ماف و ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوەبچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە؛

کۆمەڵەی گشتی، ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و میللەتان ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە، هەموو دەم ئەم جاڕنامەیەیان لە بەرچاو بێ و هەوڵ بدەن بە هۆی فێرکردن و ڕاهێنانەوە، ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە پەرە پێ بدەن و، بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بەڕەسمی ناسران و باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندام و چ لە نێو خەڵکی ئە و سەرزەوییانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندان، دابین بکەن.

ماددەی ١:

هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری ئابڕوو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەکدا بەرابەرن. هەموویان خاوەنی عەقڵ و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجوڵێنەوە.

ماددەی ٢:

١) هەر کەسێک دەتوانێ بێ هیچ جیاوازی دانانێک بەتایبەتی لە باری ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند(جنس)، زمان، دین، بیروڕای سیاسی یان هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاوگیرانی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان

کۆمەڵایەتی، سامان، لە دایکبوون یان هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئە و ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لە و جاڕنامەیەدا هاتوون.

٢) هەروەها نابێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لەسەر بناغەی پایەی سیاسی، قەزایی یان نێونەتەوەییی وڵاتێک یان سەرزەوییەک کە مرۆڤێک پێیەوە بەستراوەتەوە، ڕەچاو بکرێ، چ ئەو وڵاتە یان سەرزەوییە سەربەخۆ بێ، یان لە سایە و لەژێر چاوەدێریی وڵاتێکی دیکەدا بێ یان خودموختار نەبێ، یان سەروەرییەکەی بە جۆرێک بەرتەسک کرابێتەوە.

ماددەی ٣:

هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایش و تەناهیی تایبەتی خۆی هەیە.

ماددەی ٤:

هیچ مرۆڤێک نابێ بکرێتە کۆیلە یان بندەست و، کۆیلایەتی و کڕین و فرۆتنی کۆیلان بە هەر شێوەیەک بێ، پێشی پێ دەگیرێ.

ماددەی ٥:

هیچ کەسێک نابێ ئەشکەنجە بدرێ یان بکەوێتە بەر ڕەفتار و سزای زۆردارانە و دژی ئینسانی و، سووکایەتیی پێ بکرێ.

ماددەی ٦:

هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کەسایەتییە قانوونییەکەی لە هەموو جێیەک بەڕەسمی بناسرێ.

ماددەی ٧:

هەمووان لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ جیاوازی دانانێک لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەمووان مافی ئەوەیان

هەیە لە بەرانبەر هەر جیاوازی دانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکاو، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازی دانانە بەڕێوە بچێ، وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.

ماددەی ٨:

لە بەرانبەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و، ئەو مافانە بەهۆی دەستوور یان هەر قانوونێکی دیکەوە دانیان پێدانراوە، هەر کەسێک مافی هانا بردن بۆ دادگا نەتەوەییە بڕواپێکراوەکان و داواکردنی پێراگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە.

ماددەی ٩:

هیچ کەسێک نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێ یان دوور بخرێتەوە.

ماددەی ١٠:

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە ئەوپەڕی بەرابەری، لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن، بەئینساف و ئاشکرادا بە کێشە و سکاڵاکەی ڕابگەن و، دادگایەکی ئەوتۆ دەبێ لە بارەی مافەکان و پێویستییەکانی وی یان هەر تاوانێک کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.

ماددەی ١١:

١) هەر کەسێک بە هەر تاوانێک تاوانبار کرابێ، هەتا ئە و کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لەخۆ کردنی بۆ دابین کرابێ، تاوانباربوونی وی بە شێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتووە، بە بێ تاوان دەژمێردرێ.

٢) هیچ کەسێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی کارێک یان ئەنجامنەدانی کارێک کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی مافە نەتەوەیی یان

نێونەتەوەییەکان بە تاوان نەناسراوە، مەحکووم ناکرێ. هەروەها هیچ کەسێک نابێ بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئە و تاوانە دیاری کراوە، مەحکووم بکرێ.

ماددەی ١٢:

هەر چەشنە خۆتێهەڵقورتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، کاروباری بنەماڵەیی، ماڵ و شوێنی مانەوە و نامە نووسینی هیچ کەسێک، هەروەها هەر کار و کردەوەیەک کە زیان بە شەرەف، نامووس، ئابڕوو و ناوبانگی کەسێک بگەیەنێ، مەحکوومە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە خۆتێهەڵقورتاندن و هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە لە لایەن قانوونەوە پشتی بگیرێ.

ماددەی ١٣:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە نێو هەر وڵاتێکدا ئازادانە هاتوچۆ بکا و بە ویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێرێ.

٢) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێک بە وڵاتەکەی خۆشییەوە بەجێ بێڵێ یان بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

ماددەی ١٤:

١) لە بەرانبەر ستەم وچەوساندنەوەدا، هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕێ و، پەنا بباتە بەر وڵاتێکی دیکە.

٢) کەسێک سەبارەت بە تاوانی گشتی و ناسیاسی و بەهۆی کردەوەی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ئامانج و ڕێوشوێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕاوەدوونان، ناتوانێ لەم مافەی کەڵک وەربگرێ.

ماددەی ١٥:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە (دەوڵەتنامە- مافی هاونیشتمانەتی) پێ بدرێ.

٢) هیچ کەس نابێ لە خۆوە لە "تابعیت" یان لە مافی گۆڕینی دەوڵەتنامە بێبەش بکرێ.

ماددەی ١٦:

١) هەر ژن و پیاوێک کە گەیشتنە تەمەنی خۆناسینەوە، مافی ئەوەیان هەیە بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ سنوورێک لە باری ڕەگەز، نەتەوایەتی یان ئایینەوە، ببنە ژن و مێرد و، ژیانی هاوبەش پێک بێنن. لە تەواوی ماوەی ژن و مێردایەتی و هەروەها لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژن و پیاو لە کاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەش، مافی وەک یەکیان هەیە.

٢) پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دەبێ بە ڕەزامەندیی تەواو و ئازادانەی ژن و پیاو بێ.

٣) خێزان کۆڵەکەی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە و دەبێ لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ بکرێ.

ماددەی ١٧:

١) هەر کەسێک چ بە تەنێ یان بە شێوەی بەکۆمەڵ مافی خاوەنەتی (موڵکدار)ی هەیە.

٢) هیچ کەسێک نابێ لە خۆوە لە مافی خاوەنەتی بێبەش بکرێ.

ماددەی ١٨:

هەر کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و دینی هەیە. ئەم مافە پێویستی بە ئازادیی گۆڕینی دین یان بیر و باوەڕ و، هەروەها ئازادیی دەربڕین و ئاشکرا کردنی بیروڕا لە چوارچێوەی فێرکردنی ئایینی، بەجێهێنانی

ڕێوشوێنەکان و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا، چ بە شێوەی تەنیا یان بەکۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی یان گشتیی هەیە.

ماددەی ١٩:

هەر کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕینی هەیە و، ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ و نیگەران نەبێ و، لە بەدیهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچووندا، ئازادانە و بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە ڕابگا.

ماددەی ٢٠:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێ.

٢) هیچ کەسێک نابێ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکرێ.

ماددەی ٢١:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای نوێنەرانێک کە ئازادانە هەڵیاندەبژێرێ، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵاتی خۆیدا بەشدار بێ.

٢) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پیشە گشتییەکانی وڵاتی خۆی بەدەست بێنێ.

٣) خواست و ویست و بڕیاری خەڵک، بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەتە. ئەو بڕیارە دەبێ لە هەڵبژاردنی بێ فێڵدا کە بە شێوەیەکی دەورەیی بەڕێوەدەچن، خۆی دەربخا. هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەری و یەکسانیی تێدا ڕەچاو

بکرێ، بە دەنگدانی نهێنی بێ یان بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکا.

ماددەی ٢٢:

هەر کەسێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە و، بۆی هەیە بەهۆی یارمەتی و هاوکارییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، ئە و مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی بۆ پاراستنی ئابڕوو و کەرامەت و گەشەکردنی ئازادیی کەسیەتیی خۆی پێویستنی، بە سەرنجدان بە ڕێکخراوە و سەرچاوەکانی وڵات، وەدەستیان بێنێ.

ماددەی ٢٣:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کار بکا، کاری خۆی بە ئازادی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگای ڕەزامەندی بۆ کار تێدا کردن داوا بکا و، لە بەرانبەر بێکاریدا پشتیوانیی لێ بکرێ.

٢) هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بێ جیاوازی دانان لە بەرانبەر کاری وەک یەکدا، هەقدەستی وەک یەک وەربگرن.

٣) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بۆ داکۆکی لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەگەڵ کەسانی دیکەدا سەندیکا و یەکیەتی پێک بێنێ، یان بچێتە نێویانەوە.

ماددەی ٢٤:

هەر کەسێک مافی حەسانەوە و پشوودان و کەڵکوەرگرتنی لە کاتی ڤالا هەیە و، بەتایبەتی مافی دیاریکردنی سەعاتەکانی کار و پشووی دەوریی بەمز هەیە.

ماددەی ٢٥:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابینکردنی سڵامەتی و ئاسوودەییی خۆی و بنەماڵەکەی، بەتایبەتی لە باری خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاوەدێرییە پزیشکییەکان و خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبێ. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی یان بێوەمێردی، پیری و، لە تەواوی ئەم حاڵەتانەدا کە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسە و ئامرازەکانی ژیان و بەڕێوەچوونی لە دەست دەرچوون، لە باری کۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بکرێ.

٢) دایکان و منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتی و چاوەدێریی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ. هەموو منداڵێک چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی شەرعی بن، چ ئەوانەی بە ناشەرعی هاتوونەتە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەک یەک لە باری کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.

ماددەی ٢٦:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندن و پەروەردە بکرێ. پەروەردە و فێرکردن و لانی کەم خوێندنی سەرەتایی و بناغەیی، دەبێ بەخۆڕایی بێ. خوێندنی سەرەتایی ئیجبارییە. فێرکردنی تەکنیکی و پیشەیی دەبێ بکرێتە گشتی و، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەرز دەبێ بە یەکسانیی تەواوەوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایە و توانای خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن.

٢) ئامانجی پەروەردە و فێرکردن دەبێ پێگەیاندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی ئینسان و برەودان بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە

بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردە و فێرکردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی باشتر و، وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقم و گرووپە ڕەگەزی یان ئایینییەکاندا بێ و، هەروەها یارمەتیی پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا.

٣) دایک و باب لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدە و فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن.

ماددەی ٢٧:

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی کولتووریی کۆمەڵدا بەشداری بکا و نەخشی هەبێ و چێژ لە هونەر وەربگرێ و بەشداری لە پێشکەوتنی زانستی بکا و سوود لە دەسکەتەکانی وەربگرێ.

٢) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پشتیوانیی قازانجە ماددی و مەعنەوییەکانی بەرهەمە زانستی، ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ.

ماددەی ٢٨:

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییدا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بێ کە ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا بە تەواوی دابین بکا و، بەڕێوەیان ببا.

ماددەی ٢٩:

١) هەر تاکێک تەنیا لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکدا کە گەشەکردنی ئازادانە و هەموولایەنەی ئەوی مسۆگەر کردووە، ئەرکی دەکەونە سەر شان.

٢) هەر کەسێک لە بەکارهێنانی مافەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆیدا، تەنیا لە بەرانبەر ئەو لەمپەرە قانوونییانەدا ملکەچە کە بە مەبەستی

بەڕەسمی ناسین و ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و، بە نیازی لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە ئەخلاقییە دادپەروەرەکان، بە نیازی نەزمی گشتی و خێر و خۆشیی هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا، پەسندکراون.

٣) ئەم ماف و ئازادییانە نابێ بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئامانجەکان و ڕێوشوێن و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دژایەتیدا بن.

ماددەی ٣٠:

هیچ یەک لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم جاڕنامەیە نابێ بە جۆرێک مانا بکرێنەوە کە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێک، کۆمەڵەیەک یان کەسێک کە بە پێی ئەو، بۆ لە نێوبردنی ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا تێبکۆشن.

## پاشکۆی ٢: بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب

هاونیشتمانانی بەرێز!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

ئەندامان و کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی حیزب!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبەکەمان و تێکۆشەرێکی بەنرخی ڕێگای دێموکڕاسی و خودموختاریتان پێ ڕادەگەینێ.

هاوڕێی تێکۆشەر "سەلام عەزیزی"، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٧٨(١٢ی ژووئیەی ١٩٩٩)، لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە کۆیە تووشی نەخۆشییەکی کوتوپڕ هاتبوو، لەسەر پێشنیاری دوکتورەکانی نەخۆشخانەی حیزب دەستبەجێ بۆ عیلاج کران، ڕەوانەی بەغدا کرا. بەڵام هەموو حەول و تێکۆشانی دوکتورەکان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی کە سەکتەی مەغزی بوو، بەداخەوە بێ ئاکام مایەوە و ئەو هاوڕێ خۆشەویستەمان سەعات ٩ی شەوی هەینی، ٢٤ لەسەر ٢٥ی پووشپەڕ (١٥ لەسەر ١٦ی ژووئیە)، بۆ هەمیشە چاوی لەسەر یەک دانا

و ماڵئاواییی یەکجارەکیی لە بنەماڵە و هاوسەنگەران و کوردستانی خۆشەویستی کرد و درێژەدانی ڕێگای دوور و درێژی تێکۆشان لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەیدا، بۆ تێکۆشەرانی حیزبەکەی بەجێ هێشت.

هاوڕێ سەلام عەزیزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە گوندی عەزیزکەندی ناوچەی بۆکان لە دایک بوو. تا ٥ی سەرەتایی لە گوندی" دونگوز"ی بۆکان دەرسی خوێند. دوای ئەو ماوەیە ٣ ساڵ لە لای مامۆستایانی ئایینی درێژەی بە خوێندن دا. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی کردە مەدرەسەی علوومی دینی لە شاری مهاباد و هاوکات لەگەڵ خوێندن لەو شوێنە، دەورەی دەبیرستانیشی تەواو کرد و لە شاری ورمێ بوو بە مامۆستای قوتابخانە. ساڵی ١٣٥٠ لە ڕشتەی حقووقی زانستگەی تاران وەرگیرا و پاش تەواو کردنی دەورەی زانستگە، لە دادگوستەریی ورمێ بوو بە قازی و دوای ماوەیەک بوو بە سەرۆکی دادگوستەریی بۆکان.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هەستی بەهێزی کوردایەتی لە کاک سەلامدا، بوون بە هۆی ئەوە کە ساڵی ١٣٥٨ هەموو پلە و پایەیەکی ئیداری و هەر جۆرە مەقام و بەرپرسایەتییەکی حکوومەتی بەجێ بێڵێ و پاشماوەی ژیانی لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاریی هاونیشتمانانی لە بێ مافی و ژێرچەپۆکەیی و دیکتاتۆری تەرخان بکا.

هاوڕێی بەرێز سەلام عەزیزی لە ژیانی حیزبایەتیدا بە هەموو هەست و توانا و فیداکارییەوە تێکۆشا و، بە لێهاتووییەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبییەکانیدا، یەک لە دوای یەک بڕی. ساڵەکانی ٦٠ و٦١ ئەندامی

هەیئەتی ئیجراییی کۆمیتە شارستانی بۆکان و ساڵەکانی ٦٢و٦٣ ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بوو. ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسیارەتیی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتی وەئەستۆ گرت. بە دوای کۆنگرەی حەوتەمی حیزب لە ساڵی ١٣٦٥ڕا تا بەهاری ٦٨، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە بەغدا بوو. ساڵی ١٣٦٨ بەرپرسیارەتیی فێرگەی سیاسی-نیزامیی پێ سپێردرا. لە پاییزی ١٣٦٨ڕا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کرا و تا دواکاتی ژیانی لەو پۆستە گرینگەدا مایەوە. لەو ماوەیەدا بەرپرسیارەتیی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و دواتر بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنیماڵیی حیزبی لەسەر شان بوو. لە ساڵی ١٣٧٤یشەوە تا کاتی ماڵئاواییی یەکجاری لەگەڵ هاوسەنگەرانی، وەک بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی-نیزامی لە خزمەت حیزبەکەی دابوو.

هاوڕێ سەلام عەزیزی لە ماوەی دوو دەیە تێکۆشانی حیزبایەتیدا، هەموو توانا و زانستی خۆی بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکانی حیزب تەرخان کرد. ئەو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەی حیزب بوو. بەرانبەر بە حیزب و ڕێبازەکەی ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕیدا ناهومێد و لەرزۆک بوون بەدەی نەکرا.

کاک سەید سەلام، ئینسانێکی خەڵکی و خاکی، دڵپاک و مەجلیس خۆش و کادر و بەرپرسێکی لێوەشاوە و خۆشەویست بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لەدەستدانی کاک سەلام عەزیزی، بەرێوەبەرێکی بە ئەزموونی لە دەست دا و گەلی کوردیش تێکۆشەرێکی وەفاداری ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسیی لە دەست چوو.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەم بۆنەیەوە وێڕای غەم و پەژارەیەکی زۆر بۆ لەدەستدانی ئەو هاوڕێ بەڕێزە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری و هاوسەنگەرانی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا و دڵنیایان دەکا کە ڕێگای کاک سەلام و هەموو ڕێبوارانی ڕێگای دێموکراسی، هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان، هەروا بەردەوام دەبێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک سەلام عەزیزی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و ئێران.

نەمری بۆ ناو و یادی کاک سەلام و سەرکەوتن بۆ حیزبەکەی و ڕێگا و ڕێبازەکەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

٢٥ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی

١٦ی ژووئیەی ١٩٩ی زایینی

**بۆ مامە سەلام**

ساڵی ١٩٤٦ی زایینی، لە گوندێکی بچووکی کوردستان بە نێوی عەیزکەند، لە بنەماڵەیەکی جووتبەندەدا منالّیك لە دایك بوو کە بانگی بە گوێدا خوێندرا و بە سەلام نێودێر کرا. ناوێك کە زۆر لە کاراکتەری هێدی و هیمنانە و کەسایەتیی مەندی ئەو دەوشایەوە. بە پاشناوی عەزیزی دەناسرا کە لە پێشدا ئازیزی باوان و دۆستانی بوو و دواتر بوو بە ئازیزی گەلەکەشی.

بە هۆی ئەوەی بابم برای نییە، من و براکانم بە ڕەفیقە نزیکەکانی بابمانمان دەگووت مامە، یەکێك لەو دەستەبرایانەی بابم، کاك سەلام بوو کە ئەمن بە مامە سەلامم ناسیوە و لە یادمدا ماوە. ژیانی ئیمە پڕە لە مرۆڤ کە بە پێی چەشنی پەیوەندییەکانی نێوانمان، ئاسەواریان بەسەر ژیان و گوزەران و بگرە لەسەر کەسایەتیمانەوە دەمێنێتەوە. لە حافزەی کورت یان درێژخایەنماندا جێ دەگرن یان لە یاد و زەینماندا بزر دەبن. مامە سەلام لەو بەشە لە دۆستان بوو کە یاد و بیرەوەریی خۆش و بایەخداری لە زەین و یادمدا هەر زیندووە.

ئینسانەکان جگە لە پێگەی سیاسی، زانستی یان کۆمەڵایەتییان، بە خو و خدە و تواناییەکانیان لە ژینگەکەیاندا دەناسرێنەوە. کاتێك کە کرۆنۆلۆژیی ژیانی مامە سەلام لە سەر خەتی زەمان و مەکاندا هەڵدەسەنگێنین، پیاوێکی پڕعەزم، خاوەن جورئەت، لە پێش زەماندا، مرۆڤێکی بە پلان و بەرنامە، ئاشقی خوێندن و زانست دەبینین.

سەردەمی دەیەی بیست هەتا چلی هەتاوی، ئێران وڵاتێکی لەڕادەبەدەر دواکەوتوو، وێرانەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو. خوێندن زۆر بڕەوی نەبوو و لە زۆرجێگایان مزگەوتەکان تەنیا شوێنی فێربوون بوون. لە

وەها سەردەمێکدایە کە مامە سەلام بۆ خوێندن و فێربوونی زانست ئەوگونداوگوند دەکات، دواتر کە دەراوی خوێندنی لە ناوچەکە لێ دەگیرێ، ڕوو لە مەدرەسەی علوومی دینیی مهاباد دەکات و هاوکات لە گەڵ دەرسی دینی، دەس دەکات بە خوێندنی ئاسایی. بو بردەنەسەری توانایی زانستی بە حەز و هێزێکی زۆرەوە شار و ناوچە جیاوازەکانی ئێران دەکات و هەتا پلەی ئاکادیمیك و بوون بە مافناس لە هەوڵ و تێکۆشانی زانستی ڕاناوەستێ. هەموو فازەکانی خویندن و خۆبارهێنانی لە پەنای کاری ڕۆژانە بۆ بژیوی ژیان بەڕێوە بردووە. ئەوە نیشانەی عەزم و ئیرادەیەکی بە هێز و خولیایەکی گەورەیە بۆفێربوون و نوێگەرایی لە ژیاندا. ئەو پەندە بە ناوبانگە لاتینییە پڕ بە باڵای مامە سەلامە کە دەڵێ: "یان ڕێگایەك دەبینمەوە یان ڕێگایەك ساز دەکەم".

سەردەمی گەنجیی مامە سەلام، دەورانی هاتنەگۆڕ و گەشەی بیری چەپ و عەداڵەتخوازی لە کۆمەڵگای ئێراندا بوو. کاریگەریی ئەو ڕەوتە سەرانسەرییە بە سەر کوردستانیشەوە دیار بوو و بە تایبەتی جموجوڵی گوندییەکان لە دژی ئاغاوەتی ناوچەکە لە گۆڕیدا بوو. سەردەمی مانەوەی لە مهاباد، هەوڵی بەرچاوی دەدا بۆ یارمەتیی ئەو جوتیارانەی کە لە لایەن ئاغاوەتەوە زوڵمیان لێ دەکرا. کاتێك بۆ خوێندن ڕووی لە دەرەوەی کوردستان کرد، دۆستانی خۆی لە بیر نەکرد و هەموو هاوینان هەر وەك ڕابردوو، سەردانی خزمان و دۆستانی دەکرد و گوند بە گوند و شار بە شار پێیاندا دەگەڕا و بەسەری دەکردنەوە.

دوای مانەوەی لە ورمێ، گەڕاوە بۆ شاری بۆکان و سەرۆکایەتیی دەزگای دادگوستەریی بە دەستەوە گرت. گەیشتنی مامە سەلام بەو پلە ئیدارییە، نیشاندەری جێگۆڕکێیەکی کۆمەڵاتییش بوو؛ کوڕی جووتبەندەیەکی کورد، بەڕێوەبەری عەداڵەتی شارێکی کوردیی بەدەستەوە گرتبوو. ئەگەرچی ئینقلابی ئێران و دواتر شەڕ لە کوردستان مەودای زیاتری پێ نەدا کە لەو بوارەشدا زۆر

خۆ دەربخات. بەڵام هەرچەند کورتخایەنیش بێ، بە هۆی تێگەیشتن و زانیاری لە کۆمەڵگای عورفیی کوردستان و لە هەمان کاتدا، شارەزایی لە مافی مەدەنی، توانی پێش بە سەرەڕۆییی هێزە ئینتزامییەکان لە ناوچەکەدا بگرێ و هەروەها کەلتووری قانوونمەندبوون پەرە پێ بدات.

ئابراهام لینکۆڵن دەڵێ: "ئەگەر دەتهەوێ کاراکتەری کەسێك لە مەحەك بدەی و بیناسی، دەبێ دەسەڵاتی بدەیەی و ئەو جار بڕوانی کە چۆنی بەکاردێنێ. " مامە سەلام، چ ئەو کاتەی لە کوردستان بوو و لە دەزگای بۆروکراسی و کۆمەڵگادا خاوەنی پلە و پایە بوو و چ دواتر، قەت فەخری بەسەر کەسدا نەفرۆشت و کەڵکی نابەجێی لە دەسەڵاتەکەی وەرنەگرت. ئەوەندە کەسایەتییەکی دەوڵەمەندی هەبوو، کە خۆی لێ بزر نەدەبوو و بایەخێکی مرۆڤیی بۆ هەموو ئەوانەی کە تووشی هاتبان دادەنا و بە ڕێزەوە لەگەڵیان هەڵسوکەوتی دەکرد.

لەو ماوەیەی کە شاری بۆکان لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوو، مامە سەلام لە گەڵ ئەوە کە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران نزیك بوو، بەڵام ڕۆڵی موسلیحێکی لە نێوان کۆمەڵە و حیزبدا دەگێڕا بۆ پێشگرتن لە تێکهەڵچوون و یان کەم کردەنەوەی گرژییەکانی نێوانیان. ئەوکاتەش کە هەموو ژیانی تەرخانی سیاسەت کرد، هەروەك هەمیشە پلە بە پلە و بە عەزم و ئیرادەیەکی زۆرەوە و بە مودیرییەتی باشی زەمان، لە سەردەمێکی زۆر جیاوازتر لە پێشو و لە مەکانێکی جیاوازتر، گەیشتە ناو دەستەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات.

مامە سەلام، لەگەڵ دۆستان و ئاشنایانی پیاوێکی بەبەقا و بەئەمەگ بوو. لە هیچ دەورەیەکی ژیانیدا دۆستانی خۆی لە یاد نەکرد و هەوڵی پەیوەندیی دەگەڵ دەدان. بۆ ئاخر جار مامە سەلامم لە سەر تەختی نەخۆشخانەیەك لە پاریس چاو پێ کەوت. ئەگەرچی وەزعی لە باری تەندروستییەوە لەبار نەبوو،

بەڵام بە دیتنمان زۆر خۆشحاڵ بوو. چ پێشتر و چ دواتر نامەی بۆ دەنووسیم و هەرجار پێداگریی لە سەر ئەوە دەکرد کە دەرس بخوێنم، ئاگام لە ماڵ و منداڵم بێت و خۆمان لە بیر نەچێتەوە.

ژیانی کورت بەڵام پر کۆشش و هەڵسووڕانی، دەکرێ ببێتە نموونەیەك بۆ بەرەی ئێستامان. مامە سەلام لەو مرۆڤە دەگمەنانە بوو کە دوو چەمکی "ویست" و "توانای" زۆر سەرکەتووانە لێکتر نزیك دەکردەوە و لە ئاکامدا هێز و توانای لێ وەردەگرتن. بۆ وێنە ئەوکات کە ویستی ئەوەی هەبوو کە پلەی خوێندن و زانستی بەرێتە سەر، بەڵام ئیمکانی پێویستی نەبوو، دەستەوەستان نەدەوەستا و هەوڵی خولقاندنی هەلی دەدا و کەرەسە و ئیمکانی بۆ دەدۆزییەوە و بەو شێوەیە لە جیاتی ڕاوەستان، لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای پێشوەچوون و سەرکەوتندا بوو.

ئەو زۆر بە باشی دەیزانی کێیە، چی دەوێ و چ دەتوانێ، هەر بۆیە لە ڕەوتی ژیانی کورت و پڕ بەهرەیدا، تواناکان و هەلەکانی زۆر بەباشی بەکار دەهێنا.

بە داخەوە حیکایەتی ژیانی ئەو ئینسانە بەوەج و ئازیزە، زۆر زوو بە دەستی زستانی مەرگ سڕ کرا، بەڵام یاد و بیرەوەری و تایبەتمەندییەکانی بۆ دۆستان و هۆگرانی هەر زیندووە. یادی بەخێر و بەو ئاواتەی مرۆڤی لە گوێن مامە سەلاممان زۆر بن.

**سەلاحەددین مەجیدپوور**

**جولای ٢٠٢٠ هۆلەند**

# سەلام عەزیزی لە چەند وێنەدا



مەدرەسەی علوومی دینیی مەهاباد



مەهاباد - ساڵی ١٣٥٠



بەڕێز هەواڵی تێکۆشەر سید سلام عزیزی

پاش سلاوێکی گەرمی برایانە

برای بەڕێز.
زۆر سپاسی یارمەتی و خزمەتی ئێوە دەکەم و هیوادارم لەمەودوا هەنگاوی گرینگتر لە ڕێگای خزمەت بە گەلی کورد هەڵبێنی.
لەو هەل و مەرجە ناسکەدا داواتان لێ دەکەم زیاتر لە جاران یارمەتی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بدەن. بۆ خزمەتی باشتر ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان قەبوول بکەن.
سەرکەوتنی ئێوە ئاواتمە

براتان

عبد الرحمن قاسملو
سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
٣/٤/١٣٥٩



بۆکان - هاوینی ١٣٥٩



نۆبار - هاوینی ١٣٦١





کۆمیته شارستانی سەردەشت - سالی ١٣٦٤



بەغدا - ساڵی ١٣٦٧



فێرگەی حیزب لە قەندیل – ساڵی ١٣٦٨




١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٩



١




کۆنگرەی ٩، کۆنگرەی قاسملوو - بەفرانباری١٣٧٠ (دێسامبری١٩٩١)



ژووری کار لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

## چەند وێنە لە دەستنووسەکانی سەلام عەزیزی


تاریخی ی حقوق ١

حقوق زیاتر بە ٢ مانا بەکار دەبرێ.

الف: حقوق بریتییە لە «مجموعەیەک قانوون و مقررات

بەسەر ئینسانەکان دا لەو بارەوە کە لە کۆمەڵ دا دەژین

اعمال دەکرێ و بەڕێوە دەچێ».

ئینسان موجودێکی اجتماعییە و لە نێو کۆمەڵ دا دەژی

ویست و داخوازی ئینسانەکان زیاتر وەک یەک دەچن و ئینس


کەم و زۆر خوازیاری ماناغ و ... باشتر بۆ خۆیانن. لەب

کە تضاد منافع بە ... لە نێو ئینسانەکان دا پەیدا دەبێ. بۆ

پێویستە قانوون و مقرراتێک هەبێ کە پێوەندی ئینسانەکان

کۆمەڵ دا رێک بخات ... و کەم و کوڕییەکان چارەسە

بەم مجموعەی ئەو یاسا و مقرراتە دەگوترێ «حقوق».


نیزام و سیستمی حقوقی لەجیهان دا

١ - حقوقی ئوروپای غربی (رومی - ژرمنی)

ئەو نیزامە لە ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا (بیجگە لە ئ

کومنیست) و ئەمریکای لاتین بەرێوە دەچێ


یش و مەنبای ئەو نیزامە حقوقیە قوانین حقوق روم / تعلیمات

ع / بیرو ئەفکاری ئازادیخوازان و حقوقزانان

س تعلیمات قوا لەو نیزامە دا بەرێوە دەچێ.

- نیزامی حقوقی (کامن لو)

نیزامە لە ئەمریکا - ئنگلیس - کانادا دا (بیجگە لە


(( ملت (نەتەوە) و حق حاکمیت ملی

نەتەوە بریتی یە لە :


« کۆمەڵێک ژمارەیەک خەڵک کە بە هۆی عوامل ی جوراوجوری مێژوویی لە سەرزەمینێکی هاوبەش داکۆبوونەوە و بە زمانێکی قسەدەکەن و فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە » و بیروبۆچوونی ئاینی نزیکیان پێکەوە هەیە.

مادەی ۳ ی قانوونی ئەساسی فەرانسە دەڵێ :

« حق حاکمیت هی نەتەوەیە (ملت) کە دەرەسەر نوێنەرانی خۆی لە ڕێگای [illegible] بەڕێوەی دەبا.

مادەی ۳ ی اعلامیەی حقوق بشر فەرانسە دەڵێ :

« قوودرەت ناشی لە نەتەوەیە (ملت) و هیچکەس ناتوانێ اعمال قوودرەت و حاکمیت بکا لە ولات دا مەگەر ئەوەی کە لە لایەن خەڵکەوە ئیزنی پێ درابێ.



«مشخصات»ی و تایبەتمەندی «القواعد حقوقی»

زۆر تایبەتمەندی بۆ «القواعد حقوقی» باس کراوە کە

«اتفاق نظر» لەسەر گەورەی دانیە. لێرەدا بەگشتی باسی ئەوە

وارەوە دەکەین.

١ـ ئیجباری بوونی قواعد حقوقی : بۆ ئەوەی حقوق بـ

کە دابین کراوی نظم لە ناو کۆمەڵ دایە نەگات وەکو

بەرێوەبردنەکەی ئیجباری بێت. قانونیش باری ئیجباری


بە حقوق داناوە.

٢ـ بەرێوەبردنی قواعد حقوقی وەک لەلایەن دەوڵەتەوە

بکرێ. هەر ئەوە تێگەیشتنی «ضمانت اجرائی» پێ بە حق

٣ـ قاعدەی حقوقی دەبێ «کلی و عمومی»ی و بەیەکسانی بەرێو

بچێ



(٤) «فلسفهٔ وجودی دەوڵەت لەروانگەی حقوقەوە»

لەبەر ئەو دەلیلانەی خوارەوە

١ـ ئینسان بوجودێکی اجتماعیە .

٢ـ لەنێو کۆمەڵدا تضاد منافع و ناکۆکی ئینسانەکان دێتە گۆڕێ .

٣ـ بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و تنظیم پیوەندی ئەفراد لەنێو کۆمەڵدا
پێویستە

ـ قانون ومقررات ، کاتێک بە هەموو خەڵک دەگا کە
ک وە بەرێوە چوونەکەی لەلایەن دەوڵەت وە «تضمین» بکرێ

جا بوو بۆ تنظیم ونیزام و دەوامی کۆمەڵ دەوڵەت پێویست

ئەوە، هیچ کاتەوە غەیری دەورەی (اشتراکی ابتدایی) کە

لە دەورەکان دا ١ـ دەورانی بردەداری ـ دەوران

دەوران سەرمایەداری ← دەوڵەت وە ...


کوردستان و
کۆماری ئیسلامی
باسێک لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی شەستای
کوردستانی ئێران
سنام عزیزی

# Kurdistan and the Islamic Republic

## An Inquiry into the Liberation Movement of the Iranian Kurdistan

Salam Azizi

